# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (444) دووشەممە 2017/2/6 - 17ی ڕێبەندان 2716 (750) دینار




## پیاوە مەترسیدارەکەی کەنەدا لە کوردستانە



ڕووداو- زاخۆ

دادگای کەنەدا بە یەکێک لە "مەترسیدارترین" کەسەکانی ئەو وڵاتە ناوی بردووە، لەگەڵ هاوڕێکانی پلانی کوشتنی کەسێکی داناوە، دواتر کەسەکە کوژراوە، ئەو و چەند هاوڕێیەکی دادگایی کراون. ئەو کەسە "مەترسیدارە" کوردە و خەڵکی زاخۆیە، لەو ماوەیەدا لەلایەن حکومەتی کەنەداوە دیپۆرتی کوردستان کراوەتەوە.

بارزان تێلی، ئەندامی گرووپێکی چەتەگەری بووە لە کەنەدا، دوای دیپۆرتکردنەوەی بە (ڕووداو)ی گوت "لە 2005 پەیوەندیم بە گرووپێکەوە کرد بەناوی (UN) کە نزیکەی 200 کەس بوون. سێ لە ئەندامانی ئەو گرووپە کورد بوون و خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون. زۆربەی ئەندامانی گرووپەکەش ڤێتنامی بوون".

میدیاکانی کەنەدا، بارزان تێلی وەکو سەرۆکی دیفاکتۆی گرووپەکە دەناسێنن. حکومەتی کەنەدا بەردەوام چاودێریی ئەم گرووپەی کردووە. بارزان پێش ئەوەی دیپۆرت بکرێتەوە، وەک خۆی دەڵێت چوار جار سزا دراوە، دوایین جار لەسەر کوشتنی کەسێک بووە کە دادگا بە 14 ساڵ بەندکردن سزای داوە.

2

ترەمپ پڕچەککردنی یەپەگە ڕادەگرێ؟

17

لە هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی عێراقدا بە تێکڕا 50 پەرلەمانتار غائیبن

5

گۆڤارەکەی داعش:

ناوچەی ئارام خەونی پەکەکە لەبار دەبات

6

# بە چوار برا خوشکەکەی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکەن

3







## (جوان) نێرەمووکە و دوای نەشتەرگەریی یەکلاکردنەوەی ڕەگەزەکەی دەچێتە ئوسترالیا

ڕاپۆرتە هەواڵ 2

کەس منداڵە ئەشکەنجەدراوەکانی ئاخجەلەر لەخۆناگرێت



ئابووری 8

ساڵانە 12 ملیۆن دۆلار بۆ کرینی گێزەر دەچێتە دەرەوە

کۆمەڵایەتی 13

تەرمی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە ماڵەکەیدا دەدۆزرێتەوە



تەندروستی 15

لە ساڵێکدا 5000 کەس لە کوردستان تووشی شێرپەنجە بوون



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە ( 444 ) - دووشەممە 2017/2/6



## کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر: دەتوانن گەشت بکەن

رووداو- هەولێر

ڕۆژی یەکشەممە 2017/2/5 کونسوڵخانەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "ئەوانەی خاوەنی ڤیزان دەتوانن گەشت بۆ ئەمریکا بکەن. ئەو کەسانەش ڤیزاکانیان بەسەرچووە یان ڕەتکراوەتەوە، دەتوانن دواکاری نوێ پێشکەش بکەن". کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر ڕایگەیاندووە "بەپێی ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە ڕێگەی لە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرت چەند بەندێکی دیاریکراوی فەرمانی سەرۆکایەتی ژمارە 13769 جێبەجێ بکات، ئەو عێراقیانەی هەڵگری ڤیزای ئەمریکین و ڤیزاکانیان بەشێوەی فیزیکی هەڵنەوەشێندراوەتەوە، ئێستا دەتوانن گەشت بکەن ئەگەر ماوەی ڤیزاکانیان بەسەر نەچووبێت".

# یەکێک لە مەترسیدارترین پیاوەکانی کەنەدا لە کوردستانە



**دادگای کەنەدا:**
**بارزان تێلی مەترسییە بۆ سەر هەموو کەسێک**

یوسف موسا
رووداو- زاخۆ

دادگای کەنەدا بە یەکێک لە "مەترسیدارترین" کەسەکانی ئەو وڵاتە ناوی بردووە، لەگەڵ هاوڕێکانی پلانی کوشتنی کەسێکی داناوە، دواتر کەسەکە کوژراوە، ئەو و چەند هاوڕێیەکی دادگایی کراون. ئەو کەسە "مەترسیدارە" کوردە و خەڵکی زاخۆیە، لەو ماوەیەدا لەلایەن حکومەتی کەنەداوە دیپۆرتی کوردستان کراوەتەوە.

بارزان تێلی، ئەندامی گرووپێکی چەتەگەری بووە لە کەنەدا، دوای دیپۆرتکردنەوەی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی هەندێ لەکارەکانی خۆی دەکات لە کەنەدا، هەروەها باسی هۆکاری دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوەی بۆ کوردستان دەکات.

تێلی دەڵێت "لە 2005 پەیوەندیم بە گرووپێکەوە کرد بەناوی (UN) کە نزیکەی 200 کەس بوون. سێ لە ئەندامانی ئەو گرووپە کورد بوون و خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون. زۆربەی ئەندامانی گرووپەکەش ڤێتنامی بوون".

سەبارەت بە کاری ئەو گرووپە، بارزان تێلی دەڵێت "90%ی کاری ئێمە وەرگرتنەوەی قەرزی خەڵک بووە. خاوەن قەرزەکان دەهاتنە لامان، لەسەر بڕە پارەیەک بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکە ڕێکدەکەوتین. ئەگەر گیانی خۆشمان لەسەر دانابایە، قەرزەکەمان وەردەگرتەوە".

گرووپ یان عەسابەی (UN) لە ناوچەی ڤانکۆڤەر چالاک بووە لە ویلایەتی بریتش کۆڵۆمبیا کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای باشووری ئەو وڵاتە، ناوی گرووپەکەش ئاماژەیەکە بۆ کەسانی سەر بە نەتەوەی جیاواز کە لەو گرووپەدا کۆبوونەتەوە.

بەگوێرەی هەواڵی میدیاکانی کەنەدا، بارزان تێلی چۆلی، بۆ کوشتنی چەند کەسێک لە گرووپێکی دیکەی عەسابە لە ڤانکۆڤەر پلانی دارشتووە. ئەو گرووپە بەردەوام لەگەڵ گرووپەکەی بارزان لە ململانێدا بووە لەسەر باڵادەستبوون لەو ناوچەیە. بارزان لە بەردەم دادگایەکی کەنەدا دانی بەوەدا ناوە و پلانەکەشی لەنێو تەلەفۆنەکەی کە جۆری ئایفۆنە، ئاشکرا بووە.

میدیاکانی کەنەدا، بارزان تێلی وەکو سەرۆکی دیفاکتۆی گرووپەکە دەناسێنن. حکومەتی کەنەدا بەردەوام چاودێریی ئەم گرووپەی کردووە. بارزان پێش ئەوەی دیپۆرت بکرێتەوە، وەک خۆی دەڵێت چوار جار سزا دراوە، دوایین جار لەسەر کوشتنی کەسێک بووە کە دادگا بە 14 ساڵ بەندکردن سزای داوە.

پێش ئەوەی دەستگیر بکرێ، نیشاندانی ئەو گرووپە لە میدیاکان بەهەموو شێوەیەک قەدەغە بووە. بەڵام دوای ئەوەی چیرۆکەکە بۆ میدیا ئاشکرا بوو، کەناڵێ وا هەبووە پارەیەکی زۆری داوەتە بارزان، بەڵام ئەو ئامادە نەبووە قسەی بۆ بکات. بارزان دەڵێت "دەرهێنەرێکی کەنەدی 100 هەزار دۆلاری دا بەرامبەر بە دیدارێک بۆ نێو فیلمەکەی، بەڵام لەبەر ڕێساکانی گرووپەکەی ئێمە، کەس لە ئێمە بۆی نەبوو قسە یان زانیاری بداتە ڕاگەیاندن، بۆیە ڕەتمکردەوە".

بارزان لەبارەی ژیانی لە گرتووخانەدا دەڵێت "سزاکەم لە 14 ساڵەوە بۆ هەشت ساڵ کەم کرایەوە و دواتر ئازاد کرام"، بەڵام ڕەتیکردەوە کەسی کوشتبێ "من کەسم نەکوشتووە، نۆ کەس لە ئەندامانی گرووپەکەمان بەو تۆمەتە دەستگیرکران، بۆیە ئەو تۆمەتە درایە پاڵ ئێمە، چونکە بەدوای کوشتنی کەسێکەوە بووین، ئەو کەسەش لەلایەن گرووپێکی دیکەوە کوژرا، کەچی بەسەر ئێمەدا ساغ بووەوە".

دەستگیرکردنی بارزان لەنێو میدیای کەنەدیدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە جۆرێک زۆر کەس داوایان کرد لە کەنەدا دەربکرێ. بارزان تێلی دەڵێت "حکومەتی کەنەدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویانکردەوە کە بارزان تێلی دیپۆرتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، ڕۆژی 2017/1/16 بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد".

بەپێی یاساکانی کەنەدا، هەر کۆچبەرێک دەستگیر بکرێ و دوای دادگایی بە دوو ساڵ بەندکردن یان زیاتر سزا بدرێ، دیپۆرت دەکرێتەوە. بارزان دەڵێت "بەپێی یاساکانی کەنەدا هەتا حەوت ساڵی دیکە مافی ئەوەم نییە بگەڕێمەوە ئەو وڵاتە".

دادوەر جانیس دیلەن لە دادگای باڵای تاوانەکانی کەنەدا لەکاتی دادگاییکردنی بارزان تێلی، ڕایگەیاند "بارزان و هاوڕێیەکانی مەترسین بۆ سەر هەموو کەسێک لە کەنەدا و کۆمەڵگەی کەنەدی".

بارزان تێلی چۆلی، ساڵی 1982 لە ناحیەی باتیفا سەر بە شارۆچکەی زاخۆ لەدایک بووە، ئەو کاتەی تەمەنی 16 ساڵ بووە لە کەمپی ماردین بوون لە باکووری کوردستان. دواتر لە ساڵی 1999 چووەتە کەنەدا، خێزاندارە و باوکی کچێکە.

### با عایدی خۆمان بێت

بارزان تێلی، ئەندامی گرووپی (UN) دەڵێت "خەڵکی کەنەدا بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانیان بڕوایان بە حکومەت نییە، چونکە سکاڵا تۆمارکردن بۆ وەرگرتنەوەی قەرز ماوەیەکی زۆری دەخایاند، جگە لەوەش دانەوەی پارەکە دەکەن بە قیست، بۆیە خاوەن قەرزەکان پەنا بۆ گرووپی عەسابە دەبەن". بارزان باسی ڕێککەوتنی نێوان گرووپەکان و خاوەن قەرزەکان دەکات و دەڵێت "لەگەڵ خەڵک ڕێکدەکەوتین 25%ی قەرزەکە بۆ ئێمە بوو، ڕازیش دەبوون".

هەروەها دەڵێت: "کورد دەهاتنە لای من و بەبێ بەرامبەر ئەو کارەم بۆ دەکردن، بەڵام لە کەنەدا کورد کەمترین کێشەیان هەیە".

---

**دایکیان لەماڵەوە دەریکردوون**

# کەس منداڵە ئەشکەنجەدراوەکانی ئاخجەلەر لەخۆناگرێت

**مامی منداڵەکان:**
**چیتر توانای بەخێوکردنی ئەو منداڵانەم نەماوە**





دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

ئەو سێ مێردمنداڵەی لە ئاخجەلەر کە لایەن باوک و زڕدایکەکەیانەوە بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە درابوون و دوای ئاشکرابوونیان زڕدایک و باوکەکە دەستگیرکران، منداڵەکان گەڕێندرانەوە لای دایکی ڕاستەقینەی خۆیان، بەڵام ئێستا دایکیان دەڵێت چیدی توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی نییە و کەسیش ئامادە نییە بەخێویان بکات.

"ئەگەر ئەو سێ منداڵە لەلام بمێننەوە خۆم دەسووتێنم" ئەمە قسەی کوڕە گەورەی ئەو ژنەیە کە چەندین ساڵ لە ڕۆڵەکانی دوور بووە، بەڵام پاش ئەوەی منداڵەکانی پێدرایەوە، نەیتوانی لە چەند مانگێک زیاتر بەخێویان بکات.

بڕیار، کوڕە گەورەی (س) بە (رووداو)ی گوت "دایکم ئێمەی خۆشنەویست و پێیدەگوتین هەستی دایکایەتیم نییە و سۆزم نەماوە بۆ ئێوە. ڕۆژێک لەگەڵ خوشکەکانم شەڕمان کرد، گوتی دەبێت بڕۆن و ئەم ماڵە بەجێبهێڵن، ئەگەر لێرە نەڕۆن خۆم دەسووتێنم".

بێستوون کە مامی ئەو سێ منداڵەیە، قسەکانی بڕیار پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "دایکی گوتوویەتی من ناتوانم بەخێویان بکەم، هەستم نییە بۆیان، چونکە ئەم منداڵانە پەروەردەیەکی باش نەکراون و زوو زوو شەڕ دەکەن و قسە بە یەکدی دەڵێن".

بە گوتەی بێستوون کە ئێستا سێ منداڵەکە لەلای ئەون "کەس ئەو سێ منداڵە ئەشکەنجەدراوە لەخۆ ناگرێت. خزم و کەس هەموو گەڕانەوە دواوە و بەڵێن و قسەی ئەوانەش کە پێشتر بۆ چارەسەر و هاوکاریکردنی ئەو منداڵانە دابوویان و کردبوویان، هیچی ڕاست دەرنەچوو".

بێستوون دەشڵێت "من کرێچیم و دوو منداڵیشم هەیە، بەخێوکردنی سێ مێردمنداڵی ئاوا کە ئەشکەنجە دراون و 90%ی جەستەیان کەمئەندام بووە، بەبێ هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەوی زۆر سەختە".

لەبارەی پاڵپشتیی حکومەت و خێرخواز و ڕێکخراوەکانیش بۆ ئەو منداڵە ئەشکەنجەدراوانە، مامی منداڵەکان دەڵێت "تاوەکو ئەمڕۆ جگە لە دوو سەنتەر، کەس لە حاڵی ئەم منداڵانەی نەپرسیوەتەوە و هەموو بەڵێنەکان درۆ و پڕوپاگەندە بوون".

دوای بڵاوبوونەوەی کەیسی ئەو منداڵانە لە بەرنامەی (هۆت لاین)ی تەلەڤزیۆنی (رووداو)دا، پزیشکێک بەناوی محەممەد مەحموود ئامادەیی خۆی دەربڕی، نەشتەرگەریی بۆ ئەو منداڵانە بکات. بێستوون دەڵێت "ئەو منداڵانە نزیکەی 25 نەشتەرگەرییان پێویستە، بەڵام ئەوە بەبێ پاڵپشتیی حکومەت و خێرخوازان و ڕێکخراوەکان ناکرێ".

لەبارەی برا و براژنەکەشیەوە کە باوک و زڕدایکی منداڵەکانن، بێستوون دەڵێت "هەتا ئەمڕۆ سکاڵام لە دژی برا و براژنەکەم تۆمار نەکردووە، وا بڕوات پاش چەند مانگێک ئازاد دەکرێن و لە بەندیخانە دێنە دەرەوە، چونکە من ناتوانم سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەم، لەکاتێکدا باری دارایی ئەوەندە خراپە کە منداڵی خۆشم بۆ بەخێو ناکرێت، ئەو منداڵانە لانەیەکیان نییە، لەکاتێکدا 5 منداڵی دیکەی براکەم و ژنە زیندانیکراوەکەی وا خەریکە پەرتەوازە دەبن، چونکە ئێستا لەلای خوشکی براژنە زیندانیکراوەکەمن".

دەشڵێت "من کرێکارم، خوشکی براژنەکەم هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنم بۆ دەکات و داوام لێدەکات 5 منداڵەکەی دیکەش بهێنمە لای خۆم، چونکە ئەو دەڵێت من ئامادە نیم بەخێویان بکەم و وەرن بیانبەنەوە، بەڵام من بەم بارودۆخەوە کە هیچ شوێنێکم نییە چۆن دەتوانم 10 منداڵ بەخێو بکەم و لەخۆیان بگرم؟".

دکتۆر محەممەد مەحموود، پزیشکی نەشتەرگەری جوانکاری و ڕێککاری کە چارەسەری سەرەتایی بۆ سێ مێردمنداڵەکە کردووە، بە (رووداو)ی گوت "من ئامادەم نەشتەرگەری بۆ هەرسێ منداڵەکە بکەم، بەڵام کێشەی ئەو منداڵانە زۆر قووڵە، سەرەتا ئەو منداڵانە پێویستیان بە دامەزراندنەوەی ژیان و جێگیرکردنی باری دەروونی هەیە، ئەمە لە نەشتەرگەرییەکان گرنگترە".

ئەو پزیشکە دەشڵێت "ئێمە هێشتا نازانین کێ بەرپرسیارێتی ئەو منداڵانە هەڵدەگرێت، تاوەکو دەست بە نەشتەرگەری بکەین، هەرچەندە مامی پێیگوتووین لای من جێگیر دەبن".

بەگوتەی دکتۆر محەممەد، هەرسێ منداڵەکە پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە، بەڵام کچە گەورەکەی بە پلەی یەکەم پێویستی بە 15 بۆ 20 نەشتەرگەری هەیە.

عومەر گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ئێمە ئاگادارین کە دایکی خۆیان ئامادە نییە لەخۆیان بگرێت، هەروەها خاڵی و خزم و کەسەکانی دیکەیان لەخۆیان ناگرن. ئێمە سەردانیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هۆکارەکەی چییە". هەروەها گوتی "ڕێکخراوی وچانمان ڕاسپاردووە کە هاوکارە لەگەڵماندا و پزیشکی تایبەتی دەروونی بۆ منداڵەکان گرتووە، بەدواداچوونی بەردەوامیشمان بۆ کەیسەکە هەیە".

---

# چەندین خێزان باوەش بۆ منداڵە ئەشکەنجەدراوەکەی هەولێر دەکەنەوە



**بەڕێوەبەری تەندروستیی هەڵەبجە:**
**ئامادەم بیکەم بە کوڕی خۆم**

**ژنە بازرگانێک: کارزان بدەنەوە باوکی پەنا بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی ئەورووپا دەبەم**

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

چەندین خێزان ئامادەن باوەش بۆ ئەو منداڵەی شاری هەولێر بکەنەوە کە لەلایەن باوکییەوە ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە و چەندین شوێنی جەستەی داخکراوە. بەڕێوەبەری تەندروستیی هەڵەبجە کە یەکێکیانە، دەڵێت "ئامادەم کارزان بە کوڕی خۆم قبوڵ بکەم".

ڕۆژی 2017/1/30 پۆلیسی هەولێر گرتەیەکی ڤیدیۆیی منداڵێکی دانیشتووی شاری هەولێری بڵاوکردەوە بەناوی کارزان کە لەلایەن باوکییەوە ئەشکەنجە درابوو، پاشان منداڵەکە و باوکی و زڕدایکی قسەیان بۆ بەرنامەی هۆتلاین لە کەناڵی (رووداو) کرد. لە دوای پەخشکردنی بەرنامەکەوە چەندین خێزان ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بۆئەوەی کارزان لە باوەش بگرن.

رووداو زانیویەتی کارزان لەلایەن خێزانێکی دیکەوە زیاتر لە چوار ساڵ پەروەردە و بەخێوکراوە. زولەیخا حوسێن کە چوار ساڵ کارزانی بەخێوکردووە، بە کوڵ دەگریا و دەیگوت "دڵم نەدەهات بڵێم لێرە هەستە و بچۆ ئەوێ". زولەیخا کە دواتر کارزانی لە شاشەی (رووداو)ەوە بەوجۆرە بینیوە، دەڵێت "وەک پرسەم هەبێت کێشام بە خۆمدا و هاوارم کرد وەرن کارزان لەسەر تەلەڤزیۆنە".

زولەیخا کە دایکی شیریی کارزانە، باسی چیرۆکی دایکایەتیکردنی کارزانی کرد و گوتی "دراوسێیەکم هەبوو بەناوی سۆزان، زۆر تێکەڵ بووین، نەخۆش بوو، چووم بۆ لای بینیم منداڵێکی تەمەن سێ مانگ و نیوی لەلا بوو دەگریا، پرسیم ئەو منداڵە کێیە، گوتی کوڕی برامە، لە هاوژینەکەی جیادەبێتەوە و منداڵەکەی پێ بەخێو ناکرێت، هێناویەتی بۆ لای من، بەڵام منیش ماڵ و منداڵم هەیە و ناتوانم بەخێوی بکەم، بۆ ماڵێکی باش دەگەڕێین بیاندەینێ".

زولەیخا دەگێڕێتەوە، سەر لانکەکەی هەڵداوەتەوە، دەسرازەی لانکەکەی شل کردووەتەوە، منداڵەکە دەستی بۆ بەرزکردووەتەوە و دەستی ناوە بە سنگییەوە. زولەیخا دەڵێت "سۆزم بۆی جوڵا، وامزانی منداڵی خۆمە، گەڕامەوە ماڵەوە بە هاوژینەکەم گوت دەمەوێ ئەو منداڵە بەخێوبکەم، ئەویش پێیگوتم ئێمە حەوت منداڵمان هەیە، بەو مەرجە ڕازیم بەخێوی بکەی لەگەڵ منداڵەکانی خۆت جیاوازییان پێ نەکەی".

زولەیخا بە تامەزرۆییەوە باسی ئەو منداڵە دەکات "زیاتر لە چوار ساڵ بەخێوم کرد، منداڵی ساوام نەبوو، تەنیا لەبەر شیردان بە کارزان، منداڵێکی دیکەمان هێنا دونیا".

کاوە سیامەند، هاوژینی زولەیخا دەڵێت، بە شایەتیی دوو کەس ئەو منداڵەی لە باوکەکەی وەرگرتووە "بە باوکی کارزانم گوت سبەی نەیەی داوای بکەیەوە، ئەویش گوتی بۆ تۆ و من نامەوێ". گوتیشی "کارزان لە ناسنامە ناوی ئەنەس بوو، من کردم بە کارزان".

دوای چەند ساڵێک، باوکی کارزان لەگەڵ هاوژینی سێیەمی دێنە ماڵی سۆزانی خوشکی و کارزان لە کۆڵان دەبینێت و بە هاوژینەکەی دەڵێت ئەمە کارزانی کوڕمە، ئەو ژنەش دەڵێت لێیان وەربگرەوە من بەخێوی دەکەم، بۆیە منداڵەکەیان لەو خێزانە وەردەگرنەوە.

کاوە سیامەند دوای بەرنامەکەی تەلەڤزیۆنی رووداو، سەردانی بارەگای تەلەڤزیۆنی کرد و هەموو ئامادەییەکی دەربڕی بۆ ئەوەی دووبارە کارزان لەخۆبگرنەوە.

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی هەڵەبجەش یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە لەڕێگەی رووداوەوە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ لەخۆگرتنی کارزانی تەمەن شەش ساڵان.

دکتۆر هونەر جەعفەر، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە، بە (رووداو)ی گوت "من یەک منداڵم هەیە، ژینگە و باری دەروونی و ماددیم ڕێگەپێدراوە بۆ بەخێوکردنی منداڵ، حەز دەکەم کارزان ببێتە کوڕی من".

دکتۆر هونەر هەروەها دەڵێت "لە کارزاندا هیوا و ژیان دەبینم، کاتێک کارزانم لە رووداو بینی، زۆرم خۆشویست، کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو، خاوەنی ئەتەکێتێکی بەرز و بە ئەدەب بوو، کارزان دەزانێت کەی پێبکەنێت و کەی بگریت و کەی قسە بکات، ئەمە سەرنجی منی زۆر ڕاکێشا، زانیم بۆ ئەوە دەبێت کە بەخێوی بکەم".

هاوکات خانمە بازرگانێکی خەڵکی سلێمانی بەناوی گوڵەباخ جەعفەر، زۆر بە تاسەوە داوای کارزان دەکات. ئەو ژنە ساڵانێک لە سوید ژیاوە و خاوەنی دوو منداڵە کە هەردووکیان خاوەنی ڕەگەزنامەی سویدین، گوتی "ئامادەم کارزان بکەمە منداڵی سێیەمم، خاوەنی سەرمایەیەکی باشم، دەتوانم هەموو داواکارییەکانی جێبەجێ بکەم، تەنانەت ئامادەم ڕەگەزنامەی سویدی بۆ دەربکەم".

گوڵەباخ پێشتر لە خانەیەکی بێسەرپەرشتان کاری کردووە، ئەو دەڵێت "هەستی مرۆڤایەتیم وای لێکردم داوای کارزان بکەم. داوا لە حکومەت و یاسا دەکەم کارزان نەگەڕێننەوە بۆ باوکە دڕندەکەی. کارزان بگەڕێنرێتەوە لای باوکی، پەنا بۆ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەورووپا دەبەم".

ڕووداو
ژمارە ( 444 ) - دووشەممە 2017/2/6

# بە چوار برا خوشکەکەی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکەن





عوبەید ڕەشاڤەیی
ڕووداو- هەولێر

خەڵکی دهۆکــە و تاوانەکەی تەنیا ئەوەیە کە نێرەمووکە. دەڵێت براکانی ئەشـکەنجەی زۆریان داوە و ماوەی ساڵ و نیوێک لە ماڵەوە بەندیـان کردووە، جارێکیش لەنێو باخێکدا لە دەرەوەی شار، زیندەبەچاڵیان کردووە، بەڵام دایکی فریای کەوتووە و ڕزگاری کردووە.

لــە خانەی جێندەری سـەر ناسـنامەکەی جواندا نووسـراوە "نێر"، بەڵام ڕەگەزی جوان نێرەمووکە، خۆیشـی دەڵێت "ڕەگـەزم زیاتر بـەلای کچاندا دەچێت، هەر بۆیە سـەرەتا لە قوتابخانەی کچان بووم".

## بە زۆر ناردیانە قوتابخانەی کوڕان

جوان کە ئێسـتا لە ترسـی ئەشـکەنجەی براکانی هەڵاتووە و لە ئیستانبوڵە، لە ڕێگەی تەلەفۆنـەوە بەسـەرهاتی خۆی بـۆ (ڕووداو) گێڕایـەوە و گوتـی "لە پۆلی یەکـی ناوەندی هەسـتمکرد کوڕ نیم، بەڵام نەیانهێشت بچمە قوتابخانـەی کچان و چوومە نێو کوڕان، ژیانم لــە قوتابخانــە زۆر ناخۆش بــوو. پۆلی دووم تەواو نەکرد و بەهۆی گوشاری براکانم وازم لە خوێندن هێنا".

ئەو کچە لە ناسنامەکەیدا ناوێکی کوڕانەی هەیە، بەڵام حەز دەکات بە جوان بانگی بکەن. ئەو دەڵێت ڕوخسـارە کچانییەکەی کێشـەی زۆری بۆ دروسـتکردووە. جوان گوتی "زۆرجار لە بازگەکان داوای ناسـنامەیان لێدەکردم کە لەسـەری نووسـراوە "نێر"، بەڵام کارمەندانی بازگـەکان گومانیـان بـۆ دروسـت دەبوو کە ناسنامەکەم ساختە بێت".

ئەوەی قەت لە بیـری ئەو کچە ناچێتەوە، هەڵسـوکەوتی توندوتیژ و سووک سەرنجدانی چـوار براکـەی بووە بـۆ ئەو. جـوان دەڵێت "زۆرجـار براکانـم پێیاندەگوتـم بـۆ ڕیشـت ناتاشـی؟ پێمدەگوتن، چی بتاشـم خۆ موومم پێوە نییە، ئەوان دەیانگوت مووس بەکاربهێنە با ڕیشت بێت".

## مەمکی خۆی دەبەستێ

تاکـە هاوسـۆزی جوان لەنێـو خێزانەکەی دایکی بـووە، ئەو دەڵێت لە ماڵەوە زۆر بێزار بوو، دواتر دایکی داوای لە ئامۆزایەکی کردووە جوان بباتە لای خۆی لە چێشـتخانە و کاری پێ بکات.

جوان گوتی "لە چێشتخانەی ئامۆزاکەم لە کاژێر شەشـی بەیانییەوە تاوەکو نۆی شـەو کارم دەکرد، ڕۆژانەکەم 25 هەزار دینار بوو، دوو ساڵ لە چێشتخانە کارم کرد، بەڵام یەک دینـارم نەدیـت، چونکە براکانـم پارەکەیان وەردەگرت".

جوان کە ئێسـتا تەمەنی 28 سـاڵە، لە درێـژەی گێڕانەوەی چیرۆکـی ژیانی خۆیدا گوتی "براکانم بەردەوام قسـەی ناخۆشیان پێدەگوتم، سەرزەنشتیان دەکردم. وازم لە چێشـتخانە هێنا، دواتر چوومـە هوتێلێک و لــەوێ جلـم دەشووشـت، جلـی کوڕانم پۆشـیبوو، تێپم لە مەمکم دابوو بۆ ئەوەی بەرز دەرنەکەون، بەڵام ئەو کارەشم تاوەکو سەر نەبوو".

## پەیوەندییەک ژیانی دەکاتە دۆزەخ

جـوان پێش ئـەوەی بە یەکجاری سـەری خـۆی هەڵبگـرێ و کوردسـتان جێبهێڵـێ، کورێـک دەناسـێت کـە بـە گوتـەی خـۆی کەسێکی زۆر ڕۆشنبیر بووە، بەڵام براکانی بە پەیوەندییەکەی دەزانن و ئەوەش بەس دەبێت بۆئەوەی ژیانی بە یەکجاری ببێتە دۆزەخ.

جوان باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە براکانی بە پەیوەندییەکەیـان زانیوە "نەمزانی چی بووە، هـەر ئەوەنـدەم زانی بە هـەر چواریان منیان بـردە ژوورێک و چی قسـەی ناشـیرین هەیە پێیانگوتم، ئەوەندەیان لێدام هەموو گیانم بوو بە خوێن، هەوڵیان دا بە چەقۆ مەمکم ببڕن".

## جوان لە تورکیاوە:
## ساڵ و نیوێک لە ماڵەوە بەند کرابووم

## کارمەندانی یوئێن بە بیستنی بەسەرهاتەکەم خەریک بوو شێت بن

## زیندەبەچاڵی دەکەن

براکانـی هـەر بەوەنـدە وازناهێنـن و دەیانەوێـت بیکـوژن. جـوان دەڵێـت "هەر چواریـان دەمانچە و کلاشـینکۆفیان پێبوو، منیـان خسـتە نێـو ئۆتۆمبێلێـک، برایەکم دەمانچەی خسـتە سـەر ڕانـم و پێیگوتم لە بازگەکان یەک قسـە بکەی دەتکوژم، منیش زۆر ترسام و نەوێرام هیچ بڵێم".

جـوان ئـەو شـەوەی زۆر بـاش لەبیـرە کـە براکانـی بردوویانـە بۆ کوشـتن "منیان بـردە نێـو ڕەزی باپیرم، بیرم دێت شـەوی سێشـەممە بـوو، شـەوێکی زۆر سـارد بوو، چاڵێکیـان هەڵکەنـد و هەردوو دەسـتەکانی منیان لە پشـتەوە بەستەوە، قاچەکانیشیان بەسـتمەوە. دواتر منیان خستە نێو چاڵەکە و زیاتر لە نیو مەتر خۆڵیان بەسـەردا کردم، تەنیا سـەرم دیار مابوو، ئینجا سـێ بەردی گەورەشیان هێنا و لەسەر چاڵەکەیان دانا".

جوان زۆر لەبەر براکانی پاڕاوەتەوە، بەڵام هیـچ سـۆزیان بـۆی نەجـووڵاوە "یەکێک لە براکانـم دوو هەفتە بـوو منداڵێکیان بووبوو، هـاوارم کرد بـۆ خاتری خودا و ئـەو منداڵە سـاوایەت، گوللەیەکـم لێبدە، بـەو ئازارەوە بەجێـم مەهێڵە، بەڵام وەڵامی نەدامەوە، هەر چواریان ڕۆیشتن و بەجێیان هێشتم".

## چۆن ڕزگاری بوو؟

جـوان دەڵێـت تـا لە ژیانـدا بمێنـێ ئەو شـەوەی لەبیـر ناچێتەوە "قەت ئەو شـەوەم بیرناچێتـەوە، بـە دەنگی گیانـەوەری کێوی تۆقیم، لە ترسان و لە سەرمان ئازاری جەستە خوێناوییەکەم هەر لەبیر نەمابوو".

جوان کە لە کاژێر 12ی ئەو شەوە تاوەکو کاژێـر 11ی ڕۆژی دواتر لـە نێو ئەو چاڵەدا ماوەتەوە، باسـی چۆنیەتـی ڕزگاربوونی لەو چاڵە دەکات و دەڵێت "ئەو شـەوەی براکانم وایان بەسەرهێنام، دایکم لە ماڵی خوشکێکم بـوو، بەیانـی کـە گەڕابـووەوە ماڵــەوە من لەوێ نەبووم، هەڕەشـەی لـە باوکم کردبوو ئەگـەر تاوەکو دوو سـەعاتی دیکە ئەو کچە نەهێننـەوە، دەچمـەوە ماڵـی باوکم و لەوێ خۆم دەکوژم".

ئـەو هەڕەشـەیەی دایکـی جـوان، کاریگەری لەسەر باوکی دەبێت و یەکسەر داوا لـە کوڕەکانـی دەکات ئەگـەر جوان نەهێننـەوە، دەیانکوژێـت. جـوان دەڵێت "نیـوەڕۆ دایکـم لەگەڵ براکانـم هاتن، کە دایکم منی بەو شـێوەیە بینی یەکسەر لە هۆش خۆی چوو. دواتر براکانم دەریانهێنام و بردمیان بۆ ماڵەوە".

جوان دەڵێت "دەسـت و قاچم ئاوسابوون، بەڵام براکانم لە ترسی پۆلیس نەوێران بمبەن بـۆ نەخۆشـخانە، چـواردە ڕۆژ لـە پێسـتی ئاژەڵیان گرتم، تاوەکو کەمێک باشتر بووم".

## ساڵ و نیوێک بەند دەکرێت

سـەرباری ئـەو ئەشـکەنجەدانە، براکانی هێشـتا وازناهێنن. جـوان دەڵێت "دوای ئەو ڕووداوە، ئیـدی نەیانهێشـت بچمـە دەرەوە، تەلەفۆنیـان لـێ قەدەغـە کـردم، تەنانەت نەمدەتوانـی سـەیری تەلەفزیۆنیـش بکـەم، کـە دایکم لـە ماڵـەوە نەبا سەرزەنشـتیان دەکـردم، جارێک دایکم چووە پرسـەیەک لە گوندەکەمـان، چلەی هاوین بوو، منیان بردە ژێر زەمین و سـۆپایان داگیرسـاند، تەنیا بۆ ئەوەی ئازارم بدەن".

گوتیشـی "سـاڵ و نیوێـک لـە ماڵـەوە بەندیان کردم".

## سەری خۆی هەڵدەگرێ

جوان، چیرۆکی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو کوڕەی خۆشـیدەوێت بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، قەناعەت بە دایکی دێنێ کە بچێتە دەرەوە.

"بە هاوکاریی هاوڕێکەم چووم بۆ سۆران، لەوێـوە بـە قاچـاخ چوومە گەڤەر و پاشـان ئیسـتانبوڵ، لەوێ خۆم ڕادەستی یوئێن کرد و کە بەسـەرهاتی خۆم بـۆ گێڕانەوە خەریک بوو شێت ببن".

کەیسەکەی جوان لە یوئێن پەسەند کراوە، بـە گوتەی خۆی لە مانگی مایسـی ئەمسـاڵ دەیبـەن بـۆ ئوسـترالیا. ئەو گوتـی "مانگی چواری ئەمسـاڵ نەشـتەرگەریم بۆ دەکرێت و ڕەگەزەکەم بە تەواوی دەبێتە کچ".

جـوان دەڵێـت ئامانجـی لـە گێڕانـەوەی چیرۆکەکـەی و ناردنی وێنەکانـی بۆ (ڕووداو) تەنیـا ئەوەیـە چیدی کەسـانی وەکـو ئەو لە کوردستان نەبنە قوربانی و یاسایەک هەبێ لە کوردستان بەرگری لە کەسانی وەکو ئەو بکات.

(ڕووداو) چەندین وێنەی جوانی لەلایە کە ئاسـەواری ئەشـکەنجەدان بەتەواوی لەسەر جەسـتەی نیشـان دەدەن، بەڵام بەباشـمان نەزانـی تـەواوی وێنـەکان بـڵاو بکەینەوە، ئەگەرچـی قوربانییەکە خـۆی هیچ لارییەکی لە بڵاوکردنەوەیان نەبوو، ئەوەش وەک خۆی گوتی، بۆئەوەی ببێتە هاندەرێک کە ڕەفتاری توندوتیژانە بەرامبەر ئەوانەی وەکو ئەو وان، ڕابگیرێ.

## ئاساییە ڕەگەزی بگۆڕێت

جوان لە ناسـنامەی باری شارستانییەکەی بـە "نێر" نووسـراوە. دادوەرێک دەڵێت ئەگەر ئەو کەسـە ڕەگەزی خۆی گۆڕی، ئاسـاییە لە ناسنامەکەشی ڕەگەزەکەی بگۆڕێت.

دادوەر ئەحمـەد کیکی لە دادگای دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "سـکاڵاکار دەتوانێت داوایەک ئاراسـتەی دادگای بـاری شارسـتانی بکات و داوای گۆڕینی ڕەگەز بکات. لەو حاڵەتەدا دادگا تەنیا پێویستی بە ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێت بۆ ئەوەی لە راسـتی و دروسـتیی ئەو ڕەگەزەی داوای دەکات دڵنیا بێت".

## "مانگانە نێرەمووکێک دێتە لام"

د.کامیـران جەلالەددین، پسـپۆڕی نەشـتەرگەریی میزڵدان لە دهۆک دەڵێت "مانگانــە حاڵەتێکی نێرەمووک دێتە لام، ئێمــە لە دهۆک ناتوانین نەشـتەرگەری بۆ هەموو حاڵەتێک بکەین، دوای بینینـی حاڵەتەکە ئێمە وەک تیم بڕیار لەسـەر نەشـتەرگەری دەدەین". د.کامیران کە تا ئێسـتا نەشـتەرگەریی گۆڕینی ڕەگەزی بۆ نۆ کەس کـردووە و ڕەگەزەکەی لە مێ کردوون بە نێر، هەروەها گوتی "پێشتر زۆرتر ئەو حاڵەتەمان بۆ دەهات کە تەمەنیان لە سەرووی 16 سـاڵانە، بەڵام ئێستا ڕۆشنبیریی دایکان و باوکان لەو بارەیەوە باشترە و زوو منداڵەکانیان دەهێننە لای ئێمە".

## ئاین چی دەڵێت؟

د.ئیسـماعیل سگێری کە مەلایەکی دیاری شاری دهۆکە، ئەو کەسانە بە "گوناهبار" دەزانێت کە بە چاوێکی کەم سەیری کەسانی وەکو جوان دەکەن و دەڵێـت "وەکو هەر نەخۆشـێکی دیکە، دەبێت خێزانـەکان هاوکاریی ئەو جۆرە کەسـانە بکەن تا ئەو کاتەی چارەسـەر دەکرێن". د.ئیسماعیل باسی ڕوانگەی شـەرعی بۆ گۆڕینی ڕەگەزی ئەو جۆرە کەسـانە دەکات و دەڵێت "ئەگەر دکتۆرەکان پێی بڵێن زیاتر سـیفاتەکانی لە کـوڕ دەچن، بەڵام خۆی بکات بە کچ ئەوە حەرامە و ئەو کەسە گوناهبار دەبێت".

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 444 ) - دووشەممە 2017/2/6



## زەردەشتییەکان سکاڵا لەدژی مەلایەک تۆماردەکەن

**رووداو– سلێمانی**

نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، سکاڵای دژی ئەو مامۆستا ئایینیە تۆمارکرد کە فەتوای کوشتنی پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی لە هەرێمی کوردستان دابوو. ئاواز حیسامەدین، نوێنەری ئایینی زەردەشتی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە بەردەم دادگای سلێمانی، رۆژی یەکشەممە 2017/2/5 داوای لە کۆمەڵی ئیسلامی و سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان کرد، هەڵوێستی روون و یەکلاکەرەوەیان لە بەرامبەر گوتەکانی ئەو مامۆستا ئایینە هەبێت کە کادیرێکی سەر بە پارتەکەی ئەوانە.

# شیعەکان بۆ رزگارکردنی عێراق لە هەولێر بوون

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**



### شیعەکان بۆ بارزانی:
## بەشێکی کورد لەگەڵ سەربەخۆیی نین

### بارزانی بۆ شیعەکان:
## پەرتەوازەکردنی کورد سەرناگرێ

### سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق:
## عێراق دوو ڕێگای لەپێشە، یان دابەشبوون یان دابەشبوون

هاوپەیمانیی شیعە لە هەولێر داوای "یەکپارچەیی و بەهێزکردنی عێراق" لە بارزانی دەکەن کە ئەو داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات. ئەوان لە هەولێر گوتیان "کورد بۆ سەربەخۆیی یەکدەنگ نین". بەڵام بارزانی بە شاندەکەی گوتبوو کە کار لەسەر دابەشکردنی کورد نەکەن. هەروەها گوتبووی "زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە کورد تەجروبەیەکی فاشیل لەگەڵ بەغدا دووبارە بکاتەوە".

شاندی هاوپەیمانیی شیعە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم هێشتا لە کورد بێ ئومێد نەبوون بۆ دروستکردنەوەی "عێراقێکی بەهێز". حەکیم ویستی پاڵپشتی هەولێر بۆ پرۆژەی رزگارکردنی عێراق بەدەستبهێنێ و بە ماڵی شیعی بڵێ کە من دەتوانم کورد بۆ بەغدا رابکێشمەوە. چونکە ئێستا نێوماڵی شیعە لە ململانێیەکی توندان. باڵی مالیکی و سەدر لەگەڵ شاندی حەکیم نەبوون بۆ هەولێر. مالیکی و سەدر تا سەر ئێسقان دژی یەکن.

عەمار حەکیم، یەکێک لە دیارترین کەسایەتییەکانی نێو ماڵی شیعە پرۆژەی "رزگارکردنی عێراق"ی پێبووە بۆ ئەوەی پاڵپشتی هەندێ لایەنی کوردستانی بەدەستبهێنێ. داواشیان کردووە کورد جارێ باسی جیابوونەوە نەکات.

شاندەکە دوو رۆژ بوو لە شاری هەولێر بوون و بڕیارە سبەی بچنە سلێمانی. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەزاری سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە، گفتوگۆی شاندی هاوپەیمانیی نیشتیمانی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر راشکاوانە بووە.

عەمار حەکیم کە سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقیشە، پرۆژەیەکی لەبارەی عێراقی ئایندە پێشکەشی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. حەکیم داوای لە بارزانی کرد رۆڵی کاریگەری هەبێ لە سەرخستنی پرۆژەکە. بەڵام بارزانی هەندێ لایەنی شیعەی بەوە تۆمەتبار کردووە کە ئەوان هۆکاری دابەشبوونی عێراق بوونە و زیانیان بە یەکڕیزیی کورد و شیعە گەیاندووە.

هاوپەیمانیی نێوان کورد و شیعە تاوەکو نووری مالیکی بۆ جاری دووەم بووەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەهێزترین هاوپەیمانی بووە لە عێراق، بەڵام دوای ساڵی 2013 کێشەکان گەیشتنە ئەو رادەیەی لە مانگی شوباتی 2014دا بە بڕیاری مالیکی، بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان بڕدرا.

لە ئەیلولی 2016 مەسعود بارزانی لە بەغدا و بۆ یەکەمجار بە شێوەیەکی فەرمی پرسی جیابوونەوەی کوردستانی لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتیمانی شیعە باسکرد.

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لە کۆبوونەوەی بارزانی و شاندەکەی هاوپەیمانیی نیشتیمانیدا بەشدار بووە، باسی پرۆژەی شاندەکەی کرد و بە (رووداو)ی گوت "شاندی هاوپەیمانی نیشتیمانی گوتیان دەمانەوێ لە عێراق دەوڵەتی هاونیشتیمانی دروست بکەین".

سەبارەت بە وەڵامی بارزانی بۆ شاندەکەی شیعە فوئاد حوسێن گوتی "بارزانی گوتی زۆر سەختە جارێکی دیکە کورد تەجروبەیەکی فاشیل لەگەڵ عێراق دووبارە بکاتەوە، ئێمە بە ئارەزووی خۆمان هاتووینەتە نێو عێراق و بە ئارەزووی خۆشمان دەردەچین. رێگەی دیکە هەن، ئەویش ئەوەیە دوو دراوسێی باش بین بۆ یەکدی".

بەڵام شاندی هاوپەیمانی شیعە گوتوویانە کورد هەموو یەک دەنگ نین لەسەر جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و هەموو لایەنەکان باسی سەربەخۆیی ناکەن.

فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە و وەک خۆی دەڵێ "موناقەشەی زۆر کرا"، گوتی "جەنابی سەرۆک بارزانی بە لایەنی شیعەی گوت بەڵێ دەستوەردان لە نێو ماڵی کورد لەلایەن هەندێ کەسەوە هەبووە کە ویستوویانە کورد بەشبەش بکەن، بەڵام ئەوە سەرناگرێ".

نەبوونی یەکدەنگی لەناو کورد لەبارەی پرۆژەی سەربەخۆیی بەلای شیعەکانەوە شتێکی نوێ نییە. بۆیە نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، چەند رۆژێک پێش ئێستا لە هەڤپەیڤینێکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی "هەندێ لایەنی کوردی هەن لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان نین".

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق نایشارێتەوە کە شیعەکان باش لە دۆخی نێوخۆی کوردستان تێگەیشتوون "لایەنی شیعە خاڵی لاوازی کورد دەزانن کە لایەنێک باسی سەربەخۆیی دەکات و لایەنی دیکە پێچەوانەی ئەوە قسە دەکەن".

حەمید موعەللە، ئەندامی شاندەکەی هاوپەیمانیی نیشتیمانی بۆ کوردستان لەبارەی مەلەفی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بە (رووداو)ی گوت "راستە مەلەفی سەربەخۆیی کوردستان باس کرا، بەڵام پێمانوایە هێشتا زووە بۆئەوەی کورد ئەو داوایە بکەن".

موعەللە گوتی "هاتبووین بۆ ئەوەی باسی عێراقی دوای داعش بکەین، ئێمە دەبێ پرۆژەیەکی سیاسیمان هەبێ کە چۆن عێراق لە دابەشبوون رزگار بکەین و پێگەی عێراق بەهێز بکەینەوە".

موسەننا ئەمین داوا دەکات ئەگەر کورد پرۆژەی شیعەکانی قبوڵ کرد، نەبنە فریادڕەسی عێراق، چونکە وەک خۆی باسی دەکات "بۆ کورد باش نییە ئەم بارە رووخاو و لارەی عێراق راست بکاتەوە".

موسەنا ئەمین کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووشە، پێیوایە کێشەکانی عێراق ئەوەندە گەورەن، بە هیچ لایەن و کەسێک چارەسەر ناکرێن "کێشەکانی عێراق ئاسان نین چارەسەر بکرێن، بۆ چارەسەری ئەو کێشانە تەنیا دوو رێگا هەیە: یان دابەشبوون، یان دابەشبوون".

# گۆڕان دەڵێ بەهۆی ناوچە کێشەلەسەرەکانەوە هەڵبژاردنمان دواخستووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**



### پەرلەمانتارێکی گۆڕان:
## دواخستنی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی گۆڕان خەتەرێکی گەورەیە لەسەر بزووتنەوەکە

### ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان:
## لە ئایندەیەکی نزیکدا هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان ئەنجام دەدەین

زمناکۆ جەلال، رێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، رەتیکردەوە بیانەوێ هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەکەیان دوابخەن بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و گوتی "لە ئایندەیەکی نزیکدا هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانمان دەکەین".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژە بۆ کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی بزووتنەوەکە دەکات لە مانگی 12ی ساڵی رابردوو کرا و بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریان دا هەڵبژاردنە نێوخۆییەکە بۆ ئایندەیەکی نزیک دوابخرێ، بەبێ دەستنیشانکردنی وادەکەی.

زمناکۆ جەلال بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لەبەر قەیرانی دارایی و بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا هەڵبژاردنەکان بۆ کاتێکی نزیک دوابخەین و هەموو ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنەکەش کۆتاییان هاتووە".

بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، کە لەچەند سەرچاوەیەکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، مانگی 11ی ساڵی رابردوو، جڤاتی گشتی بزووتنەوەکە پەیوەندی بە رێکخەری گشتی کردووە لە لەندەنە و داوایان لێکردووە رای خۆی بڵێ لە بارەی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەکە، ئەویش رەزامەندی خۆی بۆ دەربڕیون لەوەی دوای بخەن و دواتر لە مانگی 12ی هەمان ساڵ، جڤاتی گشتی بڕیاردا بە دواخستنی.

زمناکۆ جەلال، بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "لەبەر دۆخی سیاسیی و ئابووری بڕیارەکە دراوە. چونکە بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگەی کوردستان، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و گوزەرانی خەڵک، بڕیارماندا بە دواخستنی هەڵبژاردنەکانمان بۆ کاتێکی نزیکی داهاتوو:

بزووتنەوەی گۆڕان هەمیشە بە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی، خۆی لە حزبەکانی دیکە جیادەکردەوە کە لەکاتی خۆیاندا ناتوانن هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەن، بەڵام دواجار بۆ خۆشی بازی بەسەر دەستووره نێوخۆییەکەیدا دا و نەیتوانی لەوادەی خۆیدا سندووقەکانی دەنگدان لەبەردەم ئەندام و هەڵسوڕاوانیدا دابنێ.

بەپێی دەستووری نێوخۆیی گۆڕان، هەر دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان بۆ بازنە، رایەڵە و مەکۆکان دەکرێن.

زمناکۆ جەلال دەڵێ بەدڵنیاییەوە ناکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان "بەڵام ئەوەی کە پێویستە بڵێم هیچ کێشەیەک لەبەردەم ئەنجامدانیدا نییە جگە لەو قەیرانە داراییە و کێشە سیاسییەکان، چونکە بزووتنەوەکەمان دەیەوێ هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئەنجام بدات و هەموو ناوچەکان بگرێتەوە، بە ناوچە کێشە لەسەرەکانیشەوە".

لەو هەڵبژاردنانەدا لایەنگرانی گۆڕان ستافێکی چوار کەسی بۆ بازنەکان، سێ کەسی دیکەش بۆ رایەڵە پیشەییەکان و کەسێکیش بۆ مەکۆکان هەڵدەبژێرن. بەرپرسی مەکۆکانیش راستەوخۆ دەبنە ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە هاوشێوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانی دیکەیە.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەکە پێیوایە "دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ نێوبانگی بزووتنەوەکەیان باش نییە" و دەڵێ دەبوو لە هەموو دۆخێکدا ئەو هەڵبژاردنە بکرێ "بەڵام پاساوەکانیش شایەنی ئەوەن گوێیان لێبگیرێ، چونکە قەیرانی دارایی خەڵکی ماندوو کردووە. جگە لەوەش هەرێمی کوردستان لە قەیرانی سیاسیدایە و رەنگە بزووتنەوەی گۆڕانیش بەهۆی ئەو قەیرانانەوە نەتوانێ بەرێکوپێکی هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە و گوتیشی "هەرچەندە بەشێک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە لەگەڵ ئەوە نەبوون دوابخرێ، بەڵام بەڵێن دراوە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجام بدرێ، بەبۆچوونی من کاک نەوشیروان مستەفاش وەک رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵدەبژێردرێتەوە".

دواخستنی هەڵبژاردنەکان هەروا نیگەرانی و ناڕەزایەتی زۆرتری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکەی لێکەوتەوە. مەحمود رەزا ، پەرلەمانتاری بزوتنەوەی گۆڕان، لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە فەیسبوک نوسیبووی "بە گوێرەی زانیاری من کاک نەوشیروان پێش ئەوەی بچێ بۆ دەرەوەی وڵات، بە ژووری هەڵبژاردنی گوتووە نابێ بە هیچ بیانوییەک هەڵبژاردن دوابخرێ" . پەرلەمانتارەکەی گۆڕان دەشڵێت "ئەوە پێشێلکردنی برگەی سێیەم لە مادەی دووەمی دەستووری نێوخۆیی بزوتنەوەی گۆڕانە کە پەسەنکراوی کۆنگرەی یەکەمە".

مەحمود رەزا، پێیوایە، ئەمە خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ژیانی ناوخۆیی بزوتنەوەی گۆڕان و دەڵێت "ئێمە کە هەمیشە بە دەنگی بەرز دژی پێشێلکردنی دەستوری وڵات و قانونەکانین، نا بێ و ناکرێ رازی بین بەهیچ بیانووییەک دەستووری ناوخۆیی بزووتنەوەکەمان پێشێل بکرێ و هەڵبژاردنە ناوخۆییەکان دوابخرێن".

زمناکۆ جەلال دەڵێ "ناوچەک کوردستانییە کێشە لەسەرەکان ، بەلای گۆڕانەوە گرنگن و گۆڕان دەوێ لەو ناوچانەش هەڵبژاردن ئەنجام بدات، بەڵام لەم کاتەدا نەماندەتوانی لەو ناوچانە هەڵبژاردن ئەنجام بدەین، بۆیە دواخرا بۆ کاتێک دیکە".



## گۆڕان سکاڵای دژی کاکە حەمە تۆمارکرد

ڕووداو- سلێمانی

ڕۆژی 2017/2/5 بزووتنەوەی گۆڕان لە دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی، سکاڵای لەسەر محەممەد حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان تۆمارکرد. چێنەر عومەر، ئەندامی ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند "دوای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان مۆڵەتێکی دوو ڕۆژی بە سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستاندا بۆ ئەوەی پەشیمان ببێتەوە لەو لێدوانەی کە بۆ ڕادیۆی دەنگی ئەمریکای دابووی، گوایە بزووتنەوەی گۆڕان لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی هەشتی نەکەفراندا ڕێککەوتووە لەسەر دروستکردنی کۆمپانیا لەگەڵ باقی حیزبەکانی دیکەدا، بەڵام ئەو داوای لێبوردنی نەکرد، بۆیە ئێمە لەسەر ئەم تۆمەتانە سکاڵامان تۆمارکرد".

# مووچەی پەرلەمانتاران ڕێکدەخرێتەوە و دەرماڵەی بڕوانامەیان نامێنێ

ڕووداو- سلێمانی



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەنیازە لەو مانگەوە مووچەی پەرلەمانتاران ڕێکبخاتەوە و دەرماڵەی بڕوانامە نەهێڵێت. بڕیاردەری لیژنەی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەران دەڵێت "بەم ڕێکخستنەوەیە چەند سەت ملیۆن دینارێکی پەرلەمانتاران بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە".

لە دەستووری عێراقدا هاتووە، ئەنجوومەنی نوێنەران و دەستە سەربەخۆکان دەتوانن بودجەی خۆیان دیاری بکەن و دواتر دەخرێتە نێو بودجەی گشتییەوە. پەرلەمانیش ئەمساڵ بۆ یەکەمجار بودجەی خۆی داناوە و سەرۆکایەتیش سەرپەرشتی دانانی بودجەکەی کردووە. لە دانانی بودجەی پەرلەمانیشدا دەرماڵەی بڕوانامەی پەرلەمانتاران لابراوە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی دەستوور، دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی پەرلەمانتار بەرامبەر ماف و ئیمتیازاتی وەزیرەکانە کە ئەوەش لەلایەن حکومەتەوە دیاریکرابوو، بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتەوە بە بڕیارەکانی 282 و 333 مووچە و ئیمتیازاتی پەرلەمانتاری دیاری کرا، لە هەردوو بڕیارەکەشدا هەر پەرلەمانتارێک مووچەی 16 پاسەوانی بۆ خەرج دەکرێت کە مووچەی هەر یەکێکیان ملیۆنێک و 36 هەزار دینارە، بەڵام لەمەودوا تا پەسەندکردنی یاسای تایبەت بە پەرلەمان، بە بڕیاری ژمارە 282 مووچەی پەرلەمانتار دەدرێت.

بەپێی بڕیاری ژمارە 282 ، مووچەی بنەڕەتیی پەرلەمانتار پێنج ملیۆن دینارە و دەرماڵەی ژن و منداڵیشی بۆ هەژمار دەکرێت، بەڵام بە بڕیاری ژمارە 333 مووچەی بنەڕەتییەکەی چوار ملیۆنە و سەرەڕای ئەو دەرماڵانە، دەرماڵەی بڕوانامەشی بۆ هەژمار دەکرا کە بەو شێوەیە بوو: "دکتۆرا 100%، ماستەر 75%، بەکالۆریۆس 50%، دبلۆم 25%".

ئەحمەد حاجی ڕەشید پەسەندکردنی ئەو بڕیارەی بە دروست زانی و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەمساڵ بۆ یەکەمجار پەرلەمان بودجەی خۆی دیاری کردووە و بەو شێوەیەش مووچەی پەرلەمانتاران دادپەروەرانە دەبێت، بگرە چەند سەت ملیۆن دینارێکیش لە بودجەی ساڵی ڕابردوو کەمتر دەبێتەوە.

بەپێی یاساکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. ئەو کەسەی دەبێتە پەرلەمانتار، ئەگەر بڕوانامەی شەشی ئامادەییشی هەبێت ئاساییە. ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێت "پەرلەمانتاریی وەزیفەیەکی گشتییە و لە بنەماشدا گرنگ ئەوەیە پەرلەمانتار بڕوانامەی شەشی ئامادەیی هەبێت، لەبەرئەوە لە دەرماڵەکاندا حیسابکردن بۆ بڕوانامە کارێکی نامەعقوول بوو".

ئەو پەرلەمانتارە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە، گوتی "بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە بڕیاری 333 باشە، بەڵام بۆ ئەوانەی بڕوانامەیان نزمترە 282 باشترە، بەڵام ئەرکی پەرلەمانتار پەیوەندی بە چالاکبوونی کەسەکەوە هەیە، ڕەنگە پەرلەمانتار بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت، بەڵام بە قەد پەرلەمانتارێک کە بڕوانامەی شەشی ئامادەیی هەیە چالاک نەبێت".

بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، لە دوو ساڵی ڕابردووشدا هەندێجار پەرلەمانتاران بەو دوو بڕیارە مووچەیان وەرگرتووە، بەڵام پێیان باشبووە کاتێک بودجەکە هاتەوە لای خۆیان، بڕیارەکە بە تەواوی جێبەجێ بکەن. ئەحمەد حاجی ڕەشید گوتی "ئێستا کە پەسەندکردنی بودجەکە لای خۆمانە، جێبەجێی دەکەین. بڕیاریشە لەو مانگەوە ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێت، پێشتر پەرلەمانتاری بڕوانامەی دکتۆرا نزیکەی سێ ملیۆن دیناری زیاتر لە پەرلەمانتارێکی دیکە وەردەگرت کە ئەوەش دادپەروەرانە نەبوو".

سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و ئەنجوومەنی دادوەریش تائێستا بەپێی ماددەکانی دەستوور و پەیڕەوی نێوخۆیان کار دەکەن و یاسای تایبەت بە خۆیان نییە، پەرلەمان لە خوولی پێشتردا یاسایەکی تایبەت بەخۆی پەسەند کردبوو کە ماف و ئیمتیازاتی پەرلەمانتارانیشی تێدا جێگیرکرابوو، بەڵام لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە هەڵوەشاوەتەوە.

زانا ڕووستایی پەرلەمانتاریی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بە خۆیان لە سەرەتای ئەم خولەدا پڕۆژەیەکیان داڕشتووە و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، بەڵام گفتوگۆکانی تەواو نەبووە کە باسی ماف و ئیمتیازاتی پەرلەمانتارانیش کراوە.

ڕووستایی گوتی "ساڵی ڕابردوو کە خۆپیشاندانەکان هەبوون و ڕای خەڵک بەرامبەر پەرلەمان خراپ بوو، بە باش نەزانرا ئەو پڕۆژەیە بخرێتەوە بەرنامەی کارەوە، بەڵام هەوڵدەدرێت ئەمساڵ پەسەند بکرێ".

ئەو پەرلەمانتارەش لەگەڵ خەرجکردنی دەرماڵەی بڕوانامەدا نییە و دەڵێت "لەمەودوا دەرماڵەی بڕوانامە بۆ پەرلەمانتاران خەرج ناکرێت ئەوەش باشە، چونکە پەرلەمانتار کە دەنگی هێناوە نوێنەری خەڵکن و جیاوازی نییە ئەگەر دەرچووی ئامادەیی بێت یان بڕوانامەی دکتۆرای هەبێ، بەڵام بۆ کاتی خانەنشینبوونی پەرلەمانتار، ساڵانی خزمەتی بۆ هەژمار دەکرێت".

پەرلەمانتارانی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون هەندێکیان نەهێشتنی دەرماڵەکەیان بەلاوە ئاساییە. هەندێکی دیکەش بە گرنگی دەزانن بمێنێتەوە.

د.فەرهاد قادر پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بەلایەوە ئاساییە دەرماڵەی بڕوانامە نەمێنێ و بە (ڕووداو)ی گوت "وەکو خۆم نەمانی ئەو دەرماڵەیەم بەلاوە ئاساییە، چونکە پەرلەمانتاریی ئەرکێکی کاتییە و دوای تەواوبوونی ئەرکەکە، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر پیشەی پێشوومان و لە شوێنێکی دیکە بڕوانامەکەمان لە کەسانی دیکە جیامان بکاتەوە. هەندێک پەرلەمانتار کە ماستەر و دکتۆرایان هەیە نەمانی ئەو دەرماڵەیەیان بەلاوە قورسە و داوا دەکەن ئەو تایبەتمەندییە بمێنێت، چونکە بە ماندووبوونی زۆر بڕوانامەکەیان بەدەستهێناوە".

د.ئەردەلان نوردەینی، پەرلەمانتاری پارتی کە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لەگەڵ مانەوەی دەرماڵەی بڕوانامەیە و دەڵێت "دەرماڵەی بڕوانامە بە گرنگ دەزانم بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێت، چونکە پەرلەمانتارێک کە بەبڕوانامەی ئامادەییەوە هاتوو بە قەد پەرلەمانتارێکی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بە خوێندن ماندوو نەبووە، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی داهاتووش بۆ ئەوەی حیزبەکان بتوانن ئەو کەسانەی دەیاننێرنە پەرلەمان کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی بەرز بن".

نوردەینی هاوڕایە کە ئەدا و چالاکی پەرلەمانتار بەپێی بڕوانامە نییە و گوتی "ئەوەش ڕاستە پەرلەمانتار هەیە زۆرترین دەنگی هێناوە، بەڵام تائێستا موداخەلەیەکی نەکردووە".

**ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی:**

**پەرلەمانتاریی وەزیفەیەکی گشتییە و حیسابکردن بۆ بڕوانامە نامەعقول بوو**

**د.فەرهاد قادر، پەرلەمانتاری یەکێتی:**

**بەلامەوە ئاساییە ئەو دەرماڵەیە نەمێنێ، چونکە ئەرکی پەرلەمانتار کاتییە**

# لە هەر دانیشتنێکی پەرلەمانی عێراقدا بە تێکڕا 50 پەرلەمانتار غائیبن

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بڕیاردەری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت لە هەر دانیشتنێکی پەرلەماندا نزیکەی 80 پەرلەمانتار ئامادە نابن، لەوانە نزیکەی 30 پەرلەمانتاریان بە ئەرکی پەرلەمان لە دەرەوەن، بەڵام ئەوانی دیکە بۆئەوەی ئامادە نەبن داوای مۆڵەت دەکەن، پەرلەمانتارێکی پارتیش دەڵێت پەرلەمانتار هەیە بە ناوی حەشدی شەعبی ئامادەی دانیشتنەکان نابێت، بەڵام لەلای حەشدی شەعبیش دەوام ناکات.

خولی سێیەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە هاوینی 2014ەوە دەستی پێکردووە. ژمارەی ئەندامانی 328 نوێنەرە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران ساڵانە دوو وەرزی یاسادانان هەیە کە هەر وەرزێک پێنج مانگە، دوو مانگیش پشوو وەردەگرن.

دەستبەکاربوونی ئەم خولەی پەرلەمان هاوکات بوو لەگەڵ دروستبوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لەلایەن شیعەکانەوە دروستکراوە، پەرلەمانیش لە سەرەتای خولەکەدا و بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، بڕیارێکی دەرکردووە کە هەر پەرلەمانتارێک پاڵپشت بە نووسراوی فەرمی لە ریزەکانی حەشد خزمەت بکات، دەتوانێت دەوامی پەرلەمان نەکات و مووچەکەشی وەربگرێت.

عیماد یوحەننا، بڕیاردەری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە هەر دانیشتنێکی پەرلەماندا نزیکەی حەفتا بۆ هەشتا پەرلەمانتار ئامادە نابن، لەوەش ڕەنگە 30 پەرلەمانتاریان بەهۆی ئەرکی پەرلەمانەوە ئامادە نەبووبن یان لە ریزەکانی حەشدی شەعبیدا بن، ئەوانی دیکە بە ئامادە نەبوو هەژمار دەکرێن، بەڵام دواتر داوای مۆڵەت دەکەن و دەڵێن بەهۆی نەخۆشیی یان پرسە و هۆکاری دیکە نەیانتوانیوە ئامادەبن، لەو کاتەدا ئامادە نەبوونەکەیان دەسڕدرێتەوە.

سەبارەت بەوەی تا چەند پاساوی ئامادەنەبوونی ئەو پەرلەمانتارانە ڕاستە، عیماد یوحەننا گوتی "هەندێک لە پەرلەمانتاران ڕاپۆرتی پزیشکی دێنن، لەو کاتەشدا لەلایەن سەرۆکایەتییەوە ئامادەنەبوونیان دەسڕدرێتەوە. هەروەها پەرلەمانتار هەیە شەش بۆ حەوت دانیشتن نەهاتووە، بەڵام دەڕواتە لای سەرۆکی پەرلەمان و دەڵێت چوومەتە لای ئاوارەکان، سەرۆکی پەرلەمانیش دەڵێت ئامادەنەبوونەکەی بسڕنەوە".

بەبۆچوونی عیماد، ئامادەنەبوونی ئەو پەرلەمانتارانە لە دانیشتنەکاندا زۆرە و بووەتە مایەی ڕەخنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە چاودێریی کارەکانی پەرلەمان دەکەن، یوحەننا گوتی "سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەردەوام فراکسیۆنەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە پەرلەمانتارەکانیان ئامادە بن، چونکە هەندێجار بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاساییەوە، نەتوانراوە پڕۆژەی یاسای گرنگ پەسەند بکرێت".

بڕیاردەری ئەنجوومەنی نوێنەران ناوی ئەو فراکسیۆنانەی ئاشکرا کرد کە زۆرترین پەرلەمانتاریان ئامادەی دانیشتنەکان نابن و گوتی "زۆرترین ئامادە نەبوون لەنێو فراکسیۆنە گەورەکانە، بە تایبەتی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی و فراکسیۆنی ئەلعێراقییە".

لەماددەی یەکەمی بەندی 18ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە، تۆماری ئامادەبوون و نەهاتنی ئەندامان دەنووسرێ و لە بڵاوکراوەی ئاسایی ئەنجوومەن و یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە.

لە ماددەی دووەمیشدا دەڵێت "ئەگەر ئەندامی پەرلەمان پێنج جار بە دوای یەکدا یان 10 جار بەشێوەی پچڕ پچڕ لە ماوەی خولی یاسادانانی ساڵێکدا بەبێ بیانووی یاسایی ئامادە نەبوو، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت بە نووسراوێک ئاگاداری بکاتەوە و داوای پابەندبوونی لێ بکات، ئەگەر ئامادە نەبوو لەبەردەم دەستەی سەرۆکایەتیدا، کێشەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەن لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتی".

لە ماددەی سێیەمیشدا هاتووە "لە بارێکدا ئەندام ئامادە نەبوو لە دانیشتنێکی ئەنجوومەندا، بڕێکی دیاریکراو لە دەرماڵەکەی دەبڕدرێت".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەر پەرلەمانتارێک بۆی هەیە لە ساڵێکدا 14 ڕۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت، بەپێی یاسای گۆڕینی پەرلەمانتاریش، هەر پەرلەمانتارێک پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی، ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە 90 ڕۆژ مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرێت، سەرۆکایەتی دەتوانێت داوای گۆڕینی بکات.

ئەردەڵان نوورەدینی، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە ئاماژەدان بەوەی غیاباتی پەرلەمانتاران زۆرە، گوتی "بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی بۆ ئەو بڕیارەی پەرلەمان دەگەڕێتەوە سەبارەت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی، بۆ نموونە هادی عامری پەرلەمانتارە و بەرپرسێکی گەورەشە لە ریزەکانی حەشد، مووچە وەردەگرێت و هەندێجار دەوام دەکات، بەڵام هەندێک پەرلەمانتار سوودیان لەو بڕیارە وەرگرتووە و دەوامی حەشد و پەرلەمانیش ناکەن، مووچەش وەردەگرن".

بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری یەکێتیش ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانی بەو شێوەیە بەلاوە زۆرە، بەڵام دەڵێت، مەرج نییە ئامادەنەبوون لە دانیشتنێک بەمانای ئەوە بێت کە لە دانیشتنی داهاتوو دووبارە دەبێتەوە "ئەگەر 40 تا 50 پەرلەمانتار لە هەر دانیشتنێکدا بە ئامادەنەبوو هەژمار بکرێن، زۆرە و دیاردەیەکی خراپە، پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت". ناوبراو گوتیشی "بەپێی گرنگیی دانیشتنەکان ئامادەنەبوونیش دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر بزانرێت دانیشتنێک لێپرسینەوەی تێدایە، پەرلەمانتاری زۆرتر ئامادە دەبن".

لە پەرلەمانی عێراق پێنج فراکسیۆنی کوردی هەن، ژمارەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا 65 پەرلەمانتارن. بە گوتەی ئەو دوو پەرلەمانتارە، کوردەکان زۆرترین ئامادەییان لە دانیشتنەکاندا هەیە، بەختیار شاوێس گوتی "ئێمە زۆرترین ئامادەبوون و شیعەکانیش زۆرترین ئامادەنەبوونیان هەیە".

## سزای ئامادەنەبوون چەندە؟

مووچەی هەر پەرلەمانتارێکی عێراق بەپێی بڕوانامەکانیان دەگۆڕێت، کەمترین مووچەی پەرلەمانتار پێنج ملیۆن و 500 هەزار دینارە. زۆرترینیشیان نۆ ملیۆن دینار وەردەگرێ. هەر پەرلەمانتارێکیش بەبێ هۆکاری یاسایی لە دانیشتنێک ئامادە نەبێ، بۆ ئەو دانیشتنە بڕی 500 هەزار دیناری لێ دەبڕدرێت.

بەختیار شاوێس، پەرلەمانتاری یەکێتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "تا ئێستا ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران نەبووەتە دیاردە، بەڵام پەرلەمانتاریش هەیە 500 هەزارەکەی لێ بڕدراوە و هەندێجار ناویان لە ڕاگەیاندن و وەقائیعی عێراقیشدا بڵاودەکرێتەوە".

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (444) - دووشەممە 2016/2/6



## لە ئیلام خۆکوشتن لە پلەی یەکەمدایە

**ڕووداو- هەولێر**

پارێزگای ئیلام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستـــتان چەندین گرفت دەناڵێنێت و بێکاری و هەژاری وایکردووە لە هەر 100 کەس لەو پارێزگایە 71 کەسیان هەوڵی خۆکوشتن بدەن. پارێزگای ئیلام لەنێو پارێزگاکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی خۆکوشتنەوە بە پلەی یەکەم دێت. پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی بێکارییەوە خەڵکەکەی لە ڕەوشێکی خراپدان،، بەشێکی بەرپرسانی ئێرانیش هۆکاری سەرەکی خۆکوشتنی خەڵک لە شارەکان بۆ هەژاری و بێکاری دەگەڕێننەوە. ســەلام ئەمینی، نوێنەری ئیلام لە پەرلەمانی ئێران دەڵێت "هەژاری و بێکاریی لە دیارترین هۆکارەکانی خۆکوشتنی خەڵکی شارەکەن".




## گۆڤارەکەی داعش:

# ناوچەی ئارام خەونی پەکەکە لەبار دەبات

**ئەحمەد تەڵعەت**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی شـــەممەی ڕابردوو، داعش ژمارەیەکی نوێی گۆڤارەکەی بەنێـــوی ڕومییە بڵاوکردەوە، لە بەشێکیدا باسی دەوڵەتی کوردستان دەکات، هەروەهـــا باســـی ســـێ مانگی شـــەڕی موســـڵ دەکات و دەڵێت لەو ماوەیەدا 6500 ســـەرباز و چەکداری هێزە ئەمنییەکانی عێراق بە حەشدی شەعبیشەوە کوژراون.

داعـــش پێشـــتر گۆڤارێکـــی بەنێـــوی دابـــق بڵاودەکـــردەوە، بـــەڵام دوای لەدەســـتدانی شـــارۆچکەی دابق لە سووریا، ناوی گۆڤارەکەی گـــۆڕی و لەمانگـــی ئەیلولـــەوە گۆڤارێکـــی دیکـــە بەنێـــوی (ڕومییە) بە 8 زمانـــی جیاواز بڵاودەکاتەوە، ڕۆژی 4ی شـــوباتیش ژمارە 6ی گۆڤارەکە بڵاوکرایەوە. بەشی زۆری شارەزایانی جەنگی دژی توندئـــاژۆکان پێیانوایە گۆڤارەکە تەنیا پڕوپاگەندەیە بۆ داعش، بەڵام لە بەشێکی گۆڤارەکـــەدا شـــیکردنەوە بـــۆ ئەو شـــەڕانەش دەکرێـــت کە داعـــش کردوونـــی، هەروەها باس لـــە داهاتووی ئەو ناوچانـــەش دەکرێ کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا ماون.

### ئامانجەکانی تورکیا لە سووریا

لـــە بابەتێکی گۆڤارەکـــەدا بەنێوی "ناوچەی داخراو" کە مەبەســـتی دروســـتکردنی ناوچەی ئارامـــە لەســـەر ســـنووری تورکیا و ســـووریا، بـــاس لە سیاســـەتی ڕەجەب تەیـــب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا کراوە و دەڵێت "ئەردۆغان ئامانجی ئەوەیە ناوچەی ئارام لە سووریا دروست بـــکات، بۆ ئەمەش ڕێگەی بۆ کۆمەڵێک کردەوە لە دژی موســـوڵمانان خۆش کردووە، بەتایبەت بۆردومانە ئاسمانییەکان".

هەروەها دەڵێت "ئامانجی ئەردۆغانی تاغوت و حکومەتـــە کافرەکەی ئەوەیـــە ناوچەی ئارام وەک ئامرازێـــک بـــۆ ڕێگـــری لە دروســـتبوونی دەوڵەتی کوردی بەکاربهێنن، کە پەکەکەی کافر خەونی پێوە دەبینێ".

لە بەشـــێکی دیکەی هەمان بابەتدا هاتووە، ئامانجی تورکیا ئەوەیە ناوچەی نێوان جەرابلوس و ئەعـــزاز بە درێژایـــی 50 کیلۆمەتر بخاتە ژێر کۆنترۆڵـــی خۆی بۆ ئەوەی "ڕێگـــە نەدات ئەو ناوچانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فورات لە ژێر دەسەڵاتی پەکەکەدان، یەکبگرنەوە". بەگوێرەی بابەتەکـــە، تورکیـــا بەمـــە ڕێ لە پێشـــڕەویی چەکدارانی داعش بەرەو خاکی تورکیا دەگرێت.

وتارەکە هەروەها پێشبینی دەکات کە دوای ڕێککەوتنی ئاگربەست و دروستبوونی ناوچەی ئارام، هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لە ئدلیب جێگیرن "هیچ چارەیەکی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی یان خۆیان ڕادەستی ئەســـەد بکـــەن، یان بچنـــە ناوچـــە ئارامەکەی تورکیـــا و لەوێ لەگەڵ ئـــەو گرووپە چەکدارانە بکەون کە تورکیا بۆ شەڕی دژی ئێمە (داعش) هاوکارییان دەکات".

هەروەها لە بەشێکی دیکەدا بە ئاشکرا باس لەوە دەکات کە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا بووەتە هۆی ئەوەی نەتوانن لەو ناوچانە هاتوچۆ بکـــەن. ئەمـــەش یەکەمجارە داعـــش دان بنێت بە لاوازبوونی دەســـەڵاتی خـــۆی لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەقە و شارۆچکەی باب.

لە بڕگەیەکی دیکەی بابەتەکەدا ئاماژە بەوە دراوە کـــە "ئامانجی تورکیا لـــە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی خاکی شـــام دروستکردنی گوشارە بۆ سەر ڕژێمی نوســـەیرییەکان (عەلەوییەکان) لە داهاتـــوودا، کۆنترۆڵکردنی ناوچـــەکان لەلایەن تورکیا و بە پاڵپشـــتی ڕووســـیا و ئەمریکا، وا دەکات ئەســـەد نەتوانێت ئەو ناوچانە بۆردومان بـــکات، بۆیە لە هەنگاوی دوای ئـــەوەدا تورکیا دەست دەکات بە نیشـــتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر ئـــاوارە لەو شـــوێنانە، بەتایبەتـــی ئەوانەی هیچ سوودێکیان لە مانەوە لە تورکیا نەبینیوە، ئەمەش چەندین سوود بە تورکیا دەگەیەنێت و ئابوورییەکەشی دەبووژێنێتەوە".

بابەتەکە زیاتر لەســـەر چارەنووسی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیســـیۆنی ســـووریا دەڕوات و لـــە بەشـــێکی دیکەیدا دەڵێـــت "ناوچەکانی دەوروبەری ڕووبـــاری فورات دەبنە پەناگەیەک بـــۆ هەموو ئـــەو گرووپە چەکدارانـــەی دەچنە پاڵ پرۆژەکەی ڕووســـیا و تورکیـــا، بەڵام ئەو گرووپانـــەی لە دەرەوەی ئەو پرۆژەیەی تورکیا و ڕووســـیادان، لـــە ئیدلـــب دەمێننـــەوە. ئەو ناوچەیەش ڕووســـیا و نوسەیرییەکان بەردەوام بۆمبارانیان دەکەن، میلیشـــیا شیعەکانیش لە زەوییەوە گەمارۆیان دەدەن".

لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەدا پێشبینی ئەوە دەکرێـــت کە "دوای ئەو قۆناغە ســـوپای ڕژێمی ئەســـەد بەتەواوی ئیدلب، ناوچـــە کەنارییەکان و ناوچـــە گوندییەکانی باکووری حەما کۆنترۆڵ دەکەن، ئەمـــەش دوای ئەوەی ئەو ناوچانە لەو چەکدارانە بەتاڵکران کە لە حومس، دیمەشـــق و قەڵەمـــون و تەنانـــەت دەرعـــا هاتبوونـــە ئەو ناوچانە. بەمەش چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن هیچ ڕێگەیەکیان بەدەســـتەوە نامێنێت جگە لەوەی یان بچنەوە ناو ڕیزەکانی ســـوپای سووریا، یان پەنا بۆ ناوچەی ئارام ببەن و لەگەڵ چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن لەو ناوچەیە جێگیر ببن".

### "شەڕی موسڵ خوێناوی بووە"

داعـــش لە هەمان گۆڤاردا باســـی شـــەڕی موســـڵ دەکات بـــێ ئـــەوەی ئامـــاژە بـــە زیانەکانـــی خـــۆی بـــکات، بـــەڵام دەڵێت بۆ هێزە عێراقییەکان شـــەڕێکی خوێناوی بووە، بەگوێـــرەی پڕوپاگەنـــدەی داعش لە شـــەڕی مووســـڵدا 6500 سەرباز و چەکداری سوپای عێـــراق و هێزە چەکدارەکانی دیکە کوژراون، هەروەهـــا 386 تانکـــی میســـیلانیۆس و 30 تانکـــی تـــی 72، 603 هەمەر، 83 تانکی بی ئێم پی، 38 تانکی ئەبرامس تێکشکێنراون.

داعـــش هەروەها پڕوپاگەنـــدەی ئەوەش دەکات کە دەســـتیان بەسەر 216 ئۆتۆمبێل و تانکـــدا گرتـــووە، 22 تانکیـــان لـــە جۆری ئەبرامـــس بوونـــە. ســـەبارەت بـــە ژمـــارەی هێرشـــە خۆکوژییـــەکان، گۆڤارەکەی داعش باس لە 273 هێرشی خۆکوژی بۆ سەر هێزە عێراقییەکان دەکات.

یەکەمیـــن ژمـــارەی گۆڤـــاری "ڕومییـــە" ڕۆژی 5ی ئەیلولـــی پارســـاڵ دوای ماوەیەک لـــە کوژرانـــی ئەبـــو محەممـــەد عەدنانـــی بڵاوکرایـــەوە، گۆڤارەکـــە بـــە زمانەکانـــی عەرەبـــی، ئینگلیـــزی، تورکـــی، فەرەنســـی، ڕووسی، ئیندۆنیسی، ئویگۆری و تەنانەت بە کوردیش بڵاودەکرێتەوە.

# لە ڕۆژئاوای کوردستان قەیرانی سووتەمەنی سەرهەڵدەدات

**برادۆست ئازیزی**
**ڕووداو- هەولێر**

شـــەپۆلێکی تونـــدی ســـەرما زۆربـــەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردســـتان دەگرێتەوە، لەگـــەڵ هاتنـــی ئـــەو شـــەپۆلەش قەیرانـــی ســـووتەمەنی لـــە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان ســـەرهەڵدەدات. چاودێرێـــک لـــە ڕۆژئـــاوای کوردســـتانەوە دەڵێـــت قەیرانەکـــە لەلایـــەن پارتی یەکێتی دیموکراتەوە دروســـتکراوە کە لەوێ دەسەڵاتدارە.

قەیرانـــی ســـووتەمەنی لـــە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان لە کاتێکـــدا توند دەبێت کە ئەو ناوچەیە سەرچاوەی سووتەمەنیی سووریایە بە تایبەتی شاری ڕمێلان.

شـــیار عیســـا، شـــرۆڤەکارێکی کـــورد لە ڕۆژئاوای کوردســـتان، هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانـــەی ڕوونکردەوە و گوتی "پەیەدە بۆ مەبەســـتی سیاسی دۆسیەی دابەشکردنی ســـووتەمەنی بە تایبەت گازوایلی ڕادەســـتی کۆمۆنەکانـــی خۆی کـــردووە، خەڵکی پابەند کردووە، تەنیا ســـووتەمەنی لە کۆمۆنەکانی ئەوان وەربگرن".

شـــیار عیســـا کـــە لـــە شـــاری قامشـــلۆ چاپخانەیەکـــی هەیـــە، گوتـــی "کۆمۆنەکانی پەیەدە بە پلەی یەکەم ســـووتەمەنی دەدەنە لایەنگرانـــی خۆیـــان، بـــەڵام زۆرینەی خەڵک پەیوەندییـــان لەگەڵ کۆمۆن نییە، بۆیە لە سووتەمەنی بێبەش دەبن".

پەیوەندیـــی پەیەدە بە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە لە ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنانەیە کە پەیەدە دروســـتی کردوون و لە ڕۆژئاوای کوردســـتان پێیاندەگوتـــرێ "کۆمـــۆن". لـــە ســـەرجەم گـــەڕەک و گوندەکانـــی ڕۆژئاوای کوردســـتان پەیەدە کۆمۆنـــی دامەزراندووە، ئـــەم کۆمۆنانـــە هەفتانـــە ڕاپۆرتـــی خۆیـــان پێشـــکەش دەکـــەن، لـــە بـــواری ئابـــووری، سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی، لەســـەر بنچینەی ئەم ڕاپۆرتانە پەیەدە مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان دەکات.

بـــۆ نموونـــە لەبـــارەی بـــاج و داهـــات لە وەرزی دروێنـــەی گەنمـــدا، کۆمۆنـــی هـــەر گوندێـــک ڕاپۆرتـــی خـــۆی لەســـەر داهاتـــی خەڵـــک لە بەرهەمی گەنم دەداتە ئاســـایش، ئەوانیش بەپێی داهاتەکە باج لە گوندنشینان وەردەگرن.

چەند دانیشتوویەکی شارەکانی عامووا و دەربێســـیێ دەڵێن ئەگەر داوای سووتەمەنی لـــە کۆمۆنەکانـــی پەیەدە بکـــەن، ئەوا دەبێ بەشـــداری لە چالاکییەکانـــی پەیەدە بکەن و ببنە بەشێک لە ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە.

شوفێری پاکسێک لە گەراجی دربێسیێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "خەڵک دەتوانن بەرگەی ســـەرما بگرن و نەچنە ژێر بـــاری داواکاریی کۆمۆنەکان و ســـووتەمەنی وەرنەگرن، بەڵام شـــوفێری پاســـەکان ناتوانن، ئەگەر مانگانە دوو ســـێ جار پاســـەکانیان نەخەنە خزمەتی پەیەدە، ئەوا لە گەراج دەردەکرێن".

ســـەبارەت بـــەو کارانـــەی بـــۆ پەیـــەدەی دەکـــەن، ئەو شـــوفێرە کە نەیویســـت ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "بە هەماهەنگی و لەسەر داوای کۆمۆنـــەکان، خەڵـــک دەگوازینەوە بۆ میتینگەکانی پەیەدە لە عامووا و قامشلۆ".

### نەوتی ڕمێلان چی لێدێت؟

(ڕووداو) لەزاری چەند ســـەرچاوەیەکەوە لـــە کۆمپانیـــای نەوتـــی ڕمێـــلان زانیویەتی، تاوەکو ئێســـتاش ئـــەو کۆمپانیایە ســـەر بە حکومەتی ســـووریایە و بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەت جێبەجێ دەکات.

کارمەندێکی ئەو کۆمپانیایە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەت و پەیـــەدە، دەبێ نەوتەکە لە نێوان هەردوولا دابەش بکرێ، بەشـــی حکومەتی ســـووریا دەچێتـــە گەڕەکی تەی لە قامشـــلۆ کـــە لایەنگـــری حکومەتن و گەڕەکەکـــەش لەژێـــر دەســـتی حکومەتدایە، بەشێکیشـــی ڕەوانەی پارێزگاکانی دیمەشق، تەرتوس و حەلەب دەکرێ.

شـــیار عیســـا دەڵێـــت دانیشـــتووانی گەڕەکی تەی کە لایەنگری ڕژێمن، کێشـــەی ســـووتەمەنییان نییە. عیســـا گوتی "پەیەدە لـــەو گەڕەکـــە کۆمۆنـــی نییـــە، ڕژێـــم ئـــەو ســـووتەمەنییەی لە ڕمێلانەوە بۆی دەچێت، دابەشـــی ســـەر دانیشـــتووانی گەڕەکەکـــەی دەکات، بۆیە ئێستا زۆربەی خەڵکی قامشلۆ دەچنـــە گەڕەکی تەی و لەوێ ســـووتەمەنی دەکڕن".

شیار عیسا بەسەرهاتێکی خۆی گێڕایەوە و گوتی "لەو ڕۆژانە منداڵێکمان بوو، هەموو بەنزینخانەکانـــی قامشـــلۆ گـــەڕام قەترەیەک بەنزینـــم دەســـتنەکەوت، بۆیـــە بـــە ناچاری چـــووم بـــۆ گەڕەکی تـــەی و لـــەوێ بەنزینم کـــڕی. لەو گەڕەکە قەیرانی سووتەمەنی نییە، ڕۆژانە بە تەنکەر سووتەمەنی دێت بۆ گەڕەکەکە".

### "گەندەڵی لە کۆمۆنەکان"

ئێســـتا لـــە ڕۆژئـــاوای کوردســـتان قســـە لەســـەر قۆرخکردنـــی ســـووتەمەنی لەنێـــو کۆمۆنەکانـــی پەیـــەدە دەکرێـــت. ئەندامـــی یەکێ لە کۆمۆنەکانی پەیەدە کە نەیویســـت نـــاوی بڵاوبکرێتـــەوە، بـــە (ڕووداو)ی گـــوت "مـــن ئەندامی پەیەدە نیـــم، بەڵام بۆ بژێویی ژیانـــم ناچارم لەگـــەڵ کۆمۆنەکان کار بکەم، بـــە داخـــەوە ســـتراتیژییەتی پابەندکردنـــی هاووڵاتیـــان بـــۆ ئـــەوەی کۆمـــۆن ببێتـــە ســـەرچاوەی ژیانیـــان، بووەتە هـــۆی ئەوەی سووکایەتی بە خەڵک بکرێ، وای لێهاتووە کـــوردی قامشـــلۆ لەســـەر شۆســـتەکانی گەڕەکـــی تەی کە عەرەبنشـــینە، چاوەڕێی چەند لیترێک گازوایل بکەن".

ئەندامەکەی کۆمۆنی پەیەدە لە قامشـــلۆ گوتیشـــی "سووتەمەنی زۆرە، بەڵام ناچێتە بەنزینخانەکان. لە نێو ئەندامانی کۆمۆنیش گەندەڵی پەیـــدا بووە، ســـووتەمەنی تەنیا دەدەنـــە ئـــەو کەســـانەی لێیـــان نزیکـــن. ســـووتەمەنی دەدەنە ئەوانەش کە لایەنگری پەیەدە نین، بەڵام بە نرخێکی گران".

نرخـــی لیترێـــک گازوایـــل لـــە ڕۆژئـــاوای کوردستان گەیشتووەتە سەرووی 100 لیرەی ســـووری، بەڵام لە کۆمۆنـــەکان هەر لیترێک گازوایل بە 40 لیرە دەدرێتە هاووڵاتیان.

پەیـــەدە نایشـــارێتەوە کـــە قەیرانـــی ســـووتەمەنی لە ڕۆژئاوای کوردســـتان هەیە. عەبدولکەریـــم ســـارۆخان، هاوســـەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کانتۆنی جەزیرە، بە میدیا لۆکاڵییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی ڕاگەیاندووە، بەمنزیکانە قەیرانی سووتەمەنی چارەســـەر دەکەن. گلەیـــی لە خەڵکیش کرد کە لەسەرەتای وەرزی زستان نەچوونەتە لای کۆمۆنەکان بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی.

قەیرانی ســـووتەمەنی بووەتە هۆی ئەوەی منداڵێکی زۆر نەخۆش بکەون. شیرین خەلیل کە پزیشـــکی منداڵانە لە شـــاری قامشـــلۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێســـتا بەردەوام منداڵ دەهێنن بۆ نۆرینگەکان، زۆربەی ئەو منداڵانە بەهۆی ســـەرماوە تووشـــی هەوکردنی قورگ و ســـینگ بـــوون، کەســـوکاری ئـــەو منداڵانە دەڵێـــن پارەیـــان نییە ســـووتەمەنی بکڕن و منداڵەکانیانی پێ گەرم بکەنەوە".

**کارمەندێکی کۆمپانیای نەوتی ڕمێلان:**
**نەوتی ڕمێلان لە نێوان پەیەدە و ڕژێمی سووریا دابەش دەکرێ**

**پەیەدە:**
**بەمنزیکانە ئەو قەیرانە چارەسەر دەکەین**



رێزان قادر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا بۆ (رووداو):

# ئیتاڵیا بە مەرجی هاتنی هێزەکانی بۆ کوردستان لە هاوپەیمانێتیی دژی داعش نەکشایەوە



16 پێشمەرگەی بریندار دەبرێنە رۆما بۆ چارەسەر

800 راهێنەری سەربازیی ئیتاڵیا لە کوردستان

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا، باسی وردەکاریی گفتوگۆکانی نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا دەکات کە لەو رۆژانە سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد. رێزان قادر دەڵێت "ئیتاڵیا بەردەوام دەبێ لە هاوکاری و پەیوەندییە بەهێزەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. هەروەها بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی مووسڵدا دەکات".

یەکەمین سەرۆکوەزیری ئەوروپی کە لە دەستپێکی شەڕی داعشدا هاتە هەرێمی کوردستان، سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا بوو. ئەوکات دوو مانگ بوو شەڕی داعش دەستی پێکردبوو. ئەوە پشتیوانییەکی مەعنەوی بەهێز بوو بۆ کورد، لە کاتێکدا کە ئیتاڵییەکان یەکێک لە هێزە هەرە کاریگەرەکانی نێو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی داعش بوون. لەدوای ئەمریکییەکانەوە، هێزی سەربازیی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان لە رووی ژمارەوە بە دووەمین هێز دێن کە ژمارەیان 800 راهێنەری سەربازییە. رێزان قادر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا باسی ئەو 800 راهێنەرە دەکات کە مەشق بە پێشمەرگە دەکەن و دەڵێ، لەگەڵ ئەڵمانیا وا رێککەوتوون، شەش مانگ ئیتاڵییەکان و شەش مانگیش ئەڵمانەکان مەشق بە پێشمەرگە بکەن "سەرەتا هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش، بڕیاری دابوو هێزی ئیتاڵیا نەیەتە کوردستان و بچنە عێراق، بەڵام سەرۆکوەزیران و وەزیری پێشووی بەرگریی ئیتاڵیا گوتیان ناچینە عێراق، ئەگەر نەچینە کوردستان لە هاوپەیمانێتییەکە دەکشێینەوە".

رێزان قادر، رەتیکردەوە پێداگیریی ئیتاڵییەکان بۆ هاتنە کوردستان پەیوەندی بە دۆخی ئەمنییەوە هەبووبێ. ئەو بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزەی دەگێڕێتەوە کە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیادا هەیە "ئیتاڵییەکان بە جددی دەیانویست دژی داعش شەڕ بکەن، بەتایبەتی ئەوکاتەی داعش زۆر لە کوردستان نزیک بوو".

گوتیشی کە ئیتاڵییەکان چەکیان داوەتە پێشمەرگە "چەکی قورسیشی تێدایە، ژمارەیەک پێشمەرگەش لە ئیتاڵیا راهێنانیان لەسەر چەکی قورس پێکراوە".

چەند رۆژێک بەر لەوەی داعش هێرش بکاتە سەر مووسڵ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە ئیتاڵیا و چەند وڵاتێکی ئەوروپی، هەر لەو گەشتەدا چاوی بە پاپای ڤاتیکان کەوت. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا کە لەو گەشتەدا یاوەری بارزانی بووە، گوتی "بارزانی زانیاریی تەواوی دایە ئەوان لەبارەی ئەوەی چی روودەدات. پێشبینی کرد چی لە عێراق دەقەومێ، هەفتەیەک دوای گەڕانەوەی جەنابی سەرۆک، داعش هێرشی کرد و ئەوان گوتیان بارزانی زانیاریی دروستی لەبارەی رووداوەکان لەلایە".

بارزانی تاوەکو ئێستا شەش جار چووەتە ڤاتیکان، کاتێک داعش هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان، پاپا لە نوێژی یەکشەممەدا داوای لە هەموو وڵاتانی رۆژئاوا کرد هاوکاریی کورد و مەسیحییەکانی عێراق و کوردستان بکەن. ئەوەش کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئەو بەدەمەوە هاتنەی کە زۆربەی پایتەختەکانی رۆژئاوا نیشانیاندا.

کۆمەک و هاوکاریی ڤاتیکان بۆ ئاوارەکان بەردەوامە، بەڵام وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیتاڵیا باسی دەکات "ڤاتیکان، هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کۆمەکەکانی تەنیا بۆ مەسیحییەکان نەبێ. ئەوان هاوکاریی مرۆیی دەنێرن بۆ هەموو ئاینزا و نەتەوەکان".

رێزان قادر نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێت "جارێکیان بە فڕۆکە کۆمەکیان ناردبوو، کاتێک کۆمەکەکان گەیشتنە فڕۆکەخانە، یەکێک لە قەشەکانی ئەوێ گوتبووی پێم باشە لێرە کۆمەکەکان دابەشکرێن و بنێردرێن بۆ شنگال، چونکە ئێزدییەکان زۆرتر پێویستیان بەو کۆمەکانەیە".

وەک رێزان قادر باسی دەکات، پەیوەندیی نێوان ئیتاڵیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترە لە تەمەنی نوێنەرایەتی حکومەت لە ئیتاڵیا "لە هەشتاکانیش کە ئێمە لە ئیتاڵیا دەمانخوێند و خۆپیشاندانمان دەکرد دژی حکومەتی بەعس، سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی ئەوکاتەی ئیتاڵیا دەهاتنە نێو خۆپیشاندانەکانمان و پشتیوانییان دەکردین". هەروەها دەڵێ بەرپرسە ئیتالییەکان زۆرجار پێمان دەڵێن "ئەوەی ئێوە بە ئاشکرا ناتانەوێ باسی بکەن، ئێمە بە ئاشکرا پێتانی دەڵێین، ئەویش مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانە و لەوەدا پشتیوانی ئێوە دەکەین".

راشکاویی ئیتالییەکان لە بڕیاردانیدا تەنیا پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە نییە، چونکە لە پێش 2003 و لە مەسەلەی رووخاندنی سەددام حوسێنیشدا، کاتی خۆی سێ دەوڵەت بڕیاریان لەسەردا، ئەویش ئەمریکا و بەریتانیا و ئیتاڵیا بوون، بۆیە دۆستایەتی کورد و ئیتاڵییەکان کۆنە. رێزان قادر دەڵێت "لەکاتی شەڕی داعشیش، سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا پێیگوتم بە جەنابی سەرۆکی هەرێم بڵێ، یان ئەوەتا ئێمە دەچینە هەرێمی کوردستان و لەوێوە شەڕی دژی داعش دەکەین، یان ئەوەتا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش نامێنین".

بەڵام ئیتاڵیا یەکێک نییە لەو وڵاتانەی گەنجانی کورد وەک بەهەشتی خەونەکان لێی بڕوانن و کۆچبەری کورد و وڵاتانی دیکەش رووی تێناکەن، هەرچەندە ئەوە زۆرتر پەیوەندی بە باری دارایی ئەو وڵاتەوە هەیە، بەڵام رێزان قادر، هۆیەکە بۆ زۆریی رێژەی بێکاری و نەبوونی پارەی سۆشیال و چەند رێوشوێنێکی دیکە دەگێڕێتەوە.

ئیتاڵییەکان پێش شەڕی داعش، هەوڵی ئەوەیاندا پێشەنگ بن لەوەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دروستبکەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئێستاش وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگریی ئەو وڵاتە پێداگیری لەسەر باشترکردنی پەیوەندییەکان دەکەن. وەزیری بەرگری لە سەردانەکەی ئەو دواییەی بۆ کوردستان رەزامەندی دەربڕی کە پێشمەرگە بریندارەکان لە نەخۆشخانە سەربازییەکانی رۆما چارەسەر بکرێن. رێزان قادر دەڵێت "ئێستا پارە بۆ ئەو مەبەستە دابینکراوە و لە رۆژانی داهاتوودا 16 لەو پێشمەرگە بریندارانە رەوانەی ئیتاڵیا دەکرێن".

هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بۆ رووداو:

# هەندێک خۆپیشاندەری 17ی شوبات لەنێو داعش و بەرەی نوسرەدا کوژران



پارتی کادیری جەماوەریی نییە

پارتییەکانی سلێمانی حەوت جەرگیان هەیە

دەیانگوت نابێ پارتییەکان بچنە چایخانەی شەعب

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

هیوا ئەحمەد مستەفا، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی پێشووی لقی چواری پارتی لە سلێمانی، ماوەی چوار ساڵە لە مەکتەبی رێکخستنی پارتی دانراوە، بەڵام دەوامی نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ نەگونجانی ئیشەکە لەگەڵ شارەزایی خۆی دەگەڕێنێتەوە. هیوا ئەحمەد مستەفا رەتیدەکاتەوە لەلایەن حیزبەکەیەوە سزا درابێت و دەڵێ: "کەس وەکو من رێزی لەنێو پارتی نییە و سزاش نەدراوم، ئێستاش بەقەد لقێک ئیش دەکەم".

ئەو سەرکردەیەی پارتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) بە ئومێدەوە باسی رێککەوتنی حیزبەکەی و یەکێتی دەکات و دەڵێ "لەگەڵ یەکێتی زووتر دەتوانین رێکبکەوین، چونکە هەندێک تەبیعەتمان بە یەکتر دەخوات، هەردوولامان پێشمەرگە و دەزگای ئەمنیمان هەیە، پێشتر بە یەکەوە لە حکومەت بووین، بڕواش ناکەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان جارێکی دیکە لەگەڵ گۆڕان بگەینە ئەنجام و سەرۆکایەتی وەربگرنەوە، چونکە متمانەی سیاسی نەماوە، ئەوەی لە 23ی حوزەیران و 19ی ئاب بەرامبەرمان کرا، وەکو ئینقیلاب وابوو".

هیوا ئەحمەد بەدووری دەزانێت جارێکی دیکە لەگەڵ یەکێتی فیفتی بە فیفتی رێکبکەوون و دەڵێت "ئامادەییمان تێدا هەیە لەگەڵ یەکێتی رێکبکەوین، یان رێککەوتنی ستراتیژی کارا بکەینەوە، بەڵام ئاسان نییە بگەڕێینەوە سەردەمی پەنجا بە پەنجا".

## "پارتییەکانی سلێمانی حەوت جەرگیان هەیە"

هیوا ئەحمەد مستەفا باسی رەوشی رێکخستنی حیزبەکەی لە سلێمانی دەکات و دەڵێت پارتی لە زۆنی سەوز و نیلی ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت "لە نێو پارتی لە یەک شت زۆر مورتاحین، ئەویش کێشەی مەرجەعمان نییە وەکو حیزبەکان، پارتی جەماوەری باشی هەیە، بەڵام کادیری جەماوەری باشی وەکو پێویست نییە، زەمینەی کارکردن بۆ پارتی لە هەموو کوردستان لەبارە، بەڵام پارتیبوون لە دەڤەری سلێمانی ئەستەمترە، خەڵکی پارتی لەو دەڤەرە 7 جەرگی هەیە، خەڵکی ئاسایی نین، پارتی لەژێر ئیرهابێکی فکری بووە لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوو. خراپ ئیشی لەسەر کراوە و چەندین نەوە لەسەر رق لێبوونەوە و دژایەتی پارتی گەورە کراون".

## "دەرفەتە بۆ پارتی"

هیوا ئەحمەد مستەفا کە تا رووداوەکانی 17ی شوباتی 2012 بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو لە سلێمانی، دەڵێ: "زۆر بابەت هەیە کە پارتی دەتوانێ کێرڤی جەماوەری خۆی پێ بەرز بکاتەوە، زەمینەکەش لەبارە، لەوانە شکستهێنانی گۆڕان لەو دروشمانەی بەرزی کردبوونەوە. هەروەها شکستی ئیدارەی ئەو دەڤەرە لە خزمەتکردنی خەڵک".

هیوا ئەحمەد مستەفا هۆکاری رووداوەکانی 17ی شوبات بۆ جموجۆڵی خۆی لە سلێمانی و خۆپیشاندانی وڵاتانی عەرەبی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: "جموجۆڵمان زۆر بوو، لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکان نزیک بووین و خزمەتی باشی خەڵکمان کرد و دەستمان بۆ زۆر لایەن درێژ کرد کە ناکۆک بوون لەگەڵ پارتی. تەنانەت دەیانگوت نابێ پارتییەکان بچنە چایخانەی شەعب. هەندێک حیزب ئەوەیان پێی ناخۆش بوو، دۆخی نێودەوڵەتی و دروستبوونی خۆپیشاندان لە وڵاتانی عەرەبی وایکرد ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندان لە سلێمانی بکات و ئاراستەی بەرەو لقی چوار بگۆڕێت، وایان دەزانی لێرەش بە کشمەلیکێک حکومەت دەڕووخێ".

## "خۆپیشاندەرانی 17ی شوبات چوونەتە نێو داعش"

لە کاتی رووداوەکانی 17ی شوبات گەنجێک لەبەردەم لقی چوار کوژرا و چەند گەنجێکیش بریندار بوون، پاسەوانانی لقی چوار بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران تۆمەتبارکران و لەسەر ئەو دۆسیەیە سکاڵا لەسەر بەرپرسی ئەوکاتی لقی چواری پارتی تۆمار کرا.

هیوا ئەحمەد مستەفا دەڵێت ئێستاش ئامادەیە بچێتە بەردەم دادگا: "یەک داوامان لەسەرە، ئەویش بە سیفەتی شەخسی نییە، بەڵکو بەو پێیەی بەرپرسی لق بووم، باوکی رێژوان کە بەداخەوە کوڕەکەی لەو رۆژە شەهید بوو، خۆی گوتوویەتی کە کێشەی لەگەڵ من نییە، چونکە من کوڕەکەی ئەوم نەکوشتووە و فەرمانیشم نەکردووە، بەڵام پارتی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە تیمی پارێزەران لەگەڵ چەند ئەندام مەکتەب سیاسی بچنە بەردەم دادگا، چونکە ئەم بابەتە شتێکی شەخسی نەبووە، بەڵکو بابەتێکی حیزبییە و پەیوەندی بە هەموو پارتییەوە هەیە".

هیوا ئەحمەد مستەفا جەخت لەسەر قسەی پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەکاتەوە کە گوتبووی چەند خۆپیشاندەرێکی 17ی شوبات و رۆژانی دوایی لە سووریا کوژراون، ئەو دەڵێ "ئەو قسەیە راستە، هەندێک لەو خۆپیشاندەرانە چووبوونە نێو داعش و بەرەی نوسرە و گرووپە تیرۆرستییەکانی دیکە لە سووریا و لەوێ کوژراون. بە بیرم دێت ئەو کاتەی خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر بارەگای لق، دەیانگوت بیانکوژن، سەریان ببڕن، بیانسووتێنن و بە شەقامەکاندا رایانبکێشن، ئەو قسانەم بە بەڵگە لەلایە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی، لە رووداوەکانی 17ی شوباتدا خۆی بە قوربانی دەزانێ و دەڵێت "ئەگەر خۆپیشاندەران هێرشیان بکردبایە سەر لق، یان ئەو 600 کەسەی ناو لق بچوونایە دەرەوە، کوشتن و بڕینێکی زۆر روویدەدا و شیرازەی کۆمەڵایەتیی سلێمانی هەتا هەتایە نەدەهاتەوە سەرخۆی".

## "ئێستا پارتی لە خۆپیشاندان ناترسێ"

ئەو بەرپرسەی پارتی دەڵێت خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان بەهای نەماوە "خۆپیشاندان لەم وڵاتەی ئێمە سوا و بەهای نەما. ئێستا 100 خۆپیشاندان بکرێت پارتی لێی ناترسێ. ئەگەر سەیر بکەی هەموو خۆپیشاندەرانی 17ی شوبات 2000 کەس نەدەبوون، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی ناو سەنتەری سلێمانی 725 هەزار کەسە، بۆیە خەڵکی سلێمانی خۆپیشاندانیان دژی پارتی نەکردووە".

## کاتی خەرجکردنی پارەی هاندانی مامۆستایان دیارینەکراوە

ڕووداو- هەولێر

گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردەش ڕایگەیاند، پارەی هاندان لە 2016/12/1، بۆ سەرجەم مامۆستایان هەژمار دەکرێت، بەڵام 15/1/2017وە پێدانی پارەکە مەرجدار دەکرێت، ئەو مامۆستایانە وەریدەگرن کە بەشە وانەکانی خۆیان بەبێ کەموکوڕی دەڵێنەوە. سامان سیوەیلی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەزارەتی دارایی هیچ وادەیەکی بۆ خەرجکردنی پارەی هاندانی مامۆستایان دیاری نەکردووە، پێدانی ئەو پارەیەش مەرجدار دەکرێت و تەنیا ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە بەشە وانەکانیان بەبێ کەموکوڕی دەڵێنەوە".

# هەر ساڵێک 12 ملیۆن دۆلار بۆکڕینی گێزەر دەچێتە دەرەوەی کوردستان

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

سەرپەرشتیاری پڕۆژەی چاندنی گێزەر لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت دەڵێت، بە توێژینەوە بۆیان دەرکەوتووە خاک و کەشوهەوای هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گێزەر و دەتوانرێت لە وەرزی بەهار و پاییزیشدا بچێندرێ، بەوەش کوردستان پێویستی بە هاوردەکردنی گێزەر نەبێ کە ساڵانە ملیۆنان دۆلار بۆ کڕینی دەچێتە دەرەوە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە پێنج ساڵی ڕابردوودا 86 هەزار و881 تۆن گێزەر لە هەرێمی کوردستان بەکاربراوە کە تەنیا 10%ی بەرهەمی خۆماڵی بووە. ئامارەکە دەریدەخات خواست لەسەر بەکارهێنانی گێزەر لە کوردستان بەرەو هەڵکشانە، بەجۆرێک بڕی بەکاربراوی گێزەر لە ساڵی 2011 بەراورد بە ساڵی 2015 بە ڕێژەی 60% زیاد بووە، لەبەرامبەریشدا زیادبوون لە بەرهەم ڕوویداوە، بەڵام هێشتاش گێزەری هاوردە زاڵە.

ئەندازیار هەڤاڵ کەمال ئاغا، سەرپەرشتیاری پڕۆژەی چاندنی گێزەر لە کۆمپانیایARDی بۆ بازرگانی پێویستییە کشتوکاڵییەکان دەڵێت ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی بۆ گەشەپێدان و هاندانی جووتیاران بۆ چاندنی گێزەر هەبێت، ئەوا کوردستان پێویستی بە گێزەری هاوردەکراو نابێ.

کۆمپانیایARD کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە و ماوەی چەند ساڵێکە گرنگی تایبەت بە هاوردەکردنی تۆوی سەوزە دەدات. دوای توێژینەوە تۆوی گونجاو لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان هەڵدەبژێرێ و لە ڕێگەی بریکارەکانییەوە دەیفرۆشێتە جووتیاران.

پێشتر کۆمپانیاکە لە بەرهەمهێنانی نەمامی بیبەر، خەیار، تەماتە، باینجان، کاڵەک، شووتی بۆ جووتیاران سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەمساڵیش بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تۆوی گێزەری لە کێڵگەی جووتیاراندا تاقی کردەوە.

هەڤاڵ کەمال ئاغا گوتی "دوای دوو ساڵ توێژینەوە لەسەر سێ جۆر تۆوی گێزەری هۆڵەندی و ئەڵمانی و ئەمەریکی، دەرکەوت تۆوی گێزەری هۆڵەندی زۆر گونجاوە لەگەڵ کەشوهەوای هەرێمی کوردستان و باشترین بەرهەم دەدات، بۆیە ئەمساڵ وەک تاقیکردنەوە لە 45 شوێنی جیاواز 245 دۆنم گێزەرمان بۆ 50 جووتیار لە هەولێر، دهۆک، سلێمانی و کەرکووک چاند".

ئەندازیارەکە بڕی بەرهەمی ئەو گێزەرەشی ئاشکرا کرد کە چاندوویانە و گوتی "ئەو جووتیارانەی پابەند بوون بە ڕێنماییەکانمان لە چاندن و ئاودان، لە دۆنمێک 8-12 تۆن بەرهەمیان هەبووە، بەڵام ئەوانەی پابەند نەبوون، هەندێکیان تێچووی چاندنیشیان دەستنەکەوتەوە".

پێشتر لەلای جووتیاران وا باو بوو کە گێزەر بەرهەمێکی زستانەیە و دەتوانرێت تەنیا لەو وەرزەدا بچێنرێت، بەڵام ئەندازیار هەڤاڵ کەمال گوتی "لە هەردوو وەرزی پاییز و بەهاردا دەتوانرێت گێزەر بچێندرێ، باشترین کاتیش وەرزی پاییزە".

ئەو گوتی "پێویستە لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول بچێنرێت و ڕۆژی یەکەم دوای چاندن پێنج کاژێر ئاو بدرێت، ڕۆژی دووەم سێ کاژێر و ڕۆژی سێیەمیش دوو کاژێر ئاو بدرێت، دواتر بۆ ماوەی 12 ڕۆژ هەموو ڕۆژێک دەبێت کاژێرێک ئاو بدرێت تا ئەو کاتەی چرۆ دەکات، پاشان ئاودانی کەمی پێویستە، بەتایبەتیش ئەگەر کەش سارد بێت".

بە گوتەی ئەو ئەندازیارە، تۆوی گێزەر 25 ڕۆژی پێویستە تاوەکو چرۆ دەکات، 60 ڕۆژیشی پێویستە بۆ گەیشتنە بەرهەم.

کۆمپانیاکە بۆ ڕەواجدان بە بەرهەمەکانی جگە لە ڕێنمایی، هەندێ خزمەتگوزاریش پێشکەش بە کڕیارەکانی دەکات و لە ڕێگەی ئەندازیارەکانیشی سەرپەرشتی پڕۆژەکانیان دەکات تا ئەوکاتەی بەرهەمەکانیان دەخەنە بازاڕەوە، هەندێجاریش ڕۆژی کێڵگە بۆ بەرهەمی جووتیاران و نمایشکردنی جۆری تۆوەکان دەکاتەوە.

غێدان ڕەشید قادر، جووتیارێکی گوندی گەرمکی سەر بەناحیەی کەلەکچی قەزای شێخانە، ئەمساڵ بۆ یەکەمجار دوو دۆنم گێزەری چاندووە، دەڵێت "چاندنی گێزەر زۆر ئاسانە و بەرهەمیشی زۆر باشە، قازانجی بەرهەمی گێزەر لە بەرهەمی توور و کەلەم باشترە، بۆیە بڕیارم داوە لە وەرزی پاییزی داهاتوو بە ڕووبەری فراوانتر لەجیاتی توور و کەلەم، گێزەر بچێنم".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ساڵی 2009 پلانێکی ستراتیژیی پێنج ساڵەی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ هەبوو، بەڵام بەشێکی کەمی لێ جێبەجێ کرا، ئێستاش پلانێکی پێنج ساڵەی دیکەی هەیە کە تا ساڵی 2018 دەخایەنێ، بەڵام هەردوو پلانەکە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی گێزەر تێدا نەبوو، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵانە بە هەزاران تۆن گێزەر هاوردە دەکرێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای هەناردەی وڵاتان بەستووە، تەنیا لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە ئێران و تورکیاوە بە بەهای 38 ملیۆن و 117 هەزار دۆلار گێزەر و شێلم هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە.

کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری پرۆژەی خانووی پلاستیکی و سەرپەرشتیاری چاندنی بەرهەمی سەوزە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لە ساڵانی ڕابردوودا بودجەیەکی کەممان لەبەردەست بوو، بۆیە تەنیا گرنگیمان بە سەوزە ستراتیژییەکانی وەک تەماتە، خەیار و پەتاتە داوە، هەر لەبەرئەوەش هیچ پرۆژەیەکمان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی گێزەر نەبووە".

کەمال محەممەد هەروەها گوتی "لە داهاتوودا لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە هەوڵ دەدەین گەشە بە بەرهەمی گێزەر بدەین، چونکە خواست لەسەر بەکارهێنانی زۆرە و ژینگەی کوردستانیش بۆ چاندنی گێزەر لەبارە".



وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پلانێکی نییە بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی گێزەر لە کوردستان (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### گێزەر لە پەتاتە باشترە

کۆمپانیای ARD ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ چاندنی 130 دۆنم گێزەر لە وەرزی بەهاردا. هەڤاڵ کەمال کە ئەندازیاری کشتوکاڵییە لەو کۆمپانیایە، گوتی "ئەگەر جووتیاران پابەندبن بە ڕێنماییەکان، پلانمان داناوە بەرهەمی دۆنمێک گێزەر بۆ 15 تۆن بەرز بکەینەوە، چونکە بەپێی توێژینەوەکان بۆمان دەرکەوتووە بەرهەمی وەرزی بەهار زیاترە لە وەرزی پایز". هەڤاڵ کەمال گوتیشی "چاندنی گێزەر زۆر ئابوورییانەترە لە چاندنی پەتاتە، چونکە خەرجیی کەمە و بەرهەمیشی باشە".

### بڕی بەکاربراوی گێزەر لە هەرێمی کوردستان (بە تۆن) لە ماوەی پێنج ساڵدا

| ساڵ | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆماڵی | 114 | 393 | 1.582 | 198 | 7.350 | 9.637 |
| هاوردە | 9.851 | 12.891 | 13.083 | 23.918 | 17.501 | 77.244 |
| بڕی بەکاربراو | 9.965 | 13.284 | 14.665 | 24.116 | 24.851 | 86.881 |

## ئەمساڵ ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمار دەکرێت

# بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 213 هەزار تۆن



لەماوەی 8 ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی پەتاتە لە 12 هەزار تۆنەوە بۆ 213 هەزار و 356 تۆن زیادی کردووە. (فۆتۆ: ڕووداو)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ پێشبینی دەکات بۆ وەرزی بەهارەی چاندنی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان کە ناوەڕاستی ئەم مانگە دەکات، جووتیاران زیاتر لە 15 هەزار تۆن پەتاتە بچێنن، بەو هۆیەشەوە بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمار بکات.

پەتاتە بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفروانترین بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵییەکان لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت. لەڕووی چاندن و گرنگییەوە، پەتاتە دوای گەنم و برنج و گەنمەشامی دێت.

لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، گرنگی زۆر بە چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە دەدرێ. بەجۆرێک لەماوەی 8 ساڵی ڕابردوودا بەرهەمی پەتاتە لە 12 هەزار تۆنەوە بۆ 213 هەزار و 356 تۆن زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 675 جووتیار لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە بەدەیان هەزار دۆنم زەوی بە پەتاتە دەچێنن. هەروەها کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە هێنانی بنەتۆ بە تایبەتی لە هۆڵەنداوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە گەشەپێدانی ئەو بەرهەمەدا هەبووە.

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لە هەرێمی کوردستان لەسەر تۆوی پەتاتەی هۆڵەندی هەیە، کۆمپانیای AGROPLANT ی هۆڵەندی لقێکی کۆمپانیاکەی لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، ساڵانە جگە لە هەناردەکردنی بنەتۆی باوەڕپێکراو، بۆ ناساندنی تەکنۆلۆژیای تازە، گەشت بە جووتیارانی کورد دەکات بۆ کێڵگەکانی پەتاتە لە هۆڵەندا.

حوسێن عوسمان عارف، بەڕێوەبەری گشتی لقی کۆمپانیای ئەگرۆپلانتی هۆڵەندی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان قۆناغێکی باشی بڕیوە، ساڵ بەساڵیش بەرهەم ڕوو لەزیادبوونە، ئێمەش لەسەر خواستی جووتیاران ساڵانە تازەترین جۆری بنەتۆ دەهێنین".

کۆمپانیاکەی حوسێن، ساڵی ڕابردوو 1300 تۆن بنەتۆی پەتاتەی هێناوە، بەڵام ئەمساڵ تەنیا بۆ وەرزی بەهارە بڕەکەی بۆ دوو بەرامبەر زیاد کردووە. حوسێن عوسمان، نهێنیی ئەو زیادبوونەی ئاشکرا کرد و گوتی "ساڵی ڕابردوو جۆرە بنەتۆیەکی تازەمان بەناوی ئەکترس هێنا، جگە لەوەی بەرهەمێکی باشی هەبوو، زۆرتر بەرگەی مانەوە لەژێر خاک دەگرێ، ئەمەش سوودی زۆری بۆ جووتیاران هەبوو، توانییان بەشێک لە بەرهەمەکانیان تا کاتی بەرزبوونەوەی نرخ لەژێر خاک بهێڵنەوە، بۆیە ئەمساڵ لەسەر خواستی جووتیاران هاوردەکردنی ئەم جۆرە پەتاتەیەمان دووقات کرد".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی ڕابردوو بەرهەمی جووتیاران گەیشتە 213 هەزار و 356 تۆن، ئەم بڕەش دوو هێندەی پێویستیی هەرێمی کوردستانە بەو بەرهەمە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کۆگای ساردکەرەوە و ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕەکانی ناوخۆ، بەشی زۆری بەرهەمی جووتیاران هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیش لە مانگی تشرینی دووەم تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئایار هەرێمی کوردستان پشت بە پەتاتەی بیانی دەبەستێ.

حوسێن عوسمان دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ بەرهەمی پەتاتە لەگەشەدایە، بەڵام جووتیاران گرفتی ساغنەبوونەوەی بەرهەمیان لەکاتی پێگەیشتن هەیە، بەهۆی کەمیی کۆگاش ناتوانن بەرهەمەکانیان هەڵبگرن و لەکاتێکی دیکە ساغی بکەنەوە، چونکە حکومەت تەنیا کاتی پێگەیشتن باج لەسەر پەتاتەی هاوردەکراو دادەنێت، دواتر سنوورەکان دەکاتەوە".

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری و سەرپەرشتیاری پڕۆژەی پەتاتە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "چەند ساڵێکە لە بەرهەمی پەتاتەدا گەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم، خواردنی پەتاتە لە کوردستان لە نزمترین ئاستدایە، بۆیە نرخەکەی دادەبەزێ، هەر لەبەر ئەوەش جووتیاران بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی کوردستان بۆ ساغ نابێتەوە بەهۆی نەبوونی کۆگای پێویستیش بۆ هەڵگرتن، ناچار بەرهەمەکانیان دەنێرنە شارەکانی عێراق".

کۆمپانیای کوردستان هۆڵەند (K.H) بریکاری سەرەکیی کۆمپانیای (HZPC)ی هۆڵەندییە لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ساڵانە بەهێنانی بنەتۆی هۆڵەندی، هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و جووتیاران دەکات، بۆ وەرزی بەهارەی ئەمساڵ، 11 هەزار تۆن تۆوی پەتاتەی لە شەش جۆری پەتاتە لەسەر خواستی جووتیاران هێناوە.

سەعدی ئەسعەد، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای K.H بۆ بازرگانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی کشتوکاڵ، دەڵێت "لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی پەتاتە ساڵانە لەزیادبووندایە، بەڵام هەمووی لە کوردستان ساغ نابێتەوە و کۆگاش نییە تێیدا هەڵبگیرێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئێمە ئامادەین کۆگای بچووک لە نزیک کێڵگەکان بۆ جووتیاران دروست بکەین، بە مەرجێک وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگری نەکات و حکومەتیش دڵنیاییمان بداتێ کە جووتیاران لە ماوەی درێژخایەندا خەرجییەکانمان بۆ بگەڕێننەوە". گوتیشی "دەتوانین ئەو پرۆژەیە بە جۆرێک جێبەجێ بکەین کە بۆ ماوەی 10 مانگ پەتاتەی خۆماڵی بەکاربهێنرێ و پێویستمان بە پەتاتەی دەرەوە نەمێنێ".

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری و سەرپەرشتیاری پرۆژەی پەتاتە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێشبینی دەکات بۆ وەرزی بەهارەی چاندنی پەتاتە کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە دەستپێدەکات، جووتیاران زیاتر لە 15 هەزار تۆن پەتاتە بچێنن و بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی تۆمار بکات. سەمیر ئیسماعیل گوتی "سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام ئەمساڵیش بۆ گەشەپێدانی زیاتری بەرهەمی پەتاتە، بڕیارمان داوە 3500 تۆن بنەتۆی پەتاتە لە کۆمپانیاکان بکڕینەوە و بەپاڵپشتی 20% بەسەر جووتیاراندا دابەشی بکەین".

### پەتاتەی خۆماڵی و هاوردە و بڕی بەکاربراو (بە تۆن) لە حەوت ساڵی ڕابردوودا

| ساڵ | خۆماڵی | هاوردە | بڕی بەکاربراو |
|---|---|---|---|
| 2009 | 11.767 | 84.900 | 84.900 |
| 2010 | 28.329 | 66.246 | 94.575 |
| 2011 | 61.574 | 80.572 | 142.146 |
| 2012 | 80.624 | 54.416 | 135.040 |
| 2013 | 89.001 | 74.019 | 163.020 |
| 2014 | 123.334 | 56.953 | 180.287 |
| 2015 | 150.383 | 80.069 | 230.452 |

# بازاڕی وزە و ئایندەی نادیاری ئۆپێک

شەهریار شێخلەر*



مەبەستی وڵاتانی دامەزرێنەری ئۆپێک لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی 1960، ڕێکخستن و هاوئاهەنگکردنی سیاسەتەکانی نەوتی ئەو وڵاتانە و دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بوو بۆ پاراستنی هەریەک لەو وڵاتانە و بەرژەوەندییە گشتییەکانیان، ئەوەش لەڕێی دڵنیابوون لە سەقامگیریی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و خۆلادان لە گۆڕانکارییە ناپێویست و زیانبەخشەکان، هەروەها گەیشتن بە دابینکردنێکی کارا، بەردەوام و سوودبەخش بۆ وڵاتانی بەکارهێنەر و لەهەمان کاتدا گەڕاندنەوەیەکی دادپەروەرانەی سەرمایەی وەبەرهێنەران لە کەرتی پیشەسازیی نەوت.

لەکاتێکدا کەمتر لە 10%ی دانیشتووانی جیهان لە وڵاتانی ئۆپێکدا دەژین، بەهۆی ئەوەی کە زیاتر لە 70%ی قەبارەی یەدەگی نەوتی جیهانیان (وەک سەرەکیترین سەرچاوەی وزە) لەخۆ گرتووە، نزیکەی 40%ی کۆی نەوتی ڕۆژانەی جیهان بەرهەم دێنن و زیاتر لە 50%ی نەوتی هەناردەکراو بۆ بازاڕەکانی جیهانیش لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دابین دەکرێت. بە پشتبەستن بەو توانایەی کە وڵاتانی ئۆپێک لە ماوەی 1970 تا ئێستا و سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوانیان و جیاوازیی سیاسەتە گشتییەکانیان نیشانیان داوە و زۆرجار لە پێکانی ئامانجانە دیاریکراوەکاندا سەرکەوتوو بوون، بە دڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین ئۆپێک ڕێبەری سەرەکی بازاڕی وزە و بەتایبەتی نەوت بووە، لانیکەم لە ماوەی 1970 تا 2010، بەڵام ئایا لە داهاتووشدا ئەو داتا و ئامارانە یارمەتییان دەدەن بۆ بەردەوامبوونیان لە ڕێبەرایەتی بازاڕی جیهانی وزە یان یاسای یارییەکە گۆڕاوە و ئەوانیش دەبێت ئەوە قبوڵ بکەن؟ ئایا بەرزبوونەوەی تەمەنی ڕێککەوتنەکەیان بووەتە هۆی پوختەبوون یان لاوازبوونی ئەو ڕێکخراوە؟

## کاریگەرییەکانی ئۆپێک لەسەر بازاڕی نەوت

ڕاگرتنی هاوسەنگی و ئاستی نرخی نەوت لە بازاڕ، هەم لەلایەن وڵاتانی هەناردەکار و هەم لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و بەکارهێنەری نەوت گرنگییەکی تایبەتی هەیە، زۆر بەرزبوونەوەی نەوت دەبێتە هۆی هاندانی وڵاتانی بەکارهێنەر بۆ بیرکردنەوە لە سەرچاوەی دیکەی وزە و پێچەوانەی مەبەستە سەرەکییەکانی ئۆپێکە، زۆر دابەزینی نرخی نەوتیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئابووریی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت و کەمکردنی ئاستی هاوردەکردنی کاڵا و بەرهەمە پیشەسازییەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئەوەش پێچەوانەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەوانە، بۆیە جیهان و بەتایبەت وڵاتانی ئۆپێک بەردەوام لەهەوڵدا بوون، لەکاتی پێویست و بە شێوازی جیا کاریگەریی خۆیان لەسەر بازاڕی نەوت دابنێن، جاری وایە بە دابەزاندنی خۆبەخشانەی ڕێژەی بەرهەمهێنان یان بەرزکردنەوەی ئەو ڕێژەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کورتهێنانی نەوت لە بازاڕ.

یەکەم کاریگەریی بەرچاوی وڵاتانی ئۆپێک لەسەر بازاڕی نەوت، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای حەفتاکان کە بە بایکۆتکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بوونە هۆی کورتهێنانی ڕێژەی دابینکردن و لەئەنجامدا بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت لە سێ دۆلارەوە بۆ سەرەوەی 11 دۆلار. بەردەوامبوونی ئەو سیاسەتانە و گرفتەکانی بەردەم هەناردەکردنی نەوتی وڵاتانی ئەو ڕێکخراوە، نرخی نەوتی گەیاندە 30 دۆلار لە سەرەتای ساڵانی 1980. کاتێکیش لە ناوەندەکانی ئەو دەیەیە وازهێنانیان لە سیاسەتی دابەزاندنی ڕێژەی بەرهەمهێنان ڕاگەیاند، نرخی نەوتیان بۆ ژێر 10 دۆلار دابەزاند، جگە لەوەی ئابووریی خۆیان تووشی گرفت کرد، بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا جیهانییەکانی ئەو بوارەشیان موفلیس کرد.

لەساڵی 1999، وڵاتانی ئۆپێک دیسان بە دابەزاندنی قەبارەی بەرهەمهێنان بە ڕێژەی 1.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، توانییان باڵانسی بازاڕ بگرنەوە دەست و نرخی نەوت لە 12 دۆلارەوە بگەیێننە 26 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، بەردەوامبوونیان لە ڕاگرتنی ئەو باڵانسە، نرخی نەوتی تا سەرەوەی 32 دۆلار لە ساڵی 2000 بەرز کردەوە.

لەسەدەی نوێشدا ئۆپێک لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەوت بەردەوام بوو، لەدوای دابەزینی لەناکاوی نرخی نەوت لە 140 دۆلارەوە بۆ 30 دۆلار لە ماوەی پێنج مانگی کۆتایی ساڵی 2008، وڵاتانی ئۆپێک توانییان ڕێککەوتنێکی سەرسوڕهێنەر بکەن و بە تۆمارکردنی ڕێژەیەکی پێوانەیی تا ئەوکات، قەبارەی بەرهەمهێنانی خۆیان زیاتر لە 2.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێنن و نرخی نەوت لە 30 دۆلارەوە بۆ 80 دۆلار لە ماوەی ساڵێکدا بەرز بکەنەوە.

## دوایین کاریگەریی ئۆپێک و گۆڕانی گۆڕەپانی بازاڕی نەوت:

بەڵام کاتێک لە ساڵی 2014 و بەهۆی دابەزینی گەشەی ئابووریی جیهانی و بەرزبوونەوەی قەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت، هەستیان بە گۆڕان لە یاساکانی پێشبڕکێی بازاڕی نەوت کرد و هەوڵیان دا (بە ڕێبەریی سعودیە) بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان ڕکابەرەکانیان لاواز بکەن و لەمەیدان بیانکەنە دەرەوە، دابەزینێکی تری لەناکاوی نرخی نەوتیان تۆمار کرد لە 110 دۆلارەوە بۆ 25 دۆلار، هەرچەندە زیاتر لە دوو ساڵی خایاند تا تێبگەن لەوەی یاسای یاری گۆڕاوە و ئەو سیاسەتەیان نە تەنیا ڕکابەرەکانیانی لە گۆڕەپانەکە دەرنەکرد، زیانی گەورەی بە ئابووریی خۆشیان گەیاند و بەناچار لەناو خۆیان و لەگەڵ بەشێک لە وڵاتانی دەرەوەی ڕێکخراوەکەیان ڕێککەوتنێکی نوێیان بۆ دابەزاندنی زیاتر لە ملیۆنێک و 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا واژۆ کرد و چاوەڕوانیان دەکرد بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە بتوانن وەک جاران نرخی نەوت بەرز بکەنەوە و پێشبینی 60 دۆلاریان بۆ هەر بەرمیلێک دەکرد (ڕۆیتەرز، 2016/12/10)، کەچی تائێستا و پاش دوو مانگ لەو ڕێککەوتنە، نەیانتوانیوە زیاتر لە پێنج دۆلار نرخی نەوت بەرز بکەنەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکاری جیاواز کە پێدەچێت بەگشتی، کاریگەریی وڵاتانی هەناردەکاری نەوتیان لەسەر بازاڕی وزە و نەوت دابەزاندبێت، وەکوو:

**1- زیادبوونی وزەی نوێ لە کۆی وزەی جیهان:**

هەر لە دوای یەکەم بەکارهێنانی نەوتەوە وەکو چەک لەلایەن وڵاتانی ئۆپێک (لە ساڵانی 1970)، وڵاتانی پێشکەوتووی بەکارهێنەری نەوت، ڕوویان کردە داهێنان و بەکارهێنانی وزەی نوێ (ئەتۆمی، خۆر، با و ئاو ...) و لەئەنجامدا بەشی ئەو وزانە لە کۆی وزەی جیهانی لە نزیکەی 0%ـەوە لە ساڵی 1965 گەیشتە زیاتر لە 5% لە ساڵی 2014 و پێشبینی دەکرێت بۆ سەرەوەی 10% تا 2025 بەرز ببێتەوە.

**2- بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک:**

سیاسەتی بێمنەتبوون لە نەوتی ئۆپێک، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لە وڵاتانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزکردووەتەوە، بەتایبەت لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین. ولایەتە یەکگرتووەکان وەک گەورەترین هاوردەکاری نەوت گەیشتووەتە ئاستی بێمنەتبوون لە هاوردەکردنی نەوت و قەبارەی بەرهەمهێنانی خۆی بۆ 9 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی 2016، بەرز کردووەتەوە. بەرهەمهێنانی چینیش لە خوار یەک ملیۆن بەرمیل لە 1970وە گەیشتووەتە چوار ملیۆن و 50 هەزار بەرمیل لە 2016 و بەشێکی بەرچاوی پێداویستییەکانی خۆی لە بەرهەمی ناوخۆ دابین دەکات.

لەماوەی 1974 تا 2014، سەرەڕای بەرزکردنەوەی 20%ی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتانی ئۆپێک، بەشی ئەو وڵاتانە لە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان لە سەرەوەی 50% بۆ کەمتر لە 40% دابەزیوە، لەهەمان کاتدا قەبارەی بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک زیاتر لە دوو هێندە (100%) زیادی کردووە.

**3- وەبەرهێنانی نەوت لە سەرچاوە نائاساییەکان:**

تەکنۆلۆجیای نوێ، ڕێگەی بۆ بەرهەمهێنان لە سەرچاوە نائاساییەکانی نەوت، وەکوو نەوتی بەردین خۆش کردووە و ئێستا زیاتر لە 1.600 حەفارە تەنیا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ دەرهێنانی نەوت و گازی بەردین دانراون. گران ڕاوەستانی خەرجیی بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرانە کە گرفتی سەرەکی سەر ڕێگای ئەو جۆرەی نەوت بوو، لەو دواییانەدا بە هاتنی تەکنۆلۆجیای نوێ، لاچووە و ئێستا نەوتی بەردین بەهۆی بەرزیی ژمارەی بیرە ئامادەکراوەکان (کە دوای دابەزینی نرخی نەوت ڕاوەستابوون) و دابەزینی نرخی بەرهەمهێنان لە بیرە نوێیەکان (تا ئاستی 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک)، توانای هاتنی بەپەلەیان هەیە بۆ ناو بازاڕی نەوت و دەست گرتنیان بەسەر بەشێکی بەرچاوی موشتەرییەکانی ئەو بازاڕەدا.

**4- بەرزکردنەوەی کارایی وزە:**

کە توانیویەتی ڕێژەی کار و بەرهەم لە هەر یەکەیەکی وزە بەرزبکاتەوە و پێداویستی بۆ وزە لە کاری بەرامبەردا دابەزێنێت.

## داهاتووی بازاڕی نەوت و ڕێگەچارەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت:

هەرچەند ئۆپێک بە بەرزکردنەوەی قەبارەی بەرهەمهێنانی خۆی لە 2014 دا توانی نرخی نەوت زیاتر لە 60% دابەزێنێت، بەڵام ڕێککەوتنی نوێی ئەو وڵاتانە لەناوخۆیان و تەنانەت لەگەڵ چەند وڵاتێکی دەرەوەش، تائێستا تەنیا 10% نرخی نەوتی بەرز کردووەتەوە، واتا لەوانەیە بەرزکردنەوەی قەبارەی دابینکردنی نەوت بتوانێت نرخی نەوت لە بازاڕ دابەزێنێ، بەڵام دابەزاندنی بەرهەم لەلایەن هەمان ئەو وڵاتانەوە ناتوانێت کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بازاڕ و نرخی نەوت هەبێت، واتا بە هاتنی نەوتی بەردین کە نەوتێکی خێرایە لە هاتنە ناو بازاڕ و کاتێکی زۆر کەمتری لە نەوتی ئاسایی پێویستە، هەروەها بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجی نوێ بۆ دابەزاندنی خەرجیی بەرهەمهێنانی ئەو جۆرەی نەوت، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی وزەی نوێ و دابەزینی داواکاری بۆ نەوت، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت (وەکوو هەرێمی کوردستان) ناچارن هاوکات کە خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دادەبەزێنن، قەبارەی بەرهەمهێنانیشیان بەرز بکەنەوە و بە بەستنی گرێبەستی درێژخایەن لەگەڵ پاڵاوگە گەورە جیهانییەکان، پێگەی خۆیان بەلانیکەم بۆ ماوەیەکی زیاتر لە بازاڕی نەوت قایم بکەن، دەنا لەو بازاڕەی بەرهەم بەردەوام ڕووی لە بەرزبوونەوەیە و داواکاری دادەبەزێت، هیچ خوازیارێکیان نابێت، یان لە فرۆشتنی نەوتەکەیان قازانج ناکەن.

*ڕاوێژکاری ئابووریی وزە

## داتای هەڵە دەداتە ڕێکخراوەکە

# عێراق خۆی لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک دەدزێتەوە

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

### شارەزایەکی کاروباری ئۆپێک:

## تا دوو مانگی دیکە ئاستی پابەندبوونی وڵاتانی ئۆپێک بە ڕێککەوتنەکە دەگاتە 95%



مانگێک و چەند ڕۆژێک بەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەندامانی ئۆپێک بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت تێپەڕی. شارەزایەکی کاروباری ئۆپێک پێشبینی دەکات لە ماوەی چارەگی یەکەمی ئەمساڵدا تاڕادەیەکی زۆر وڵاتانی ئەندام پابەندبن بە ڕێککەوتنەکە.

ڕێکخراوی ئۆپێک لە 30ی نۆڤەمبەری 2016 و دواتر لە 10ی دیسەمبەری هەمان ساڵدا دوو ڕێککەوتنی گرنگی واژۆ کرد، ئەوەی یەکەمیان ناوخۆیی بوو، دووەمیشیان لەگەڵ بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکانی دەرەوەی ئۆپێک بوو جگە لە ئەمریکا، بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت.

بەپێی هەردوو ڕێککەوتنەکە، دەبێت لەسەرەتای ئەمساڵ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت کە واژۆیان لەسەر ڕێککەوتنەکە کردووە، 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە لە ئاستی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوە. ئەمەش لەپێناوی سەقامگیرکردنی نرخی نەوت کە لە قازانجی وڵاتانی بەرهەمهێنەر بێ، بەڵام بەپێی قسەی ئەلێکساندەر نۆڤاک، وەزیری وزەی ڕووسیا، بەرهەمهێنەرانی نەوت لە مانگی ڕابردوودا ڕۆژانە تەنیا 1.4 ملیۆن بەرمیل نەوتیان کەم کردووەتەوە.

ڕووسیا کە بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیاری داوە 300 هەزار بەرمیل نەوت کەم بکاتەوە، مانگی ڕابردوو ڕۆژانە تەنیا 100 هەزار بەرمیل نەوتی کەم کردووەتەوە. شوان زوڵاڵ، خاوەنی کۆمپانیای کاردۆخی بۆ ڕاوێژکاریی وزە لە بەریتانیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، خوێندنەوە بۆ ڕووسیا زۆر ئەستەمە، هاوکات ئەستەمیشە ڕووسیا 100% پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکە، بەهۆی ئەوەی کۆنترۆڵی نەوتی ڕووسیا بە تەواوەتی لەدەستی حکومەت نییە".

سەبارەت بە پابەندبوونی ئەو وڵاتە لە داهاتوودا، زوڵاڵ گوتی "ڕووسیا چاوەڕێی گۆڕانکارییەکانی بازاڕی نەوت دەکات، ئەگەر لە دوو مانگی داهاتوودا گۆڕانکاریی ئەرێنی لە نرخی نەوتدا ڕوویدا، ئەوا ئاستی پابەندبوونەوەکەی زیاد دەکات".

بەگوێرەی داتاکانی ئاژانسی بلوومبێرگ، کۆی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی ئۆپێک لە مانگی یەکی ئەمساڵ 840 هەزار بەرمیل دابەزیوە. بەڵام نایجیریا، لیبیا و ئێران کە ئەندامی ئۆپێکن و لە ڕێککەوتنەکە بەخشراون، ئاستی بەرهەمی ئۆپێکیان بە ڕادەی 270 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزکردووەتەوە.

داتا سەرەتاییەکانی ئۆپێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕێکخراوەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ڕۆژانە 32.3 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، بەمەش 10 وڵاتە ئەندامەکەی ئۆپێک کە لە ڕێککەوتنەکەی ئۆپێکدا بەشدارن، بە ڕێژەی 83% پابەندی ڕێککەوتنەکە بوون.

شوان زوڵاڵ دەڵێت "پابەندبوونی ئۆپێک بەو ئاستەی ئێستا شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام ناشبێت زۆر گەشبین بین، چونکە ڕەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکاریی گەورە ڕووبدەن".

د.عەتوف عەبدولموهەیمەن بارزانی کە دکتۆرای لە ئابووریی نەوت هەیە و شارەزایە لە کاروباری ڕێکخراوی ئۆپێک، پێیوایە سێ هۆکار لە پشت پابەندنەبوونی 100%ی ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێککەوتنەکەی 30ی نۆڤەمبەری ڕابردووەوە هەن، ئەوانیش: گرێبەستەکان، گۆڕانی کەشوهەوا و خۆدزینەوەی بەشێک لە وڵاتان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە.

عەتوف بارزانی نموونەی بە عێراق هێنایەوە و گوتی "یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خۆی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەدزێتەوە و داتای هەڵە بە ئۆپێک و ناوەندەکانی وزە دەدات".

بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرز، عێراق لە یەکەم مانگی 2017دا ئاستی بەرهەمهێنانی لە 4.71 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانەوە دابەزاندووە بۆ 4.52 ملیۆن بەرمیل، بەوەش ئاستی پابەندبوونی عێراق بە ڕێککەوتنەکە 24% کەمترە لە پابەندبوونی وڵاتانی دیکە بە هەمان ڕێککەوتن.

د.عەتوف گوتی "ئێستا ڕێکخراوی ئۆپێک جگە لە لیژنەی بەدواداچوون بۆ ئاستی پابەندیی بەرهەمهێنەران بە ڕێککەوتنەکە، لیژنەیەکی دیکەشی داناوە بۆ چاودێریکردنی داتاکانی وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکخراوە، چونکە پێشتر داتای هەڵەیان بە ڕێکخراوەکە داوە".

سەبارەت بە کاتی پێشبینیکراو بۆ پابەندبوونی تەواوەتی بە ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، ئەو شارەزایەی کاروباری ئۆپێک ڕایگەیاند "لە دوای چارەگی یەکەمی ئەمساڵەوە ئاستی پابەندبوونی وڵاتان بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت دەگاتە نزیکەی 95%".

سعودیەی گەورە بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێک، تا ڕادەیەکی زۆر باش پابەندبوونی خۆی بەو ڕێککەوتنە نیشانداوە، بە بڕوای زوڵاڵ گرێدراویی سعودیە بە ڕێککەوتنەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو وڵاتە دەستپێشخەر بووە بۆ ئەو ڕێککەوتنە و هاوکات لە ماوەی ڕابردووشدا زیانێکی گەورەی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بەرکەوتووە.

سەرەڕای ئەوەش، داتاکانی یەکەی کارگێڕیی وزەی ئەمریکا ئاشکرای کردووە لە هەفتەی ڕابردوودا ئاستی یەدەگی نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکا 6.5 ملیۆن بەرمیل زیادی کردووە و تێکڕای نەوتی یەدەگی کۆگاکراویش گەیشتووەتە 494.76 ملیۆن بەرمیل، ئەو زیادبوونەی ئاستی نەوتی کۆگاکراو و بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا، بەڕای شارەزایان هەڕەشەن لە بەردەم ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، هاوکات ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکاش بەردەوامە لە زیادبوون.

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمریکا دەتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی ئۆپێک؟ د.عەتوف گوتی خەرجیی بەرهەمهێنانی یەک بەرمیل نەوتی لیتەیی بۆ ئەمریکا "55 تاوەکو 60 دۆلارە و سەرهەڵدانی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئەمریکاش ڕێگر دەبێت لە دروستکردنی هەڕەشە، بۆیە ئێستا نەوتی لیتەیی ئەمریکا ناتوانێت ببێتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە، تا نرخی نەوت لە خوار ئاستی 65 دۆلار بێت".

هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 444 ) – دووشەممە 2/6/...



## فێستیڤاڵەکەی سلێمانی خۆماڵییە

**پشتیوان جەمال / ڕووداو– سلێمانی**

وا بڕیارە لە کۆتایی مانگی ئاداری ئەمساڵدا یەکەمین فێستیڤاڵ بۆ دەقی شانۆی کوردی لە شاری سلێمانی ساز بکرێت و چەند ڕۆژێک بخایەنێت.

ئامانج ئیبراهیم، بەڕێوەبەری بەشی شانۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2017/3/27 بە هاوکاریی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان فێستیڤاڵێک بۆ دەقی شانۆی کوردی ساز دەکەن.

گوتیشی "ئەو فێستیڤاڵە تایبەتە بە دەقی شانۆی کوردی، بەرهەمەکان دەقی خۆماڵین نەک بیانی، ئەوەش یەکەمجارە دەکرێت، بۆ فێستیڤاڵەکە 15 بەرهەم پێشکەش کرابوون، بەڵام لەلایەن لیژنەیەکەوە حەوت دەقیان پەسەندکران و لە فێستیڤاڵەکەدا نمایش دەکرێن".

### 75%ی کارەکانی تەواو بووە

# ناوەڕاستی ئەمساڵ مەزنترین هۆڵی شانۆیی لە سلێمانی دەکرێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا، شاری سلێمانی خشتێکی دیکە دەخاتە سەر پرۆژەی پایتەختی ڕۆشنبیری، ئەویش تەواوبوونی شانۆی ڕۆمانییە کە شوێنی پێنج هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە. بە گوتەی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکە، شانۆی ڕۆمانی گەورەترین هۆڵی شانۆ دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ڕۆژی 2004/3/17 د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەی پارکی هەواری شاری لە سلێمانی دانا کە ڕووبەرەکەی 4400 دۆنمە. بەرهەم ساڵح هەر لەنێو ئەو پارکەدا باسی بیرۆکەی دروستکردنی شانۆی ڕۆمانیی کرد. لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا بەشێکی پارکەکە کرایەوە و وا بڕیاریشە ناوەڕاستی ئەمساڵ، شانۆی ڕۆمانی بۆ چالاکییە هونەرییەکان ئامادە بێ.

پرۆژەکە لەسەر دیزاینی شانۆی کۆلۆسیۆمی ڕۆما دروست دەکرێتەوە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمادا دامەزراوە. پێشتر بەرهەم ساڵح، سەرۆکی بۆردی هەواری شار لە تویتێکدا وێنەی پرۆژەکەی بڵاوکردبووەوە و وەک پرۆژەیەکی کولتووریی گرنگ ناوی بردبوو.

شاری سلێمانی بە بڕیاری ژمارە 14ی پەرلەمانی کوردستان، لە ساڵی 2012ـەوە وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری ناسێنراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 20 ملیار دیناری بۆ تەواوکردنی پێداویستییەکانی پایتەختی ڕۆشنبیری تەرخان کردووە، لەو بودجەیەش بڕی شەش ملیار دیناری بۆ شانۆی ڕۆمانی تەرخان کراوە.

شانۆی ڕۆمانی دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای هەواری شار و بەشێکی بە گردێکەوە و بەشێکی دیکەشی لە چاڵاییدایە. ڕێبین جەمیل، بەڕێوەبەری پارکی هەواری شار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەشێکی ئەو هۆڵە چاڵە و بەشێکیشی بە گردەکەوە نووساوە، هۆکارەکەی ئەوەیە لەڕووی بودجەوە کەمتری تێبچێت و جوانیش بە شوێنەکە ببەخشێت، هەروەها لە بەشی سەرەوە واتە لە شوێنی دانیشتنی بینەرەکان، لە بەشی خوارەوەش خەڵک دەتوانن بێنە ژوورەوە".

تەندەری پرۆژەکە ڕۆژی 2014/9/3 دراوەتە کۆمپانیایەک، دەبوو لە ماوەی 600 ڕۆژدا تەواو بکرێت، بەڵام بە گوتەی دەریاس محەممەد، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، بەهۆی گۆڕانکاریی لە دیزاینی شوێنی دانیشتنی بینەران و هەروەها بەهۆی نەمانی بودجە، ماوەی ساڵێک کارکردن لە پرۆژەکە وەستا.

دەریاس گوتی "سەرەتا لە دیزایندا وا دانرابوو شوێنی دانیشتنی بینەرەکان بە بلۆک و بەرد دروست بکرێت، بەڵام ئەو بلۆکەمان بۆ کۆنکرێت گۆڕی، چونکە بلۆکەکە مەترسی ڕۆچوونی هەبوو". هەروەها گوتی "پرۆژەکە نزیکەی شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە".

ڕووکاری دەرەوەی شانۆکە و شوێنی دانیشتنی بینەرانیش بە جۆرە بەردێکی تایبەت دروست دەکرێت، دەریاس گوتی "ئەو بەردە سروشتییە و لە شارەکانی قوم، شیراز و ئیسفەهان لە ئێران بەتایبەت بۆ ئەم تەلارە دروست دەکرێت، تێچووی زیاتری پرۆژەکەش بەهۆی بەردەکەیە، چونکە ئەو بەردە شێوازێکی مێژوویی کۆن بە بیناکە دەبەخشێت، جگە لەوەش چەند پایەیەکی هەر لە ئێرانەوە بەتایبەت بۆ دێت، ئەو پێداویستییانەش لە تایبەتمەندییەکانی هۆڵەکەیە".

کامەران ڕەئوف، دەرهێنەر و شانۆکار کە شانۆی ڕۆمانی لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا بینیوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر ئەو تەلارە لەسەر دیزاینی شانۆی ڕۆمانی دروست بکرێت کارێکی باشە، چونکە شانۆی ڕۆمانی دیزاینی تایبەتی خۆی هەیە لە سیستەمی دەنگ و بەکارهێنانی پێداویستییەکان و نابێت مایکرۆفۆنی تێدا بەکاربهێنرێ".

ڕێبین جەمیل گوتی "تایبەتمەندیی شانۆییەکە بە جۆرێکە کە سیستەمی دەنگی تێدا بەکارناهێنرێ، بەڵکو لە کاتی شانۆیی یان کۆنسێرتدا، ئامادەبووان بێ جیاوازی شوێنی دانیشتن، بە یەک ئەندازە گوێیان لە دەنگەکە دەبێت".

پایتەختی ڕۆشنبیری، خاوەنی چەند هۆڵێکی تایبەت بە شانۆ و کۆنسێرتە، لەوانەش هۆڵی ڕۆشنبیری، دوو هۆڵ لە تەلاری هونەر کە یەکێکیان گەورە و ئەوەی دیکەش مامناوەندە، هەروەها هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان. تەلاری تەواریش کە تایبەتە بە یەکێتی ژنانی کوردستان.

ئامانج ئیبراهیم، بەڕێوەبەری بەشی شانۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی، گرنگیی دروستکردنی شانۆی ڕۆمانی لە سلێمانی بۆ ناسناوی پایتەختی ڕۆشنبیری گەڕاندەوە و گوتی "هەر شارێک ئەو ناسناوەی هەبێت، گرنگە ئەو جۆرە تەلارانەی تێدا بێت و کاتێکیش میوانێک لە دەرەوە دێت دەتوانین شانازی بە شارەکەمانەوە بکەین و بڵێین خاوەنی شانۆی ڕۆمانین".

بە گوتەی دەریاس محەممەد، تاوەکو ئێستا 75%ی کارەکانی ئەو پرۆژەیە تەواو بوون و چاوەڕوان دەکرێت لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا بکرێتەوە. هەروەها ڕێبین جەمیل گوتی "هەواری شار چالاکیی جۆراوجۆری تێدا دەبێت و ساڵانەش فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی و کۆنسێرت هەر لەو شوێنە دەکرێت، پلانیشمان وایە کە تەواو بوو، ڕیکلامی باشی بۆ بکەین".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## دارین عاشقی بەڕێوەبەرەکەیەتی

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت**

خانمە ئەکتەر و پێشکەشکاری بەناوبانگی کەشوهەوای لوبنانی دارین شاهین دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ هاوژینەکەی زیاتر پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیە و کەمتر وەک دوو هاوژین مامەڵە دەکەن، هەروەها دەڵێت، هاوژینەکەی زۆرجار لە کاتی خەودا وێنەی دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە.

دارین شاهین، بە یەکێک لە ورووژێنەرترین بێژەرەکانی کەشوهەوا لە وڵاتانی عەرەبی دەناسرێت، بە بەردەوامی ڤیدیۆکانی لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە. پێنج ساڵیشە وەک ئەکتەر دەردەکەوێت و لە چەند زنجیرە درامایەکدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، ئێستا درامایەکی لە ئێم بی سی پەخش دەکرێت.

دارین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە وێنەگرتنی زنجیرە درامایەکی نوێ دەکەین کە لە کەناڵی mtv لوبنانی پەخش دەکرێت، دراماکە باس لە کچێکی شارەزا لە بواری بزنس دەکات کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی".



## پزیشکان سەریان لە گۆیژە سوڕماوە

**دەریاز یونس**
**ڕوودا– هەولێر**

گۆیژە، خانمە نمایشکاری کوردی دانیشتووی سوێد، پزیشکەکانی تووشی سەرسوڕمان کردووە، چونکە نازانن بۆچی توانای ڕۆیشتنی لەدەستداوە "شەوێک خەوتم، بەیانی کە هەستام نەمتوانی بڕۆم".

گۆیژە کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد دەژی، بە (ڕووداو)ی گوت "هیوام لەدەست نەداوە، وەک نمایشکارێک لە کارەکەم بەردەوامم و خەونی گەورەم هەیە، دانیشتن لەسەر کورسی خەونەکانی نەکوشتووم".

گۆیژە دەشڵێت "لە سوێد بەشێوەیەکی خێرخوازی یارمەتی ئەو کەسانە دەدەم کە تازە دەکەونە سەر کورسی و قبوڵی ناکەن، یارمەتییان دەدەم کە ژیان بە جوانی ببینن و لە خەون و کارەکانیان بەردەوام بن".

گۆیژە ساڵی 1989 لە شارۆچکەی کۆیە لەدایک بووە، ماوەی چەند ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی چوونەتە سوێد و ئێستا لە ستۆکهۆڵم نیشتەجێن.



## شەوی بووکێنی لە هەولێر نمایش دەکرێت

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو– هەولێر**

شانۆگەریی شەوی بووکێنی بە سپۆنسەری ڕووداو لە ڕۆژی 11ی ئەم مانگە لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت.

گەزیزە عومەر، نووسەری دەقی شانۆگەرییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکەمین نمایشی شانۆگەریی شەوی بووکێنی، لە هەولێر لە هۆڵی میدیا بە سپۆنسەری ڕووداو نمایش دەکرێت". شانۆگەرییەکە 2017/2/11 کاژێر پێنجی ئێوارە نمایش دەکرێت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت".

گەزیزە گوتیشی "بڕیارە دوای شاری هەولێر لە سلێمانی و دەرەوەی کوردستان نمایش بکرێت، چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە باس لەو گیروگرفتانە دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردیدا هەن".



شانۆگەریی شەوی بووکێنی لە دەرهێنانی دێرین حامیدە و لەلایەن گرووپی شانۆیی هاوڕێیانی گەزیزە، نمایش دەکرێت.



## ئۆپێراکەی ڕۆژئاوا کوردی نازانێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – بەیروت**

نەرمین شەوقی، خانمە هونەرمەندی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێت خەتای ئەو نییە زمانی کوردی نازانێت، چونکە لە ماڵەوە هەر بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ کردووە.

نەرمین شەوقی کە لە ئۆپێرا هاوسی دیمەشق دەیان ساڵ گۆرانیی گوتووە و ئێستاش لە بەیروت گۆرانی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئیسپانی و عەرەبی دەڵێت، کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام زمانی کوردی نازانێت.

نەرمین بە (ڕووداو)ی گوت "لە داهاتوودا دەمەوێت گۆرانی بە کوردی بڵێم و کلیپیش بکەم، ئێستا لە پەیوەندیدام لەگەڵ چەند ئاوازدانەرێکی کورد بۆ ئەم کارە، سەردانی هەرێمی کوردستانیش دەکەم".

## ڤێدان بەرهەمە تازەکەی سامانە



**ڕووداو– ستۆکهۆڵم**

سامان ساڵح ئەلیاس، هونەرمەندی کوردی دانیشتووی سوێد، دووەمین سیدیی بەرهەمە هونەرییەکانی خۆی لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە ستۆکهۆڵم بڵاودەکاتەوە. لە داهاتوویەکی نزیکیشدا چاپی سیدییەکانی دەگاتە کوردستان.

سیدیی دووەمی سامان بەناوی (ڤێدان)ەو لە هەشت تراک پێکهاتووە و بریتییە لە چەند گۆرانییەکی تایبەتیی باکوور و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بەشێوەی فۆلک و جاز و مۆزیکی جیهانیی ئامادەی کردووە.

سامان ساڵح کە دوو ساڵە کار لە ئەلبوومەکەی دەکات، بە (ڕووداو)ی گوت "سوودم لە چەند ئامێریکی نامۆ بە مۆزیکی کوردی و توانا و بەشداریی هونەرمەندانی ناسراوی عەرەبی و ئێرانی و سوێدی و فینلاندی و تورکی وەرگرتووە".

LEGACY
CONSTRUCTION








## پیاوێک هاوژینەکەی دەکوژێت

سەرباز سیامەند/ رووداو- وان

لە ناوچەی شاخێی سەر بە شاری وانی باکووری کوردستان، ئافرەتێک دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر گواستنەوەیدا بەناوی نەمانی پەردەی کچێنی، لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرا. کادەر ئۆزەدەمیر، تەمەن 20 ساڵ کە تاقانەی خێزانەکەی بووە، شـووی بە خالید جانچنی 25 ساڵان کردووە.

بە گوتەی کەسوکاری کادەر "خالید بە تۆمەتی نەمانی پەردەی کچێنی و لەسەر ئەوەی پێشتر ئەوی ئاگادارنەکردووەتەوە 59 چەقۆی لە کادەر داوە و کوشتوویەتی". دیارنییە خالید دەستگیرکراوە یان نا، بەڵام کەسوکاری کادەر داوا دەکەن لەسەر ئەو تاوانە لە سێدارە بدرێ.

# خۆی بە لەچکەکەی دەخنکێنێ



بوشرا ئامانج

دیمەن بورهان
رووداو- گەرمیان

ئـەو رۆژە زۆر دڵخـۆش بـوو، چونکـە پزیشـکەکەی مـژدەی پێدابوو کـە رەنگە لەو ماوەیەدا دووگیان بێت، بەڵام بوشـرا، هەمان شەو دوو لەچکی لە یەکدی گرێدا و بە شـێلمانی ژوورەکەیاندا، خۆی هەڵواسی و خۆی خنکاند.

تەمەنـی بوشـرا ئامانـج، تەنیـا چەند مانگێـک بـوو کە دایـک و باوکی لەیەکدی جیابببوونـەوە، بۆیـە لەلایـەن نەنکییـەوە بەخێوکـراوە. بوشـرای تەمەن 18 سـاڵ، تاوەکو پۆلی سێی ناوەندی خوێندبوو. سێ سـاڵ لەمەوبەر لەڕێی پوورێکی خۆیەوە لە کەلار شووی بە کەسێک کرد بەناوی رزگار.

ئاشـنا خەلیـل، پـووری بوشـرا کە لە کـەلار دادەنیشـێ، لەبـارەی پەیوەندیـی نێـوان بوشـرا و هاوژینەکـەی و ماڵـی خەزوورانـی دەڵێت "بوشـرا لەگەڵ هاوژین و ماڵی خەزوورانی هیچ کێشەیەکی نەبوو، هەموو خەڵکی کەلار شـایەتی بۆ باشـیی ئەو خێزانە دەدەن، بەڵام بوشـرا کەسێکی کەللەڕەق بوو، شتێک کە لە مێشکی بووایە هەر دەیکرد".

بوشـرا منداڵـی نەبوو، ئـەو رۆژەی کە خـۆی خنکاند، بەیانییەکەی لای پزیشـک بووە و پزیشـکەکەی پێیگوتووە دە رۆژی دیکـە وەرەوە لام. ئاشـنا دەڵێـت "دایکم لـەلای بوو، هیچ کێشـەیەکی نەبوو، تەنیا حەزی دەکرد ماڵی خۆی هەبێت، بڕیاریش بوو دوای نەورۆز ماڵی بۆ جیابکەنەوە".

لەبارەی رۆژی رووداوەکەشـەوە ئاشـنا دەڵێـت "رۆژی 2017/2/2 بوشـرا و دایکـی چوونە سـلێمانی بۆ لای پزیشـک، نیوەڕۆکـەی گەڕانـەوە کـەلار. نیـوەڕۆ خەوتبـوو، دوای کاژێر شەشـی ئێوارە کە لە خەو هەستا رەنگی مردووی لێنیشتبوو، هیـچ قسـەیەکی لەگـەڵ نەکردیـن، دوای رۆیشـتنی هاوژینـی بوشـرا بـۆ لای هاوڕێکانی، بوشـرا دووبارە چووەوە ژوورە گڵەکەی خـۆی و لە دەوروبەری کاژێر 8ی شـەو دوو لەچکی بەیەکـەوە گرێداوە و بە شێلمانی ژوورەکەیەوە هەڵیواسیوە و خۆی پێ خنکاندووە".

ئاشنا باس لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەش دەکات کـە پێـش خۆخنکاندنـی لەنێـوان خـۆی و بوشـرادا هەبـووە "کاژێـر 7:30 خولـەک بوو بوشـرا تێلفۆنی بۆ من کرد و گوتی ئەمڕۆ پزیشک پێیگوتووم ئینشائەڵڵا منداڵـت دەبێت و بەردەوام بە لە خواردنی دەرمانەکان".

ئاری خەلیل کە مامی بوشرایە، لەبارەی پەیوەندیی نێوان بوشرا و رزگاری هاوژینی دەڵێت "خۆشەویستیی رزگار بۆ کچەکەمان زۆر زۆر بـوو، دڵنیایـن هاوژیـن و خێزانی

## پۆلیس: بوشرا منداڵی نەدەبوو بۆیە خۆی خنکاند

هاوژینـی بوشـرا هیـچ خراپەیەکیان بۆی نەبـووە، چەند جارێک لەسـەر ماڵ جیایی دەمەقاڵێ بووە، بەڵام شتێکی وا نەبوو".

ئـەو مامـەی بوشـرا دەشـڵێت "بـاری دەروونیـی بوشـرا ئاڵـۆز بـوو، تەنانـەت بردبوومانە لای دوو پزیشـکی دەروونیش، بـەڵام پزیشـکەکان دەیانگـوت هیـچ کێشەیەکی نییە".

ئاری نایشـارێتەوە کە بوشرا خەوی زۆر بـووە "خـەوی لەڕادەبەدەر بـوو، لە دوای عەسـر هەتا شـەو دەخەوت، ئەمەش وای لێکرد تەواو هەڵسـوکەوتی بگۆڕێت، چەند جارێـک دوای ئـەوەی عەسـر دەخەوت و شـەوان خەبەری دەبووەوە، هەڵسوکەوتی نامۆی دەکرد، بەڵام دواتر دەیگوت کوا من ئەو هەڵسوکەوتانەم کردووە".

هەروەهـا دەڵێـت "ئـەو رۆژەی کـە بۆ شـەوەکەی خۆی خنکاند، هەر پێکەنیبوو، هیچ خەمێکی نەبوو، دوای لەخەوهەسـتان وای لێهاتبوو".

عەقیـدی یاسـایی لەمیعـە محەممـەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بـە ئافرەتان لە گەرمیان بە (رووداو)ی گوت "ئەو ژنە خۆی هەڵواسـیوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە". دەشـڵێت "بەپێی قسـەی بنەماڵەی ژنەکە و هاوژینەکەشی، بوشـرا هیـچ کێشـەیەکی نەبـووە لەگەڵ خێزانەکەی".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەشی، عەقیـد لەمیعە گوتی "هەموو کێشـەی ئەو ژنە نەبوونی منداڵ بوو، ماوەی سـێ ساڵە سـەردانی دکتـۆر دەکات و لـە هـۆکاری نەبـوون بـە دایـک دەکۆڵێتـەوە تاوەکـو رۆژی رووداوەکـە وەڵامێکی دڵخۆشـکەری وەرنەگرتـەوە، چەنـد رۆژێـک بـەر لـەم رووداوە سـەردانی دکتۆری کردووە، دیارە رەنگـە دکتـۆر پێیگوتبێت ئیـدی منداڵت نابێت، بۆیە پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە".

### خەوی دوای عەسر پەسەندە؟

کەسـوکاری بوشـرا دەڵێن ئەو کچە زۆربەی کات خەوتووە، بەتایبەتی لە کاتی ئێوارانـدا. ئەوەش بەهۆکاری تێکچوونی باری دەروونیی دەزانن.

دکتۆر رێدار ئەمین، پسـپۆڕی نەخۆشـییە دەروونییەکان لەبـارەی خەوتن لەو کاتەدا دەڵێت "لەڕووی زانستییەوە باسی خەوی پاش عەسر نەکراوە. بەڵام هەموو درەنگ نووسـتن و درەنگ هەسـتانێک ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خەمۆکی زیاد دەکات".

## دڵخۆش پێش مردنی

# بیر لە خۆسووتاندن مەکەنەوە، چونکە وەکو من پەشیمان دەبنەوە

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

فرمێسـک لە چاوی خوشکەکەیدا قەتیس مابـوو، دەیگـوت "بـە قوربانت بـم، چەند حـەزی دەکـرد زوو گـەورە ببێـت و بچێتە زانکـۆ، بـەڵام بووی بە سـووتماک، خۆت و خەونەکانت لەگۆڕ نا".

رۆژی 2017/1/29، کچـە قوتابییەکـی تەمـەن 17 سـاڵ بەنـاوی (دڵخـۆش.س)، دانیشتووی گەڕەکی هەڤاڵانی شاری هەولێر، لە ماڵەوە ئاگری لە جەسـتەی خۆی بەردا، دوای سێ رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

دڵخـۆش قوتابیی پۆلی یـازدەی ئامادەیی بوو لە قوتابخانەی سـازانی کچـان. لە دووەم رۆژی پرسـەکەیدا لە هۆڵێکی پرسـە لە نزیک ماڵـی خۆیان، کاتـی نانخواردنی نیوەڕۆ، پۆل پـۆل قوتابیانی قوتابخانەکەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هاتن و لە دایکی کۆبوونەوە، ئەوان بیرەوەرییەکانیـان لەگەڵ کچەکـەی بۆ دایکی دەگێڕایەوە و ئەویش بە کوڵ دەگریا.

جـوان کە خوشـکی گـەورەی دڵخۆشـە، ئێستاش باوەڕ بەوە ناکات خوشکەکەی، خۆی سـووتاندبێ. جوان دەڵێت "پێشـتریش چەند جارێـک هەڕەشـەی خۆسـووتاندنی کردبـوو، بەڵام مـن هیوام پێ بەخشـیبوو، نازانم چۆن ئاوا لەپڕێکدا بڕیاری خۆسووتاندنی دا". جوان باسـی هۆکاری خۆسـووتاندنی خوشـکەکەی دەکات و دەڵێت لەسەر دەمەقاڵەیەکی بچووکی نێوان دایکی و باوکی، خۆی سووتاند.

سـاکینە، دایکـی دڵخـۆش کـە دەنگـی دەرنەدەهـات، باسـی سـاتی خۆسـووتاندنی کچەکـەی دەکات و دەڵێـت "کاژێـر چـواری ئێـوارە بوو، دڵخۆش لە چێشـتخانە خەریکی خوێندن بوو، من و باوکیشـی دانیشـتبووین، گوتـی دایکـە حەزم لە ماکەرۆنـی بە قیمەیە، منیش چووم بۆی ئامادە بکەم. باوکیشی داوای لێکرد بەیانی خۆی حازر بکات بچن پاسـپۆرت دەربهێنـن، بەڵام دڵخۆش گوتی بەیانی ناتوانم دەرسـم هەیە، باوکیشـی لەسـەر ئـەوە لێی تووڕە بوو، منیش گوتم لێیگەڕێ، لەسەر ئەوە دەمەقاڵەیەکی کەم لە نێوانمان دروستبوو".

بـە گوتەی دایکی، دڵخۆش لـەو کاتەدا بە تووڕەییـەوە چووەتـە دەرەوە، دواتـر کاژێـر پێنجـی ئێـوارە چووەتـە گەرمـاو دەبەیـەک نەوتـی بەخۆیـدا کـردووە و ئاگـری لە خۆی بـەرداوە "لەناکاو قیژاندی و هاواری کرد (وەی سـووتام)! ئێمـەش رامانکـرد و ئەویـش بـە راکـردن و بـە ئاگرێکی زۆرەوە بـەرەو نهۆمی خوارەوە دەهات، هاوارمان بۆ دراوسێکان برد و گەیاندمانە نەخۆشخانە".

دایکـی دڵخـۆش دەڵێـت "کچەکـەم لـە نەخۆشـخانە دەیگوت نەمویسـتووە بسووتێم، تەنیا ویسـتم بتانترسێنم و چیدی دەنگەدەنگ نەکـەن". هەروەهـا دەڵێـت "دڵخـۆش لـە نەخۆشخانە بەردەوام هاواری دەکرد و دەیگوت خودایـە بەس ئەمجـارە مەمکوژە، هەرگیز بیر لە خۆسـووتاندن ناکەمەوە، من تووڕە بووم و هەڵەم کرد، نامەوێت کەس بیر لە خۆسووتاندن و خۆکوشـتن بکاتـەوە، چونکـە وەکـو مـن پەشیمان دەبێتەوە".

هاوڕێیانی دڵخۆش لـەو باوەڕەدان دڵخۆش هـەر بەهـۆی کێشـەی نێوان دایکـی و باوکی خـۆی سـووتاندبێ. هاوڕێیەکـی دڵخـۆش کە نەیویسـت ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "ئەو زۆر جـار دەگریـا و دەیگوت کێشـەم هەیە، دایک و باوکـم دەیانەوێت جیاببنـەوە، دایکم دەڵێت دەڕۆم، ئەگەر بڕوات، من داهاتووم دەفەوتێت".

گوتیشـی "دڵخـۆش بـووە قوربانیـی هەڵسوکەوتی خراپی نێو خێزانەکەی".

"دڵخـۆش کچێکی هاروهاج و پڕ لە جوانی بوو، پێم سەیرە کە دەڵێن خۆی سووتاندووە" ئەمە قسەی مامۆستا نیشتیمانە کە توێژەری کۆمەڵایەتـی قوتابخانەکـەی بـوو. مامۆسـتا نیشـتیمان زۆر پەسـنی دڵخـۆش دەدات و دەڵێـت "ئەوەنـدە شـیرین بـوو، ئەوەندە جوڵـە و وزەی زۆر بـوو، بە بڕیاری ئیداری کردمـان بە سـەرۆکی گرووپـی ژینگەپارێزی قوتابخانەکەمان".

مامۆسـتای کوردیـی قوتابخانەکە باسـی پێکەنینـە هەمیشـەییەکەی دڵخـۆش دەکات و دەڵێـت "ئەگـەر رۆژێـک بچوومایـە پۆل و پێنەکەنیبا، دەمگوت خێرە پێناکەنی".

هەروەهـا مامۆسـتا خەنـدە خەلیـل، بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەی دڵخـۆش بـە (رووداو)ی گـوت "زیاتـر لـە 950 قوتابیم هەیـە، شـکم لـە هـەر هەموویـان بکردایە خۆیـان بسـووتێنن، شـکم لـە دڵخـۆش نەدەکرد، چونکە زۆر هیوای بە ژیان هەبوو، قوتابییەکی زیرەک و رێک بوو".



دڵخۆش لەداخی شەڕی دایک و باوکی، خۆی سووتاند

### گوێ لە کچەکانیان ناگرن

زۆربـەی کچـەکان لـە قوتابخانە دەردەدڵـی خۆیان لـەلای توێـژەری کۆمەڵایەتیی قوتابخانەکەیان دەکەن. مامۆسـتا نیشـتیمان کە توێژەری کۆمەڵایەتییە لە قوتابخانەی سازان، گوتی "سـێ سـاڵە توێژەری کۆمەڵایەتیم. گەورەترین کێشەی کچەکان ئەوەیە کە کەس نییە گوێیان لێ بگرێ، خێزانیش سـەرەکیترین کێشـەی کچانە. دایک پێویستە وەک هـاوڕێ بێت لەگەڵ کچەکەی، بەتایبەت لە تەمەنی هەرزەکاریدا. بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر کەم خێزان هەیە گوێ لە کچەکانیان بگرن. کچ دێتە لام کێشەی خۆی باس دەکات، بەڵام دەڵێت نابێت بە کەسوکارم بڵێی".

# خۆی هەڵدایە نێو دەریاچەی دووکان

عومەر چاوشین
رووداو — دووکان

پیرۆز لە ماڵەوە روخسەتی لە دایکی وەرگرت، گوایە سـەردانی ماڵی خاڵـی دەکات، بەڵام ملی رێی دەریاچەی دووکانی گرتەبەر و خۆی فڕێدایە نێو دەریاچەکە و خنکا. کەسـوکاری دەڵێن ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

رۆژی 2017/1/26، کچێکی تەمەن 19 سـاڵ بەناوی پیرۆز عارف عەبدولڕەحمان، دانیشتووی گوندی جۆبلاغی سـەر بە قـەزای دووکان، خۆی خستە نێو دەریاچەی دووکان و خنکا.

رەمـەزان عـارف، برا گەورەی پیـرۆز دەڵێت خوشـکەکەی هیچ کێشـەی لەگەڵ کەس نەبووە و لـە ماڵەوەش زۆر نازیـان هەڵگرتووە، چونکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

رەمەزان باسی نەخۆشیی خوشکەکەی دەکات و دەڵێت "خوشـکەکەم تەمەنی 10 سـاڵان بوو، لە خەو راپەڕی، دواتر بوورایەوە و کەفی لە دەم دەرهات، بەڵام نازانم هۆکارەکەی چی بوو. بردمان بۆ لای پزیشک، ئەو دەرمانانەی بەکاری دەهێنان بۆ ماوەیەکی کاتی پێی چاک دەبوو، دواتر وەکو خۆی لێدەهاتەوە".

بە گوتەی رەمەزان، پزیشکەکان لە کوردستان پێیانڕاگەیاندووە کە چارەسەری خوشکەکەی لە دەرەوەی وڵاتە، بەڵام باری ئابوورییان رێگر بووە لەوەی بیبەنە دەرەوە.

رەمـەزان گوتـی "پیـرۆز هەندێکجـار نەخۆشـییەکەی زۆر بە توندی دەگرت، دوو جار هەوڵی کوشـتنی خوشکە بچووکەی دابوو، چوار جاریش هەوڵی خۆکوشتنی دابوو".

رەمـەزان باسـی ئـەو رۆژە دەکات کـە خوشـکەکەی، خۆی فڕێداوەتە نێو ئاوی دووکان "کاژێـر نزیکەی دووی نیوەڕۆ بوو، تەنیا دایکم و منداڵەکان لە ماڵەوە بوون، پیرۆز نووستبوو، کە لە خەو هەستابوو بە دایکی گوتبوو دەچمە ماڵی خاڵم، بەڵام یەکسـەر چووەتە سـەر دەریاچەی دووکان و خۆی خستووەتە نێو ئاوەکە".

رەمەزان دەڵێت خوشکەکەی سێ کاژێر لەنێو دەریاچەی دووکاندا ماوەتەوە، لەو شـوێنەی کە خۆی لێ هەڵداوەتە نێو ئاوەکە کیسەیەک دەرمان و ناسـنامەی باری شارستانییەکەی کەوتبوو کە ئێستا لەلای پۆلیسن.

رەمەزان رەتیکردەوە هیچ کەسێک دەستی لە رووداوەکـەدا هەبووبێ، بۆیە دەڵێت "سـکاڵامان لەسـەر کەس نییە و کەسـیش سـکاڵای تۆمار نەکـردووە، خوشـکەکەم نەخۆشـیی دەروونـی هەبووە بۆیە خۆی خنکاندووە".

سابیر ئەحمەد کە ئامۆزای پیرۆزە، قسەکانی برای پیرۆز پشتڕاسـت دەکاتەوە کە دەڵێت ئەو کچە نەخۆشیی دەروونی هەبووە.

سـابیر کە دەڵێت چەند جارێـک ئامۆژگاریی پیرۆزی کردووە، باسی باری دەروونیی ئەو کچەی کرد و گوتی "زۆر جار کە تووڕە دەبوو دەسـتی دەوەشـاند، قسـەی نەشـیاوی بـە دەوروبەری دەگـوت، زۆرجـار ئامۆژگاریم دەکـرد کە خەڵک ئـازار نەدات، بەڵام ئەو دەیگوت بەدەسـت خۆم نییە، ئەگەر کەسـێک ئـازار نەدەم، دەبێت خۆم ئازار بدەم". سابیر یەکەم کەس بووە لە رووداوی خۆخنکاندنی ئامۆزاکەی ئاگادار کراوەتەوە.

نەقیب سـائیب سـەلام، گوتەبێژی پۆلیسـی پارێزگای سـلێمانی بە (رووداو)ی گوت "پۆلیس دۆسـیەی بۆ ئـەو رووداوە کردووەتـەوە، بەپێی لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان ئـەو کچە نەخۆش بووە، راپۆرتەکانی پزیشکیش ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە. خۆخنکاندنەکەشـی هەر پەیوەندی بە نەخۆشـییەکەیەوە هەیە، بۆیە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە".

### پێویستیان بە مەلەوانە

رائید فەرەیدوون زرار، لێپرسـراوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە قـەزای دووکان گوتـی، خۆخنکاندنی پیرۆز عارف لە دەریاچـەی دووکان، یەکەم حاڵەتی خۆخنکاندنی ئەمساڵە لە سنووری قەزای دووکان.

سەبارەت بە رێگری لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە رووداوانەش گوتی "لەبەشێکی بەنداوی دووکان گەشتوگوزار و راوەماسـی قەدەغەیە. بەڵام لە بەشێکی بەرفراوانی، خەڵک ئازادە بڕوات بۆ هەر شـوێنێک. بۆیە نازانرێت ئەو خەڵکانە کە دەڕۆن چ نیەتێکیان هەیە. بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی نەبێت ئێمە داوا دەکەین مەلەوانی شـارەزا بۆ ئەو سنوورە زیاد بکرێت، بۆ رێگری لەو جۆرە رووداوانە".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 444 ) - دووشەممە 2017/2/6



## باوکی هەشت منداڵ دەکوژرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

لە ناوچەی هوانەی سەر بە شارۆچکەی عەربەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی، پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ بەناوی (ع.م.س) کە خاوەنی هەشت منداڵ بوو بە دوو گوللە کوژرا. نەقیب سائیب سەلام خورشید، گوتەبێژی یاریدەدەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بۆ کاروباری قەزاکان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پیاوە دوو گوللەی بەرکەوتووە، دوای ئەوەی گەیەنراوەتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە". سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش، ئەو بەرپرسەی پۆلیس گوتی "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە پێدەچێت ئەو کەسە کێشەی پارەی هەبووبێت، بۆیە تەقەی لێکراوە و کوژراوە".

# لەسەر کوژرانی باوکی، لە مێردەکەی جیادەبێتەوە

## سروە: مێردەکەم بەردەوام لێی دەپرسیم ئەگەر بکوژی باوکتان بدۆزنەوە چی لێدەکەن؟!

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو — هەولێر**

ماڵی مام حوسێن، 80 هەزار دۆلاریان بۆ دروستکردنی خانوو دانابوو، بەڵام هەمان ئەو پارەیە بووە هۆکاری کوژرانی مام حوسێن. کچێکی ئەو پیاوە لەسەر کوژرانی باوکی دەیەوێ لە مێردەکەی جیاببێتەوە چونکە بە بکوژی باوکی خۆیی دەزانێ. کوڕێکی مام حوسێنیش دەڵێت "زاواکەمان لە ماوەی مانگێکدا سێ جار پلانی بۆ کوشتنی باوکم و دزینی پارەکەی دانابوو".

حوسێن ڕەسوڵ، 76 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری هەولێر و باوکی 10 منداڵ بوو، لە مەیدانی ئاژەڵان لە هەولێر کاری دەکرد، ساڵێک و هەشت مانگ لەمەوبەر لەنێو ماڵەکەی خۆیدا درایە بەر چەقۆ و کوژرا.

کوڕەکانی دەڵێن "باوکمان لەلایەن (ع.ی)ی زاوامانەوە کوژراوە و ژنێکی عەرەبیش بەناوی (ر.ئا) هاوکاریی کردووە".

کەریم حوسێن دەڵێت "زاواکەمان لە ماوەی مانگێکدا سێ جار پلانی بۆ کوشتنی باوکم داناوە، دواجار لە 2015/3/27 تاوانەکەی کردووە".

کەریم دەڵێت بەڵگەیان هەیە کە باوکیان لەلایەن زاواکەیان و ئافرەتێکی عەرەبەوە کوژراوە. کەریم گوتی "لە کامێرای چاودێریی ماڵە دراوسێکان دەرکەوتووە، ئەوان لەو ڕۆژەدا چەند جارێک بەبەردەمی ماڵماندا هاتوون. تەنانەت پۆلیسی نەهێشتنی تاوانیش پێیانگوتین ئەو دووە بکوژی باوکمن، بەڵام دوای ساڵێک و 8 مانگ، دادوەر بێتاوانیی ئەوانی لە کوشتنی باوکم ڕاگەیاند، بە بیانووی ئەوەی هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێ کە ئەو دەستی لە تاوانەکەدا هەبووە".

ئەیوب کە کوڕی حوسێنە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە باوکی کوژراوە و دەڵێت "ماڵی باوکم ڕۆیشتبوون بۆ باخەکەمان لە زیارەت، نزیکی کاژێر 10ی شەو چوومە ماڵی باوکم، زۆر لە دەرگام دا کەس نەیکردەوە، دراوسێیەکیان لە دەرەوە بوو، گوتی باوکتمان بینیوە بۆ نوێژی ئێوارە چووەتە مزگەوت. دواتر دەرگامان کردەوە و چووینە ژوورەوە، بینیم مۆبایلەکەی باوکم لەسەر قادرمەکان کەوتبوو. کە چوومە ژوورەوە باوکم بینی لەنێو خوێن کەوتبوو، من بێهۆش بووم و ئاگام لە هیچ نەما".

کەریم دەڵێت "سەرەتا لە باوکمیان داوە، دەست و چاوی بە پشتێندەکەی خۆی بەستراوەتەوە، دواتر بە چەقۆ سەریان بڕیوە، چەقۆی خوێناوی و شوێنپەنجە و کۆمەڵێک شتیش لە ماڵەوە جێمابوو، پۆلیس پێیگوتین دەرمانی دیاریکردنی شوێنپەنجەمان نەماوە، ئەو ڕۆژە شوێنی پەنجەکان دیاریکران، دواتر پێیانگوتین لە بەڵگەی تاوان ون بووە، دادوەریش دەڵێت بەبێ بەڵگە تاوانبارییان ناسەلمێنرێ".

بە گوتەی کەریم، بەهێزترین بەڵگەی تێوەگلانی زاواکەیان لەو تاوانە کامێرای چاودێریی دراوسێکانیانە. کەریم دەڵێت "زاواکەمان و ئافرەتە عەرەبەکە ئەو ڕۆژە هەشت جار لە کامێرای چاودێریی دراوسێکانمان دەرکەوتوون، هەروەها ئافرەتە عەرەبەکەش دانی بەوەدا ناوە کە ئەو ڕۆژە زاواکەمانی لەبەردەم ماڵی ئێمە داناوە".

### دەیەوێ لە مێردەکەی جیاببێتەوە

سروە، کچی حوسێن و هاوژینی (ع.ی) کە تۆمەتبارە، دەڵێت زۆر دڵنیایە لەوەی باوکی بە دەستی هاوژینەکەی کوژراوە "کاتێک هەواڵی کوژرانی باوکم بیست، هۆشم نەما، چەندین جار منیان بردە نەخۆشخانە، بەڵام (ع) بەهیچ شێوەیەک سەردانی نەکردم، تاوەکو دوای تەواوبوونی پرسەی باوکم. وەک بڵێی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵم نەبوو".

سروە لەبارەی هاوژینەکەیەوە دەڵێت "(ع) تەعدیلچی بوو، پارەیەکی زۆر قەرزدار بوو، ماڵی باوکم زیاتر لە 10 هەزار دۆلاریان پێدابوو، بەڵام ئەو هەمیشە دەیگوت زەرەرم کردووە و هیچم پێنەماوە".

سروە کە ماوەی 11 ساڵە شووی بە (ع) کردووە، دەڵێت گومانی لە مێردەکەی هەبووە "هەندێکجار هەستم دەکرد ژمارە مۆبایلی ئافرەت بەناوی پیاوەوە تۆمار دەکات، کاتێکیش لێمدەپرسی خیانەتم لێناکەی؟ دەیگوت عەیبێکت نییە تا خیانەتت لێبکەم، بۆیە منیش بڕوام پێدەکرد".

سروە دەڵێت "پاش پرسەی باوکم، (ع) زۆر گۆڕابوو، هەمیشە جگەرەی دەکێشا و شەوانە لە خەو رادەچڵەکی، بەردەوام لێی دەپرسیم ئەگەر بکوژی باوکتان بدۆزنەوە چی لێدەکەن".

(ع) ڕۆژی 2015/5/2 بە تۆمەتی کوشتنی خەزووری دەستگیر کرا، هەر ئەوکات سروە بڕیاری دا لە هاوژینەکەی جیاببێتەوە، بەڵام هاوژینەکەی ئامادە نییە دەستبەرداری ببێ.

لەبارەی چارەنووسی منداڵەکانیشی، سروە گوتی "کەی پەڕاوی جیابوونەوەم لە دادگا یەکلابووەوە، منداڵەکان دەنێرمەوە بۆ ماڵی باوکی (ع)، چونکە من ئامادە نیم منداڵی بکوژێک بەخێو بکەم".

سروە دەڵێت "ئێمە دڵنیاین ئەوان بکوژی باوکمن، تەنانەت چەقۆی بە خوێنیش لەوێ کەوتبوو، پەنجەمۆریان وەرگرت، بەڵام ئێستا ئازادیان کردوون".

بە گوتەی کەریم، (ر) کە عەرەبە و چەندین ساڵە لە هەولێر دەژیت، دانی بەوەدا ناوە کە لەگەڵ (ع) لە مەشرووب خواردنەوە بوون، دواتر 25 خولەک پێش ڕووداوەکە (ع) لە کۆڵانی ماڵی خەزووری لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزیوە".

کەریم باس لەوە دەکات کە جگە لە دانپێدانانی (ر)، ئەفسەرێکیش لە بەشی کوشتنی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان، ڕۆژێک دوای تاوانەکە پێیگوتوون زاواکەتان بکوژی باوکتانە، بەڵام دوای 15 ڕۆژ ئەو چەقۆیەی تاوانەکەی پێ کراوە، دەباتەوە ماڵی براکەی و دەڵێت دەرمانمان نەماوە، ببیەن بۆ سلێمانی یان بەغدا و لێکۆڵینەوە لە شوێنپەنجەی سەر چەقۆکە بکەن، دەشڵێن شوێنپەنجەی بکوژەکە ون بووە.

وەک کەریم باسی دەکات "شەش مانگ پێش ئەو ڕووداوە، (ع) بە تۆمەتی دزیکردن دەستگیر کرابوو".

(ع) و (ر) تاوەکو مانگێک لەمەوبەریش لە زینداندا بوون، بەڵام بە تۆمەتی کوشتنی حوسێن نا، بەڵکو بەتۆمەتی ناپاکیی هاوژینی، بەڵام هەردووکیان بە کەفالەتی حەوت ملیۆن دینار ئازادکران.

ئێستا منداڵەکانی حوسێن داوای پێداچوونەوە بە دۆسیەی باوکیان دەکەن و دەیانەوێ بە هەر جۆرێک بێت بکوژی باوکیان بدۆزنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پارێزەری دۆسیەکەیان گۆڕیوە.



مام حوسێن لەنێو ماڵەکەی خۆیدا درایە بەر چەقۆ و کوژرا.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## ژیانی لێ کردە دۆزەخ

دوو ڕێگا لەبەردەم ئافرەتەکەدا هەبوو، یان شوو بەو پیاوە بکات کە دەستدرێژیی کردووەتە سەری، یان هەتا لە ژیاندا ماوە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراودا بمێنێتەوە.

ئەو ئافرەتە کە وردەکاریی چیرۆکەکەی لەلای بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانە، تەمەنی 16 ساڵان بووە ئەوکاتەی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک داناوە، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر پەیوەندییەکەیان، کوڕەکە داوای لێکردووە بە یەکەوە بچنە دەرەوە، بەڵام کچەکە ڕەتیکردووەتەوە، کوڕەکە چەند جارێک ئەو داوایەی لە کچەکە کردووە تا دواجار کچەکە قەناعەتی هاتووە لەگەڵی بچێتە دەرەوە.

کچەکە بێ ئاگابووە لەوەی ئەو کوڕەی ئەو خۆشی دەوێ، گورگێکە و لە پێستی مەڕدا خۆی بۆ مەڵاس داوە، هەر لە یەکەم دەرچوونیان کوڕەکە دەستدرێژیی کردووەتە سەری، کچەکە کاتێک دەبینێ کار لە کار ترازاوە، بڕیار دەدات نەگەڕێتەوە ماڵی باوکی و یەکسەر هانا بۆ پۆلیس دەبات، پۆلیس دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن و بە ڕاپۆرتی پزیشکی پشتڕاست دەکرێتەوە کە پەردەی کچێنی لەدەستداوە.

کچەکە سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار کرد، کوڕەکە دەستگیرکرا و دانی بەوەدا نا کە دەستدرێژیی کردووەتە سەر کچەکە، بەڵام کچەکە لە ترسی هەڕەشەی کەسوکارەکەی نەیوێرا بچێتەوە ماڵەوە، بۆیە ڕەوانەی ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو کرا. کوڕەکە زۆری نەمابوو حوکم بدرێ، بەڵام کەسوکاری کوڕەکە چوونە لای باوکی کچەکە و داوای ئاشتەوایییان کرد و گوتیان کوڕەکەیان ئامادەیە کچەکەی بخوازێ.

کەسوکاری کچەکە قسە لەگەڵ کچەکە دەکەن و داوای لێدەکەن شوو بەو کوڕە بکات، چونکە جگە لەوەی ئابڕووی بنەماڵەکەیان بەهۆی ئەوەوە "لەکەدار" بووە، لە هەمانکاتیشدا خزم و دراوسێ بە مەسەلەکەیان زانیوە و مەحاڵە تازە کەسێک ئامادە بێت بیخوازێ. کچەکە بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر بچێتە دەرەوە هەر دەبێ وەڵامی تیر و توانجی خەڵک بداتەوە و کەسیش ئامادە نییە بیخوازێ، بۆیە بڕیار دەدات شوو بە کوڕەکە بکات.

لە دوایین دانیشتنی دادگادا بۆ ئەو دۆسیەیە، کوڕەکە و کچەکە گوتیان ئامادەن ببنە هاوژینی یەکدی، بۆیە کوڕەکە ئازاد کرا. دوای چەند ڕۆژێک کچەکە و کوڕەکە چوونە دادگای باری کەسی و گرێبەستیان واژۆ کرد و لەوێ بە کوڕەکە ڕاگەیەنرا کە نابێ تاوەکو سێ ساڵ ئەو ژنە تەڵاق بدات.

ژنەکە گێڕایەوە هەر لەو ڕۆژەوەی مارە کراوە، خۆشیی لەخۆی نەبینیوە، ئەگەر ئەو مەرجەی دادگا نەبوایە هەر هەفتەی یەکەم تەڵاق دەدرا، کوڕەکە بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات منداڵیان ببێ. هاوژینەکەی ڕۆژ دەژمێرێ بۆئەوەی سێ ساڵەکە تەواو ببێ و تەڵاقی بدات، بۆیە ژنەکە داوای دەکرد لە مێردەکەی جیاببێتەوە و ئەگەر ماڵی باوکی قبوڵیان کردەوە، ئەوە دەچێتەوە لای ئەوان، ئەگەرنا دەچێتەوە ماڵی داڵدەدان.

قسەمان لەگەڵ کەسوکاری ئافرەتەکە کرد، ئەوان ڕازی بوون کچەکەیان بگەڕێتەوە لایان، هەروەها بە ئافرەتەکەش ڕاگەیەنرا ئەگەر بیسەلمێنی لەبەر هەڵسوکەوتە خراپەکانی هاوژینەکەت جیا دەبیتەوە، ئەوە دادگا دەتوانێ هاوژینەکەی بە تۆمەتی دەستدرێژی دووبارە دادگایی بکاتەوە. بەڵام ئافرەتەکە گوتی نامەوێ کێشەکە دووبارە سەرهەڵبداتەوە و تەنیا دەمەوێ بگەڕێمەوە لای کەسوکارەکەم.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# تەرمی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە ماڵەکەی خۆیدا دەدۆزرێتەوە

## بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە: ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە

## پەیمانگەی دادوەری: هێشتا ڕوون نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- سلێمانی**

پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە کەمپی زرگوێز لەنێو ماڵەکەی خۆیدا کوژرا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە دەڵێت ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە، بەڵام پزیشکێکی پەیمانگەی دادپزیشکی دەڵێت ڕوون نییە خۆی کوشتووە یان کوژراوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/1/29 تەرمی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە- لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە ناوی هێمن ئەیوب قوربانیان، تەمەن 28 ساڵ، لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لە گوندی زرگوێزی سەر بە ناحیەی عەربەتی پارێزگای سلێمانی دۆزرایەوە.

شوێنی دوو گوللە لەسەر جەستەی هێمن دەرکەوتووە، بەرپرسانی کۆمەڵە دەڵێن ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە، بەڵام هیچ لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنەکەی نازانن.

مزەفەر پاکسروشت، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە- لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، باسی پەیوەندیکردنی هێمن بە حیزبەکەیانەوە دەکات و دەڵێت دوو ساڵ لەمەوبەر لە سنە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە، دواتر بڕیاری داوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبهێڵێت و ببێتە پێشمەرگەی کۆمەڵە. مزەفەر گوتی "هێمن کەسێکی لێهاتوو بوو، هەر زوو شوێنی خۆی لەنێو حیزب کردەوە و بووە هەڵسوڕاوێکی دیاری نێو حیزب، لە چالاکی و خولەکانی حیزبدا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو".

هێمن قوربانیان، خێزانی پێکەوە نەنابوو، بە گوتەی هاوڕێکانی بە تەنیا لە خانوویەکدا ژیاوە. لەو چەند ڕۆژەی دواییش زۆربەی کات بە تەنیا بینراوە، یان لە ماڵەوە خۆی گۆشەگیر کردووە.

پاکسروشت دەڵێت "هاوڕێکانی هێمن هەستیان بەوە کردبوو کە ئەو ماوەیە کێشەی هەیە، بەڵام سەرووی خۆیان ئاگادار نەکردبوو، ئەگینا قسەمان لەگەڵ دەکرد و بەپێی توانای خۆمان کێشەکەمان بۆ چارەسەر دەکرد".

مزەفەر پاکسروشت، باسی شەوی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "ئەو شەوە کارەبای نیشتیمانی نەبوو، دوو مەولیدەی گەورەمان داگیرساندبوو کە دەنگیان زۆرە، هەروەها کەشوهەوا باراناوی بوو، هەورە بروسکە هەبوو، بۆیە کەسمان گوێمان لە دەنگی تەقە نەبوو". گوتیشی "بەیانی پێشمەرگەکان کە خەبەریان بووەتەوە، هێمنیان نەبینیوە، کاتێک چوونەتە ماڵەکەی دەبینن لە نێو خوێندا کەوتووە، بۆمان دەرکەوت کە چوار سەعات بوو خۆی کوشتبوو".

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنی ئەو پێشمەرگەیە، پاکسروشت گوتی "کاک هێمن نەخۆشیی دەروونی نەبووە، هیچ کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ دانیشتووانی کەمپەکە نەبوو، دوای خۆیشی هیچ شتێکی بەجێنەهێشتووە، بۆیە نازانین بۆچی خۆی کوشتووە".

مزەفەر پاکسروشت دەڵێت ئەو دڵنیایە کە ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە "هێمن بە چەکەکەی خۆی دوو گوللەی لە سینگی خۆی داوە. دوای ڕووداوەکەش تەرمەکەی نێردراوە بۆ دادپزیشکی سلێمانی. دوای ڕێکارە یاسایی و پزیشکییەکان تەرمەکەمان وەرگرتەوە و هەر لە گوندی زرگوێز ناشتمان".

هەر دوای ڕووداوەکە، بنکەی پۆلیسی عەربەت دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە. نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو پێشمەرگەیەی کۆمەڵە خۆی کوشتووە، بۆیە کەس لەسەر ئەو ڕووداوە تۆمەتبار نەکراوە و کەسیش دەستگیر نەکراوە".

### دادوەر یەکلایی دەکاتەوە

دکتۆر محەممەد نووری لە پزیشکی دادوەری لە سلێمانی، زانیاریی دیکە لەبارەی ڕووداوەکە ئاشکرا دەکات. د.محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت "دوای پشکنین و توێکاری، تەرمی ئەو پێشمەرگەیەمان رادەستی کۆمەڵە کردەوە. بەپێی پشکنینەکان دەرکەوتووە ئەو کەسە بەر لە ڕووداوەکە کحولی خواردووەتەوە. شوێنی دوو گوللە بەسەر سنگییەوە دیار بوو، گوللەکانیش لە مەودایەکی نزیکەوە بەریکەوتوون، بەڵام نازانین خۆی کوشتووە یان کوژراوە، ئەوە دەبێ دادوەر یەکلایی بکاتەوە، چونکە زۆر تاوانی کوشتن هەیە لە نزیکەوە دەکرێ".

## ئەڵمانیا بە پارە هانی گەڕانەوەی کۆچبەران دەدات



ڕووداو– بەرلین

وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا بەرنامەی "زیادکردنی هاوکاری سەرەتایی" خستە بواری جێبەجێکردنەوە و 40 ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخانکردووە. یۆهانس دیمرۆت، گوتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ڕایگەیاند "ئەو بەرنامەیە بۆ کۆچبەری 45 وڵاتە، هەر کۆچبەرێک 1200 یۆرۆی پێدەدرێت ئەگەر بڕیاری گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی بدات، بۆ ئەوانەشی مافی نیشتەجێبوونیان ڕەتکراوەتەوە 800 یۆرۆیان دەدرێتێ، بە مەرجێک جارێکی دیکە داوای مافی پەنابەرێتی نەکاتەوە". نیوەی پارەکە بە کۆچبەرەکە دەدرێت ئەگەر بڕیاری گەڕانەوە بدات، پاشان کە دەگاتەوە وڵاتەکەی، نیوەکەی دیکەی بۆ حەواڵە دەکرێ.

# ترەمپ خەریکە خێزانەکەی دانیار هەڵدەوەشێنێ

ڕووداو– ستۆکهۆڵم، هێلسنکی

هەندێک لە کوردەکانی نیشتەجێی سوێد و فینلاند، هاوشێوەی سوێدییەکان خەونیان بەوەوە دەبینی ڕۆژێک بگەنە ئەمریکا و لەوێ نیشتەجێ ببن، بەڵام بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی تازە دەستبەکاربووی ئەمریکا کە چوونی هەڵگرانی ڕەگەزنامەی حەوت وڵاتی موسوڵمانی بۆ ئەمریکا قەدەغە کرد، خەریکە خەونی ئەوان پووچەڵ دەکاتەوە.

چوون بۆ ئەمریکا و مانەوە لەو وڵاتە خەونی زۆربەی سوێدییەکانە، زیاتر لە پێنج ملیۆن سوێدی (نیوەی ژمارەی دانیشتووانی ئێستای سوێد) لە ئەمریکا دەژین، ئەو کۆچە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە و هەندێ جار وەکو کۆچی بە لێشاوی لێهاتووە.

گەنجانی کورد و زۆر لە بیانییەکانی دیکەی سوێدیش، هەمان خەونی سوێدییەکانیان هەیە، بەڵام ترەمپ خەریکە خەونەکەیان دەزڕێنێ. هەندێکیان دەڵێن ڕەنگە چوون بۆ ئەمریکا درز بخاتە نێو خێزانە تێکەڵەکان لە کورد و سوێدی. بەتایبەتی بۆ ئەو کوردانەی هێشتا نەبوونەتە خاوەن ڕەگەزنامەی سوێدی و تەنیا مافی مانەوەیان هەیە.

دانیار حەمەسەعید، 26 ساڵ، کوردێکی دانیشتووی سوێدە و لەگەڵ کچێکی سوێدی بوونەتە هاوژین. ئەو لەگەڵ هاوژینەکەی بەنیاز بوون بچنە ئەمریکا، بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە سوێد پێیڕاگەیاندوون کە ئەو هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقییە و ناتوانێ بچێتە ئەمریکا.

دانیار ترسی لە هەڵوەشانەوەی خێزانەکەی هەیە و دەڵێت "دوور نییە خێزانەکەمان هەڵوەشێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدام لە نێوان من و ئەمریکادا، هاوژینەکەم ئەمریکا هەڵدەبژێرێ".

دانیار بە نیگەرانییەوە گوتیشی "لە عێراقیبوون ڕزگارمان نابێت، هەمیشە وەک مۆر و پەڵەیەکی ناشرین پێمانەوە لکاوە".

بەهۆی نزیکی و ئەو جۆرە خزمایەتییەی لەنێو کورد و سوێدییەکاندا دروست بووە، ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردی ئەو وڵاتە ڕوویان لە ئەمریکا کردووە، یان خەونی ئەوەیان هەیە بچنە ئەمریکا.

دانیار بەتەنیا نییە. ئەو لە کونجێکی زانکۆ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی کۆبوونەتەوە کە هاوشێوەی دانیار هەمان کێشەیان هەیە و خەونی چوونە ئەمریکایان بەرەو شکست دەڕوات. دانیار گوتی "خۆم و چوار هاوڕێم کە دوویان لەدایکبووی ئێرانن و یەکێکیشیان عەرەبی عێراقە، ئەم کێشەیەمان هەیە".

ئەگەرچی لەدوایین لێدوانی ڕۆژنامەوانی وەزیری دەرەوەی سوێددا هاتووە کە ئەمریکا ڕێگە بە هەموو سوێدییەکان (بە خاوەن ڕەگەزنامەی حەوت وڵاتەکەشەوە) دەدات گەشتی ئەمریکا بکەن، بەڵام دانیار گوتی "کۆمپانیای فڕۆکەوانی گوتیان هیچ شتێکی فەرمیمان لا نییە کە عێراقییە سوێدییەکان بتوانن گەشتی ئەمریکا بکەن".

بەشێکی دیار لەو کوردانەی پێشتر لە ئەورووپا ژیاون، ڕوویان لە ئەمریکا کردووە، بەتایبەت ئەوانەی نوخبەن و لە بوارێکی ژیاندا داهێنەر بوون. لە نموونە دیارەکان سێ گەنجی کوردی فینلاند هەن: هێڵی لەڤی گۆرانیبێژ، ژیار ناڤین، دیزاینەر و فاشیۆن، هەروەها هانا ئەنوەر، هونەرمەندی سەما. لە سوێدیش بەهەمانشێوە هەریەک لە گۆرانیبێژی ناسراوی سەر ئاستی ئەورووپا و سوێد (دارین زانیار) و نووسەری ناسراوی سوێدی (ئەرکان ئەسعەد) کە هەردووکیان خەڵکی باشووری کوردستانن و بەشێکی ژیانیان لە سوێد بردووەتە سەر، چوونەتە ئەمریکا. ئەگەر بڕیارەکەی ترامپ وەک خۆی جێبەجێ بکرێ، ڕەنگە ئەوانیش ناچار بن بگەڕێنەوە ئەورووپا.

زۆربەی ئەو کوردانەی دەیانەوێ لە ئەورووپاوە بچنە ئەمریکا، کەسانی دەستەبژێرن و دەیانەوێ پەرە بە هونەرەکەیان بدەن.

د.ڕێژوان حەمیدی یەکێکە لەوانەی بەنیاز بووە بچێتە ئەمریکا. ئەو کە خەڵکی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، وڵاتینامەی سوێدی هەیە و خۆی هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام ناتوانێت هاوژین و منداڵەکانی ببات، چونکە هێشتا وڵاتینامەی سوێدیان وەرنەگرتووە.

حەمیدی پزیشکێکی پێشکەوتووی دەمار و مێشکە و لەگەڵ ئەوەی ژیانێکی باشی هەبووە، بەڵام خەونی پێشخستنی پڕۆژەکانی هەیە لە ئەمریکا "کۆنتراکتێکی زۆر گەورەم واژوو کردبوو، جیا لە دەستکەوتە مادییەکەی، کاریگەری لەسەر پێشخستنی ئەزموون و ژیانم دەبوو، بەڵام پێناچێت سەربگرێ".




کوردی سوێد خەون بەوە دەبینن لە ئەمریکا بژین

(فۆتۆ: AFP)

### "لەعێراقیبوون ڕزگارمان نابێت"

لە ڕاگەیێنراوی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا لە ستۆکهۆڵم کە هەمان ڕۆژ لەگەڵ بڕیارەکەی تراپ بڵاوبووەوە، هاتبوو کە "هەڵگرانی پاسپۆرتی سوێد، کە هاوکات خاوەنی ڕەگەزنامەی یەکێک لەو حەوت وڵاتەن، بۆیان نییە بچنە ئەمریکا".

حکومەتی سوێد تەواو نیگەرانە لەم هەڵوێستەی ئەمریکا و داکۆکیش لە مافی ئەو کەسانە دەکات کە دەیانویست بچنە ئەمریکا.

مارگۆت ڤالسترۆم وەزیری دەرەوەی سوێد ڕایگەیاند "داکۆکی لەهەموو ئەو سوێدیانە دەکەین کە ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە".

ڤالسترۆم کە بانگهێشتی دیپلۆماتکارەکانی ئەمریکای لە سوێد کردبوو، دواتر ڕایگەیاند "ئەمریکا لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بووەتەوە، هەموو ئەوانەی ڕەگەزنامەی سوێدییان هەیە و هەڵگری پاسپۆرتی سوێدین، مافی گەشتیان هەیە".

### دەعوەتنامەی کۆنگرێس فریای نەکەوت

بڕیارەکەی ترامپ بۆ قەدەغەکردنی گەشتی هاووڵاتیانی (عێراق، ئێران، سووریا، سۆماڵ، سوودان، لیبیا و یەمەن) ناڕەزایی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە و چەندین کەس گەشتەکانیان بۆ ئەمریکا هەڵوەشێندرایەوە.

هاوار مورادی کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە و پزیشکی دەروونییە، لەگەڵ ئەوەی لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە وەک باڵاترین دەسەڵاتی تەشریعی بانگهێشت کراوە بۆ ئەمریکا، بەڵام ناتوانێت گەشتەکەی بکات، مورادی بە ڕادیۆی نیشتیمانی سوێدی گوتبوو "هەموو شتم ئامادەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتوانم بڕۆم".

هەروەها بەهار پاراس، هونەرمەندێکی سوێدی بە ڕەچەڵەک ئێرانییە و داوەتنامەی ئەمریکای هەیە بۆ بەشداری لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار، ئەویش بەهەمانشێوەی موردای مافی گەشتکردنی بۆ ئەمریکا نییە.

## گەشتی ئاسمانیی ڕاستەوخۆ لە سویدەوە بۆ کوردستان ڕادەگیرێ

# گەشتی ڕاستەوخۆ زیانی سەدان هەزار دۆلاری لە کوردی سوێد داوە

## کوردێکی نیشتەجێی سوێد: تا ئێستا زیاتر لە 30 هەزار دۆلارم بەهۆی کۆمپانیا کوردییەکانەوە فەوتاوە

ڕووداو– ستۆکهۆڵم، هەولێر

"هەتا ئێستا دەیان جار گەشتەکانم بۆ کوردستان هەڵوەشاونەتەوە و هەزاران دۆلارم بەو هۆیەوە فەوتاوە". ئەمە قسەی کوردێکی دانیشتووی سوێدە کە دوایین گەشتی بۆ کوردستان بەهۆی بڕیاری ڕاگرتنی گەشتە ڕاستەوخۆکانی نێوان سوێد و کوردستان هەڵوەشایەوە.

بەپێی ئەو بڕیارەی حکومەتی سوێد، ئیدی هیچ گەشتێکی ڕاستەوخۆ لە عێراق و کوردستانەوە لەگەڵ سوێد نامێنێت.

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، جگە لەو ملیۆنان کرۆنەی کە کوردی نیشتەجێی سوێد بەهۆی خراپی و نارێکیی هێڵەکانی فڕۆکەوانیی نێوان کوردستان و سوێد لە ڕابردوودا لەدەستیانداوە، ئێستا سەتان هەزار دۆلار زیان بە کۆمپانیا کوردی و ناوخۆییەکانی گواستنەوەی ئاسمانی دەگات و قازانجەکەی بۆ کۆمپانیاکانی وڵاتانی دراوسێ دەڕوات.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو حکومەتی سوێد بە فەرمی گەشتە ئاسمانییە ڕاستەوخۆکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگرت. بەپێی گوتەی بەرپرسێکی دامەزراوەی گواستنەوە لە سوێد "گەشت بۆ عێراق و کوردستان مەترسیدارە".

ئەم بڕیارە دەیان هەزار کەسی نیگەران کردووە کە بەو هێڵانەدا هاتوچۆیان دەکرد.

ئالان مارف، نیشتەجێی سوێد دەڵێت "لە 2006ەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی 100 گەشتم فەوتاوە. دەتوانم بڵێم 30 هەزار دۆلارم بەو هۆیەوە بەفیڕۆ چووە". بەهۆی کارە بازرگانییەکانی لە کوردستان و سوێد، ئالان ساڵانە گەشتێکی زۆر دەکات. جاری وا هەیە لە مانگێکدا پێنج جار دێت و دەڕوات.

ئالان دەڵێت "دەزانم هێڵە ڕاستەوخۆکان هەرگیز جێی متمانەی تەواو نەبوون، بەڵام ناکرێت ئەو هەموو گەشتە بە ترانزێت و بەو هەموو ماندووبوون و کاتە زۆرەوە بکەم".

مەبەستی ئالان فڕۆکە ڕاستەوخۆکانی نێوان کوردستان و سوێدە کە لەنێو کوردی سوێد بە "فڕۆکەی کوردی" ناوی دەرکردبوو.

پێشتر بەهۆی نەبوونی متمانە بە کۆمپانیا کوردییەکانی فڕۆکەوانی، ئالان زیاتر بە هێڵەکانی ترانزێت دەڕۆیشت، بەڵام ئەمجارە بۆ ئەوەی منداڵەکانی زۆر ماندوو نەبن، بیری لە گەشتی ڕاستەوخۆ کردەوە "لە بەدبەختیم ئەمجارە نزیکەی چل هەزار کرۆنم لە ڕێگەی هێڵی جێرمەنیان داوەتە بلیت و 18 هەزار کرۆنیشم تا ئێستا لای کۆمپانیای زاگرۆس جێتە کە بەهۆی وەستانی هێڵەکانیان لە مانگی ڕابردوو گەشتەکەم هەڵوەشایەوە، کەچی هێشتا پارەکەیان بۆ نەگەڕاندوومەتەوە".

سانیە سەعید، دانیشتووی فینلاند بەنیاز بووە 20ی ئەم مانگە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە سوێدەوە بگەڕێتەوە هەولێر. ئەو جگە لە مۆڵەت و ڕێکخستنی کارەکانی دیکەی، حیسابی خۆی بۆ ڕێگای نێوان فینلاند و سوێد و پاسە ناوخۆییەکانیش کردبوو، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، هەمووی بەفیڕۆ چوو. سانیە دەڵێت "باوەڕ ناکەم پارەی بلیتەکەشم بدەنەوە".

بە دەگمەن کوردێکی نیشتەجێی سوێد دەبینی گەشتی ڕاستەوخۆی بۆ کوردستان کردبێ و پارەی نەفەوتابێ، یان وەک سانیە دەڵێت "داخ نەکرابێت".

بەڵام بازرگانێکی هێڵی ئاسمانیی کوردی لە ستۆکهۆڵم دەڵێت "پێشتر کێشەی لەو شێوەیە زۆر بوو، ئێستا وا زیاتر لە پێنج ساڵە، وەستانی هێڵ و فرت و فێڵی ئەو بوارە دەگمەن بووە و پارەی کەسیش نەفەوتاوە".

جەعفەر ڕەشید کە بازرگانی بوارەکانی گواستنەوەیە و خاوەنی کۆمپانیای فڕۆکەوانیشە لە ستۆکهۆڵم، گوتیشی "پار یەک حاڵەتی وا هەبوو کە کەمتر لە مانگێکی خایاند، بەشێک لە گەشتەکانمان لە ڕێگەی هێڵی دیکە و ترانزێت چارەسەر کرد، ئەوی دیکەش بەشی زۆری پارەکەمان بۆ گەڕاندنەوە".

جەعفەر نەیشاردەوە کە ساڵانی ڕابردوو زۆر کۆمپانیای سوێدی و ناسوێدی هەبوون، بەشێکیان بە ئەنقەست ئیفلاسبوونی خۆیان ڕادەگەیاند و پارەیەکی زۆری خەڵکیان دەبرد "ئاگادارم زیاتر لە ملیۆنێک کرۆنی خەڵک بەناوی ئیفلاسبوونی کۆمپانیاکانەوە خوراوە".

جەعفەر نموونەی بە کەسێک هێنایەوە بەناوی (ن.هەولێری) کە سەتان هەزار کرۆنی خەڵکی تەنیا لە فەوتانی یەک گەشتدا خواردووە. جەعفەر گوتی "ن.هەولێری ئێستا لە سوێد هەڵاتووە و لە هەولێر خۆی شاردووەتەوە". گوتیشی "زۆر لە گەشتەکان وەهمی بوون و تەنیا بۆ خواردنی پارەی خەڵک دروست دەکران، بە ماوەیەکی کەم بەر لە گەشتەکە ئیفلاسی کۆمپانیاکەیان ڕادەگەیاند".

بەپێی یاساکانی سوید، لەکاتی ئیفلاسبوونی کۆمپانیایەکدا گەشتیار مافی ئەوەی نییە داوای پارەی خۆی لە کۆمپانیاکە بکاتەوە.

### تا ئێستا هیوایان هەیە

دامەزراوەی گواستنەوەی ئاسمانیی سوێد (Transportstyrelsen) لە بڵاوکراوەی فەرمیی خۆیدا کە لە مێدیاکانی سوێدیش بڵاوکرایەوە، هێمایان بۆ ئەوە کردووە کە ئاسمانی عێراق مەترسیدارە و هەریەک لە گرێبەستەکانی هێڵە عێراقییەکانی (Zagros Air) و (Germania) و (Iraqi Airways) هەڵدەوەشێنەوە. بەم پێیەش هیچ هێڵێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کوردستان و سوێد نامێنێ.

جەعفەر ڕەشید بازرگانەکەی بواری گواستنەوەی ئاسمانی لە سوێد دەڵێت "وەستانی گەشتە ڕاستەوخۆکانی نێوان کوردستان و سوێد بووەتە شتێکی باو. خەڵکێک پارەی دەفەوتێت و هەندێکیش لە پاڵیدا پارەی لێ دەخۆن".

بەرپرسێکی دامەزراوەی گواستنەوەی سوێد دەڵێت "هەموو گەشتیاران مافی وەرگرتنەوەی پارەکانیان لە کۆمپانیاکان هەیە. سیمۆن بۆسلۆک بەرپرسی دامەزراوەی گواستنەوەی سوێدی دەڵێت "لە نیگەرانییەکانی گەشتیاران تێدەگەین، بەڵام پاراستنی گیانی ئەوان لەپێش هەموو شتێکەوەیە".



کۆمپانیاکان بەبیانووی ئیفلاسبوونەوە پارەی گەشتیاران دەخۆن

(فۆتۆ: ڕووداو)

### زیانەکەی بۆ کورد و خێری بۆ وڵاتانە

بەهۆی ئەو بڕیارەی سوێدەوە، ئیدی کوردی سوێد ناچار دەبن بە ترانزێت گەشت بۆ ئیستانبوڵ و دۆحە و دوبەی و عەممان و شارەکانی ئەڵمانیا و ڤیەننا بکەن و لەوێوە بگەڕێنەوە کوردستان.

گۆڤار ئەنوەر، شارەزای بواری گەشەپێدانی ئابووری گوتی "ڕێژەی گەشت بۆ ئەورووپا لە ڕێگەی هێڵە ڕاستەوخۆکان، بە بەراورد لەگەڵ هێڵەکانی ئیستانبوڵ و ڤیەننا 42% دابەزیوە، بەو هۆیەش کۆمپانیا خۆماڵییەکان زیانێکی زۆریان بەردەکەوێ کە نزیکەی 100 هەزار دۆلار دەبێت، ئەگەر بۆ هەر گەشتیارێک بڕی 70 دۆلار قازانج هەژمار بکەین کە مانگانە زیاتر لە 1200 کەس لە کوردستانەوە گەشت دەکەن بۆ ئەورووپا".

# ساڵی ڕابردوو 5000 کەس لە کوردستان تووشی شێرپەنجە بوون

**پسپۆڕێک:** گرفتی گەورەی کوردستان نەبوونی ڕێنماییە بۆ پشکنینی پێشوەختی شێرپەنجە

**پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی:** لە 10 ساڵی داهاتوودا هەموو جۆرەکانی شێرپەنجە کۆنترۆڵ دەکرێن

**وەزارەتی تەندروستی:** بەغدا نیوەی دەرمانی شێرپەنجە بۆ کوردستان دەنێرێ

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو زۆرتر لە پێنج هەزار حاڵەتی تووشبوون بە شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون. پسپۆڕێکی پزیشکیی کۆمەڵ دەڵێ گرفتی کوردستان نەبوونی ڕێنمایی فەرمییە بۆ ئەنجامدانی پێشوەختەی پشکنینی شێرپەنجە.

## شێرپەنجە چییە؟

شێرپەنجە نارێک گەشەکردنی خانەکانە، واتە گەشەیەکی دوور لە ڕێکخستن و سانسۆر، گەشەکە نەک تەنیا شانە تووشبووەکە لە کارکردنی ئاسایی دەوەستێنێ، بگرە بەشێوازی جیاواز (لۆکاڵی بە چواردەوری خۆیدا، خوێن و شلەی شانەکان) پەلاماری بەشەکانی دیکەی جەستەش دەدات و ئەوانیش پەکدەخات، ئیدی پاشاگەردانی لە بەشە جیاوازەکانی جەستەدا سەرهەڵدەدات. تاوەکوو زووتر پزیشک بەو حاڵەتە نائاساییە بزانێ، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکە ئاسانتر دەبێت، جا بە نەشتەرگەری بێت یان چارەسەری کیمیایی یاخود لێدانی تیشک. مەبەستی هەمووشیان سەرکوتکردنی ئەو خانە و شانانەیە کە بەو پاشاگەردانییە کاردەکەن.

زیاتر لە 100 جۆری شێرپەنجە هەن. لە ساڵێکی وەکوو 2012 لە جیهاندا 14.1 ملیۆن حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمارکراون، 8.2 ملیۆن کەسیش بەهۆی شێرپەنجەوە مردوون کە دەکاتە 14.6%ی کۆی حاڵەتەکانی مردن. لەسەر ئاستی جیهان بڵاوترین شێرپەنجەکانی پیاوان بریتین لە شێرپەنجەی سی، پرۆستات، کۆڵۆن و گەدە. لە خانمانیشدا بریتین لە شێرپەنجەی مەمک، کۆڵۆن و ملی منداڵدان.

## شێرپەنجە لە کوردستان

ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان، ژمارەی حاڵەتە نوێیە تۆمارکراوەکانی شێرپەنجە گەیشتووەتە 5085 کەس (1935 حاڵەت لە هەولێر، لە سلێمانی و هەڵەبجە 2100 حاڵەت و دهۆک 1050 حاڵەت).

لە هەولێر لەو 1935 حاڵەتەی تۆمارکراون 894 کەسیان لە ڕەگەزی نێرن و 1041 کەسیان لە ڕەگەزی مێ. لە تەمەنەکانیشدا بڵاوترین تەمەنی تووشبوونی شێرپەنجە تەمەنی 60-69 ساڵانە و کەمترین حاڵەتیش لەنێوان کەسانی تەمەن 10-14 ساڵانە.

بڵاوترین شێرپەنجە بەرجەستەکان لە هەولێر بریتین لە شێرپەنجەکانی مەمک، سییەکان و کۆڵۆن. لەنێو کۆی حاڵەتەکانیشدا 96 کەسیان منداڵ بوون.

هەرچی سلێمانی و هەڵەبجەیە، لەو 2100 کەسەی تووشی شێرپەنجە بوون 50.7%یان خانمانن و 49.3%یان پیاوانن. بڵاوترین حاڵەتەکانی شێرپەنجەی بەرجەستە لە سلێمانی بریتی بوون لە شێرپەنجەکانی مەمک، سییەکان و شێرپەنجەی بڵاوەبووی سەرچاوە نەزانراو.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

بڵاوترین تەمەنی تووشبوونی شێرپەنجە لە سلێمانی تەمەنی 60-69 ساڵانە و کەمترین حاڵەتیش لەنێو کەسانی 10-14 ساڵانە. لە سلێمانی لە شەش مانگی یەکەمدا 65 حاڵەتی شێرپەنجە لەنێو منداڵاندا تۆمار کراوە.

لە دهۆکیش 1050 حاڵەت تۆمارکراون کە 51%یان ژن و 49%یان لە ڕەگەزی نێرینەن. بڵاوترین شێرپەنجە بەرجەستەکان لە دهۆک بریتین لە شێرپەنجەکانی مەمک، پێست و سییەکان. بڵاوترین تەمەنی تووشبوون بە شێرپەنجە لە دهۆک بریتییە لە 60-69 ساڵان و کەمترین حاڵەتیش لە کەسانی تەمەن 5-9 ساڵاندا تۆمارکراوە، لەنێو کۆی حاڵەتەکانی شێرپەنجە لە دهۆک 78 دانەیان منداڵن.

## بەغدا نیوەی دەرمانی شێرپەنجە نانێرێ

چارەسەری شێرپەنجە گرانە و ئەستەمە هەموو نەخۆشەکان و کەسانی نزیکیان بتوانن پارەی پێویستی چارەسەرەکەی دابین بکەن.

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "دەرمان هەیە، بەڵام وەک جاران نییە، ئەویش بەهۆی قەیرانی دارایی، زۆریی ژمارەی ئاوارەکان و کەم ناردنی دەرمان لەلایەن بەغدا".

دکتۆر خاڵس دەڵێ ئێستا بەغدا کەمتر لە نیوەی پێداویستی دەرمانی دژی شێرپەنجە بۆ کوردستان دەنێرێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە نیوەی ئەو دەرمانانە دابین دەکات.

## ڕێنمایی نییە بۆ پشکنینی پێشوەختە

پزیشکێکی پسپۆڕ، گرفتی گەورەی کوردستان لە نەبوونی سیاسەتێکی تۆکمەدا بۆ پێشگیری لە شێرپەنجە دەبینێتەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە بۆردی لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە و بەرپرسی بەشی توێژینەوە زانستییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانییە، بە (ڕووداو)ی گوت "هەرێمی کوردستان ڕێنمایی فەرمی و چەسپێندراوی نییە بۆ پشکنینی پێشوەختەی شێرپەنجە. پرۆگرامێکی تۆکمەی هۆشیارکردنەوە لەبارەی شێرپەنجە لە کوردستان نییە، ئەوەش گرفتە گەورەکەیە".

## ڕێژەی ڕزگاربوون گەیشتووەتە 50 %

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجەوە کە چواری شوباتی هەموو ساڵێکە، ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی ئەو پێشقەچوونانەی بەدیهاتوون لە چارەسەرکردنی شێرپەنجەدا ڕایگەیاند، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێگەی ڕزگاربوونی تووشبووانی شێرپەنجە 24% بوو، کەچی ئێستا گەیشتووەتە 50%. ڕۆژنامەکە دەڵێ ئێستا بە تێکڕا تووشبووانی شێرپەنجەی مەمک 78% یان لانیکەم دە ساڵ دەژین دوای دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەیان، ئەو ڕێژەیە بۆ شێرپەنجەی لیمفەکان دەگاتە 80% و شێرپەنجەی منداڵدان 77%.

### هەواڵێکی خۆش لەبارەی شێرپەنجەوە

پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی هەواڵی خۆشی لەبارەی ئایندەی چارەسەری نەخۆشیی شێرپەنجە بڵاوکردەوە.

پرۆفیسۆر کارۆڵ سیکۆرا، سەرۆکی پێشووی پرۆگرامی شێرپەنجە لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت، لە چەند ساڵی داهاتوودا وای لێدێت هەرکەسێک بەپێی نەخشەی بۆماوەیی جەستەی خۆی، چارەسەری تایبەتمەند و وردی پێدەدرێ و بەوەش بەشێوەیەکی کاراتر شێرپەنجە بنبڕ دەکرێ.

پرۆفیسۆرەکە دەڵێ "وای لێدێت شێرپەنجەش وەکوو نەخۆشییە درێژخایەنەکانی دیکە بە دەرمان کۆنترۆڵ دەکرێ".

لەبارەی ئەوەی کەی ئەو شۆڕشە لە چارەسەری شێرپەنجە دێتەدی، پرۆفیسۆر کارۆڵ سیکۆرا دەڵێ "ئەو شۆڕشە لە پێنج بۆ 10 ساڵی داهاتوودا ڕوودەدات".

### هۆکارەکانی تووشبوون بە شێرپەنجە

1 - جگەرەکێشان هۆکاری 22%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجەیە
2 - قەڵەوی 10%ی هۆکاری تووشبوونە
3 - خۆراکی نادروست
4 - نەبوونی چالاکیی جەستەیی
5 - کحول
6 - هەوکردنی جگەر و ڤایرۆسی پاپیلۆما
7 - بەرکەوتنی تیشکە زیانبەخشەکان
8 - پیسبوونی ژینگە
9 - بۆماوەیی

### هەندێک نیشانەی شێرپەنجە:

1 - دروستبوونی گرێ
2 - خوێنبەربوونی نائاسایی
3 - کۆکەی درێژخایەن
4 - لەدەستدانی بێ مەبەستی کێش
5 - گۆڕانی نەریتی جووڵەی ڕیخۆڵەکان (سکچوون یان قەبزیی درێژخایەن)

### نیشانە بنەڕەتییەکانی شێرپەنجە:

1 - گەشە و دابەشبوونی خانەکان بێئەوەی جەستە داوای بکات
2 - بەردەوامیی گەشە و دابەشبوونی خانەکان
3 - نەمردنی بە بەرنامەی خانە ناپێویستەکان
4 - دابەشبوونی بێسنووری خانەکان
5 - دروستبوونی بۆڕیی خوێنی زیاتر لە جەستەدا
6 - پەلاماردانی شانەکانی دیکە

# ڕۆژانە دەبێ چەندە شەکر بخۆین؟

## یەک قوتووی خواردنەوە گازییەکان نۆ کەوچکەچا شەکری تێدایە

ڕووداو- BBC

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ باشتر وایە شەکر تەنیا 5%ی وزەی ڕۆژانەمان پێکبهێنێ، ئەوە لەکاتێکدا ڕێکخراوەکە پێش ساڵی 2014 دەیگوت ئاساییە شەکر 10%ی وزەی ڕۆژانەت پێکبهێنێ.

بۆ کەسێکی پێگەیشتووی ئاسایی 5%ی وزەی ڕۆژ، واتە 25 گرام شەکر، سادەتر بڵێین دەکاتە شەش کەوچکە چا شەکر. مەبەست لەمە هەر تەنیا شەکری سپی نییە، بەڵکو هەموو شەربەت و خواردنەوە گازی و شیرینییەکانی دیکە دەگرێتەوە. یەک قوتوو لە خواردنەوە گازییەکان نۆ کەوچکە چا شەکری تێدایە!

ئێستا شەکر بەشێوەی شاراوە لە چەندین خۆراکی مۆدێرندا هەیە. گرفتەکە زۆرتر لە شەکرە دەستکردەکاندایە. چونکە ئەوانە سووتەمەنیی خێران و ئەگەر بە خێرایی بە چالاکی جەستەیی نەسووتێنرێن، ئەوە بەشێوەی شەکر یان چەوری لە جەستەدا هەڵدەگیرێن و دەبنە هۆی قەڵەوی.

شەکری سپی هیچ نرخێکی خۆراکی (ڤیتامین و کانزا)ی نییە و ئەوەی هەیەتی تەنیا وزەیە کە قەڵەومان دەکات و ددانمان کلۆردەکات.

لە ڕێی وزەی زۆر کە ئەنجامەکەی قەڵەوییە،



شەکری دەستکرد ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و چەند جۆرێکی شێرپەنجە.

شەکر بەشێوە سرووشتییەکەی، بەشێوەی ئاڵۆز هەیە، ئەوەش وادەکات هەم جەستە بە خێرایی هەرسی نەکات و وزەکەی وەرنەگرێ، هەم هەستی تێربوون دروست بکات. بەڵام شەکری دەستکرد بە پێچەوانەوە بە خێرایی وزەکەی دەردەپەڕێنرێ و هەستی تێربوونیش دروست ناکات و ئەو دوو جیاکەرەوەیەش پاڵنەری سەرەکیی قەڵەوبوونن.

هەندێک توێژینەوە دەڵێن شەکری دەستکرد هانی نیشتنی چەوری دەدات لە جگەر و بەشەکانی دیکەی جەستەدا. کاتێک شەکری دەستکرد دەخۆین، ئاستی شەکری خوێنمان بە خێرایی بەرزدەبێتەوە، ئەو هەڵکشانەی شەکری خوێن و خێرا دەردرانی ئینسولین، شەپۆلێکی نائاساییە بۆ جەستە و لەگەڵ تێپەڕینی کات ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە. شەکری دەستکرد هەر ئەوە نییە کە سپییە و خۆمان دەیکەینە خواردنەکانەوە، بەڵکو بەشێوەی شاراوە هەیە لەناو کەچەپ، خواردنەوە گازییە جیاوازەکان، کێک، شیرینی و چوکلێت.

### چۆن شەکر لە خۆراکدا کەم بکەینەوە؟

- میوە بخۆ نەک شەربەت
- کەمتر شەکر بکە نێو چا و هاوشێوەکانی
- بەر لەوەی هەر خواردن و خواردنەوەیەکی ئامادەکراو بکڕی، بە وردی تەماشای ڕێژەی شەکرەکەی بکە.

# سەدان هەزار کەس لە مەترسیی مردنی کتوپڕدان



ڕووداو- BBC

کۆمەڵەی دڵی بەریتانی دەڵێ لەو وڵاتە دەوروبەری 620 هەزار کەس جینی ئەوتۆیان هەیە کە دەیانخاتە بەردەم مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵ و مردنی کتوپڕ و زۆربەشیان هیچ ئاگاداری ئەو مەترسییە نین.

کۆمەڵەکە دەڵێ ئێستا لە جاران زۆرتر پشکنین هەن بۆ دیاریکردنی چەوتییە جینییەکانی مرۆڤ. ئەو کەسەی باوکی نەخۆشییەکی بۆماوەیی دڵی هەیە، 50% ئەگەری هەیە خۆیشی ئەو نەخۆشییەی بۆ بگوازرێتەوە.

کۆمەڵە قازانج نەویستەکە دەڵێ دوورنییە ماوەی ڕاستەقینەی ئەوانەی چەوتیی جینییان هەیە، زۆر لەوە زۆرتر بێ کە خەمڵێنراوە، چونکە هەندێک نارێکیی جینی هەن کە ڕەنگە بە تەکنیکە تاقیگەییەکانی ئێستا دەستنیشان نەکرێن.

هەموو هەفتەیەک لە بەریتانیا دەوروبەری 12 کەسی گەنجتر لە تەمەنی سێ ساڵ بەهۆی وەستانی کتوپڕی دڵ دەمرن، بێئەوەی بە وردی بزانرێ هۆکارەکەی چییە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەوە نەخۆشییەکی دەستنیشاننەکراوی دڵ بێت.

تاوەکو ئێستا بەهۆی توێژینەوەی پزیشکییەوە، بەشێک لەو جینە چەوتانە دەستنیشان کراون کە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییە بۆماوەییەکانی دڵ، بەڵام کۆمەڵەی دڵی بەریتانی دەڵێ هێشتا زۆر شت هەن بزانرێن لەبارەی چەوتیی جینەکان و سرووشتی کاریگەرییان.

### نەخۆشییە بۆماوەییەکانی دڵ:

- چەندین کەس هەن ئەو نەخۆشییانەیان هەیە بەبێ ئەوەی نیشانەیەکی تایبەتیان هەبێ، بەڵام هەندێکی دیکە چەند نیشانەیەکیان لێ دەردەکەوێ، وەکوو گێژبوون، دڵەکوتە و چاوبەڕەشداهاتن.
- پشکنینی پێشوەختەی جینی دەتوانێ دەستنیشانی بەشێک لەو حاڵەتانە بکات.
- هەندێک کەس زۆرتر پێویستە پشکنینی دڵ بکەن، ئەوانیش بریتین لە: ئەوانەی کەسێکی تووشبوو بەو نەخۆشییانە لە خێزانەکەیاندا هەن، بوونی حاڵەتی مردنی پێشوەختە و لەناکاو لە خێزاندا، سنگئێشە و جەڵتەی دڵ لە کەسانی گەنجی نێو خێزاندا ڕوویدابێت.
- زوو دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییانە، ئەگەری مردن و ئاڵۆزکاری بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە.
- هەر گومانێکت هەبوو، ڕاوێژ بە پزیشک بکە.

# دێرەزوور.. دوایین بەرەی شەڕی دژ بە داعش



رووداو– هەولێر

هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا وای بۆ دەچن کە رەققە دوایین گۆڕەپانی رووبەڕووبوونەوە دەبێت لەگەڵ داعش، بەڵام بەگوێرەی راپۆرتێکی گۆڤاری فۆرێن ئەفەیرزی ئەمریکی، داعش لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا چەک و تەقەمەنی و چەکدارێکی زۆری رەوانەی دێرەزوور کردووە کە بەشێکی زۆری لەساڵی 2014ەوە لەژێر کۆنترۆڵی داعشدایە و لەچاو مووسڵ و رەققە کەمتر باسی کراوە.

دێرەزوور لە رۆژهەڵاتی سووریایە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی سێگۆشەی مووسڵ و رەققە و دێرەزوور. لە دوو ساڵی رابردوودا یەکێک بووە لە رێگە سەرەکییەکانی هاتوچۆی چەکدارانی داعش لەنێوان عێراق و سووریا.

دێرەزوور گەورەترین ناوچەی نەوتیی سووریاشە، هەر بۆیە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دارایی داعش بووە. بەگوێرەی راپۆرتەکە، هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان پێشتر بەشێوەیەکی سنووردار هەوڵی تێکدانی کێڵگە نەوتییەکانی دێرەزووری داوە بۆئەوەی ئەو سەرچاوە داراییەی داعش ببڕێ، بەڵام دواتر لە ترسی کەوتنەوەی ئاگر، هێرشەکان کەمتر کرانەوە.

دێرەزوور بایەخێکی جوگرافیشی هەیە کە لەماوەی نزیکەی سێ ساڵی رابردوودا داعش سوودی لێ بینیوە. بەپێی راپۆرتەکەی فۆرێن ئەفەیرز، داعش پەیوەندییە خوێنییەکانی نێوان هۆزە عەرەبییەکانی سەر سنووری نێوان دێرەزوور لە سووریا و رۆژئاوای ئەنباری لە عێراق بەکارهێناوە. ژمارەیەکی زۆر لەو هۆزانە بەهۆی سنووری نێوان عێراق و سووریا لە یەکدی دابڕابوون، بەڵام بە دەرکەوتنی داعش ئەو سنوورانە نەمان و زەمینەی یەکگرتنەوەی هۆزەکانی هەردوو دیوی سنوورەکە رەخسا. هەربۆیە داعش بنکەیەکی جەماوەریی بەهێزی لەنێو هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەدا هەیە.

داعش لە پاش کۆنترۆڵکردنی دێرەزوور، ئەم پارێزگایەی بەسەر دوو ناوچەدا دابەش کرد کە یەکێکیان شارەکانی مەداین و دێرەزوور و دیوی باکووری پارێزگاکە لەخۆدەگرێت، بەشی دووەم ئەبووکەمال لە بەشی باشووری پارێزگای دێرەزوور و شاری ئەلقایم لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا لەخۆدەگرێت. ئەم ستراتیژەی داعش هۆکار بوو بۆئەوەی ئەم هۆزانە دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوانتر لە عێراق و سووریادا بگرن کە پێشتر بەهۆی سنوورەکانەوە مومکین نەبوو. هەربۆیە راپۆرتەکە پێشبینی دەکات "دوای لەدەستدانی مووسڵ و رەققە، داعش بیر لەوە بکاتەوە لە دێرەزوور خۆی کۆبکاتەوە".

بەگوێرەی راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە، لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا کە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ دەستی پێکردووە "ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش و خێزانەکانیان لە عێراق و ناوچەکانی دیکەی سووریاوە روویان لەم پارێزگایەی سووریا کردووە. بەگوێرەی قسەی شوفێرێکی تاکسی کە خەڵکی مووسڵە، ئەو چەکدارانەی پارەیان هەبووە، بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بەرەو پارێزگای دێرەزوور هەڵاتوون.

راپۆرتەکە دەڵێت "لەگەڵ دەستپێکردنی بۆردومانی هاوپەیمانان بۆ سەر باکووری پارێزگای حەڵەب و رەققە ژمارەی دانیشتووانی دێرەزوور زۆر زیادی کرد. ژمارەیەکیش لە دانیشتووە نوێیەکانی دێرەزوور فەرماندە، بەرپرس و سەرکردە باڵاکانی داعش بوون کە ژمارەیەکی زۆریان بیانین".

پزیشکی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی دێرەزوور بە فۆرێن ئەفەیرزی راگەیاندووە "ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی سەردانمان دەکەن، هاوژینی چەکدارە بیانییەکانی داعشن و بەمدواییە هەستم کردووە کە ژمارەیەکی زۆریان هیچ عەرەبی نازانن، ئەگەر بشزانن عەرەبیی فوسحە دەزانن". ئەمەش بەو مانایەیە کە زمانی عەرەبی زمانی منداڵییان نەبووە و لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا فێری بوون. پزیشکەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە نیشانەیەکی دیکەی بیانیبوونی ئەو ئافرەتانە ئەوەیە "ژمارەیەکی زۆریان تاتۆ و نیشانەی دیکە لەسەر لەشیان هەیە"، ئەمە لەنێو ئافرەتانی ناوچەکەدا شتێکی دەگمەنە.

راپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە خەڵکی پارێزگای دێرەزوور بە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی چەکدارە بیانییەکان دڵخۆش نین، لەبەر ئەوەی نرخی خۆراک لە دوای هاتنی ئەوان یەکجار زۆر بەرزبووەتەوە. یەکێک لە دانیشتووانی مەداین بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "نرخی شتومەک ئەوەندە بەرز بووەتەوە کە چیدی دەرەقەت نایەین، پێشتر براکەم لە ئەوروپاوە مانگانە 100 دۆلاری بۆ دەناردین، ئەو پارەیە بەشی خەرجیی خۆم و خێزانەکەمی دەکرد، بەڵام ئێستا 220 دۆلار دەنێرێ و بەشی خەرجیی خۆم ناکات".

بۆ راگرتنی پێگەی جەماوەریی خۆی لە ناوچەکە، داعش پارەیەکی زۆری خستووەتە کەرتی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە. بەپێی راپۆرتەکە داعش مووچەی فەرمانبەرانی لەم ناوچەیە بەرزکردووەتەوە .هەروەها پێداویستییەکی زیاتری بۆ نەخۆشخانەکان دابین کردووە، دوو قوتابخانەی نوێشی بۆ منداڵانی چەکدارانی داعش دروست کردووە. ئەگەرچی قوتابخانەی ئاسایی لە شارەکەدا هەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی داعش حەز دەکەن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەکانی داعش و لەوێ مەشقی سەربازییش وەربگرن.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا هاتووە کە ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و پزیشک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە عێراقەوە هاتوونەتە دێرەزوور و لەوێ وانە بە بیانییەکان دەڵێنەوە.

لە پاڵ هەموو ئەم هەوڵانەدا، داعش خەریکی بەهێزکردنی توانای سەربازیی خۆیەتی لەو ناوچەیەدا. بەپێی راپۆرتەکە داعش سوود لە کەسانی بەندکراو وەردەگرێت بۆ لێدانی خەندەق لە دیوی باکووری پارێزگای دێرەزوور، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە چەک و تەقەمەنییەکانی تەدموری بۆ ئەم پارێزگایە گواستووەتەوە، لەبەرئەوەی چیدی دەستیان بە مووسڵ راناگات، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆر لە پردەکانی سەر رووباری فورات بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە تێکدراون.

جموجۆڵەکانی داعش لەم پارێزگایە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە دوای جەنگی رەققە و مووسڵ، جەنگێکی دیکەی قورس چاوەڕێی هاوپەیمانان دەکات کە جەنگێکی ئاسان نابێت، هەتا ئێستاش دیار نییە کە کام هێز دەبێ ئەو پارێزگایە لەژێر کۆنترۆڵی داعش دەربکات. بەگوێرەی راپۆرتەکەی فۆرێن ئەفەیرز، هێزەکانی سووریای دیموکرات ئەستەمە بتوانن بەشداری لە ئۆپەراسیۆنێکی لەو چەشنەدا بکەن، لەبەرئەوەی بەشی زۆری چەکدارانی ئەو هێزە سەر بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ن، ئەمەش وادەکات دانیشتووە عەرەبەکانی ئەم پارێزگایە زیاتر روو لە داعش بکەن.

راپۆرتەکەی فۆرین ئەفەیرز دەڵێت رەوشی دێرەزوور ئەوە دەردەخات کە "ئەگەر رێگری لە داعش نەکرێت بۆ ئەوەی نەتوانێ دێرەزوور بکاتە حەشارگەیەکی نوێ، ئەوە ئەم گرووپە شوێنێکی بەدەستەوە دەمێنێ بۆ ئەوەی لەوێوە هێرش بکات و جارێکی دیکە ناوچەکە ناسەقامگیر بکات".

# 15 پرسیار سەبارەت بە ناوچەی ئارام لە سووریا و یەمەن

رووداو– هەولێر

کۆتایی مانگی رابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە فەرمانێکدا داوای لە وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا کرد، پلانێک بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام یان دژەفڕین لە سووریا دابڕێژن. رۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی دەقی فەرمانەکە، کۆشکی سپی راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا ئاماژە بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان ترەمپ و سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعود، شای سعودیە دەکات.

بەگوێرەی بەیاننامەکەی کۆشکی سپی، لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا "سەرۆک (ترەمپ) داوای کرد شای سعودیە پشتگیری لە ناوچەی ئارام لە سووریا و یەمەن بکات".

بە گوێرەی راگەیەندراوەکەی کۆشکی سپی، شای سعودیە رەزامەندی دەربڕیوە. لە ماوەی کەمپینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکاشدا ترەمپ و مایک پێنسی جێگری، چەندین جار باسیان لە دروستکردنی "ناوچەیەکی ئارامی جوان" بۆ سوورییەکان کردبوو.

وەک دیارە ئێستا دروشمەکان خەریکە دەبنە بەشێک لە سیاسەتی ئەمریکا. بۆیە میکا زێنکۆ، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە ترەمپ و ئیدارەکەی بەر لەجێبەجێکردنی ئەو پلانە دەبێت وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بدەنەوە بۆ ئەوەی واتای ناوچەی ئارام و پانتایی و ماوەی بەردەوامبوونی ئەو ناوچەیە روون بکەنەوە.

زێنکۆ کە 15 ساڵە لەم بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکات، پێیوایە کێشە پەیوەندیدارەکانی ناوچەی ئارام خۆیان لە 15 پرسیاردا دەبیننەوە:

**پرسیاری یەکەم:** ئامانجی سیاسی لە دروستکردنی ئەو ناوچەیە چییە؟ بۆ نموونە "ئایا ناوچەی ئارام پەناگەیەکی کاتی بۆ ئاوارەکان دابین دەکات یان دەبێت بە وەرەقەی گوشار کە دەکرێت لە کاتی دانوستاندنەکانی ئاشتی سوودیان لێ وەربگیرێ؟

**دووەم:** ئایا دروستکردنی ئەم ناوچەیە هیچ بناغەیەکی یاسایی و دەستووریی نێوخۆیی هەیە؟ واتە ئایا دەستووری سووریا رێگە بە دروستکردنی ئەم ناوچەیە دەدات؟ پێشتر حکومەتی سووریا چەندین جار دژایەتی خۆی لەگەڵ هەرچەشنە هەوڵێکی هاوپەیمانێتیی رۆژئاوا بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە سووریا دەربڕیوە.

**سێیەم:** مادام حکومەتی سووریا دژی ئەم پلانە بێت، چ بناغەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ ئەم هەنگاوە هەیە؟ بۆ نموونە ئایا هیچ بڕیارنامە یان یاسایەکی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە پشتگیری لەم هەوڵەی ئیدارەی ئەمریکا بکات؟

**چوارەم:** لە سووریا و یەمەن جەنگێکی هەمەلایەنەی نێوخۆیی لەئارادایە، بۆیەش زێنکۆ دەپرسێ، ئەم ناوچە ئارامە بە وردی دەکەوێتە کوێی سووریا و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوچە دیاریکراوە چییە؟

**پێنجەم:** ئایا هاووڵاتیانی مەدەنی و چەکدارانی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە یەک شێوە دەپارێزرێن؟ ئەگەر بڕیار بێت چەکدارانی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەپارێزرێن، چ رێوشوێنێک بۆ پشکنینی دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەگیرێتەبەر بۆ ئەوەی خەڵکی مەدەنی و چەکداران لە یەکدی جیا بکەنەوە، یان بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە چەکدارانی ئەو گرووپانە لە نێو خەڵکی مەدەنیدا خۆیان ناشارنەوە؟

**شەشەم:** هاووڵاتیانی مەدەنی بە شێوازی جۆراوجۆر لە جەنگی نێوخۆیی سووریا و یەمەندا زیانیان بەردەکەوێت، بۆیە زینکۆ پێیوایە ئیدارەی ترەمپ دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە کە ئایا ئەم خەڵکە لە هەموو شێوازەکانی زیان بەرکەوتن دەپارێزرێن یان نا؟

**حەوتەم:** تایبەتمەندییەکی دیکەی جەنگی نێوخۆیی سووریا و یەمەن ئەوەیە کە لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی لەم دوو جەنگەدا بەشدارن. هەر بۆیە یەکێک لەو پرسیارانەی زینکۆ ئاراستەی ئیدارەی نوێی واشنتنی دەکات ئەوەیە: ئایا دانیشتووانی ناوچەی ئارام لە هێرشەکانی هەموو لایەنە بەشدارەکان دەپارێزرێن؟ بۆ نموونە دانیشتووانی ناوچەی ئارامی سووریا لە هێرشەکانی هێزی ئاسمانیی رووسیا و سووریا دەپارێزرێن؟ ئایا لە یەمەن دانیشتووانی ناوچەی پارێزراو لە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتیی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە دەپارێزرێن؟

**هەشتەم:** کام وڵات هێزی سەربازی (هێزی ئاسمانی و چەک و تەقەمەنی و هێزی پیادە) رەوانەی ئەو دوو وڵاتە دەکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ناوچەی ئارام بکەن؟ بە تایبەتیش لە کاتێکدا پاراستنی ئەم ناوچانە دەکرێ کێشەی گەورە بۆ پەیوەندییەکانی وڵاتە هاریکارەکە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دروست بکات. وڵاتی هاریکار دەبێ بەرەنگاری هێزی ئاسمانی وڵاتی پێشێلکار ببێتەوە.

**نۆیەم:** کام گرووپ یان وڵات هاوکارییە مرۆییەکان پێشکەش دەکەن و رێگەیان پێدەدرێت سەردانی خەڵکانی نیشتەجێ لە ناوچە پارێزراوەکان بکەن؟ ئەم پرسیارەش کاتێک گرنگی پەیدا دەکات کە هەر کام لە وڵاتان یان گرووپی وڵاتان پشتگیری لە گرووپێکی دیاریکراوی نێو جەنگی نێوخۆیی یەمەن یان سووریا دەکەن، بۆیەش دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە هیچکام لە وڵاتان ئەم مافە وەکوو رێگەیەک بۆ هاوکاریکردنی گرووپێکی بەشداری دیاریکراوی نێو جەنگە نێوخۆییەکە بەکارنەهێنن.

**دەیەم:** کام وڵات هێزی وشکانی رەوانەی ناوچەی ئارام دەکات بۆ ئەوەی چاودێری ئارامی و ئاشتیی ناوچەکە بکات؟ بەتایبەتیش بە چ شێوازێک گەرەنتی لەو وڵاتانە وەردەگیرێت کە ئەم مافە بۆ ئامانجی سەربازی و سیاسی خۆیان نەقۆزنەوە؟

**یازدەیەم:** کام وڵاتی دراوسێ یان نزیک لە سووریا و یەمەن رێگە بە وڵاتانی هاریکار دەدەن هێزەکانی خۆیان لەوێ جێگیر بکەن یان رێگە بە وڵاتانی بەشدار لەم پلانە دەدەن سنووری ئاسمانیی ئەوان بەکاربهێنێت؟ هەر کام لەم وڵاتانە بە چ مەبەستێک و هەتا چ ئاستێک رێگە بە وڵاتانی هاریکار دەدەن سنوورەکانی ئەوان بەکاربهێنن؟

**دوانزەیەم:** فەرماندەیی ناوەندی و دوا بڕیار لەدەست کام هێز یان وڵاتدا دەبێت؟

**سێزدەیەم:** ئەو هێزە سەربازییانە لە چوارچێوەی کام رێسای دەستێوەردان رەوانەی ناوچەی ئارام دەکەن؟ بۆ نموونە ئایا بەشدارییەکە تەنیا سەربازی دەبێت، یان بەشداری مەدەنی و مرۆییش لەخۆدەگرێت؟

**چواردەیەم:** دوور نییە گرووپە چەکدارەکان ناوچەی ئارام وەک حەشارگەیەک بەکاربهێنن، یان لەوێوە ئەندامی دیکە رابکێشنە نێو ریزەکانی خۆیان؟ ئایا هێزە هاریکارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ئامانجەی گرووپە چەکدارەکان ئامادەن هێزی سەربازی یان بۆردومان بەکاربهێنن؟

**پازدەیەم:** بەشی زۆری ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسکران، پێویستیان بە سەرچاوەی داراییە، بۆیەش میکا زێنکۆ دەپرسێت: "کێ و بۆ چ ناوێک ئەم پارەیە دابین دەکات؟".



(فۆتۆ: AFP)

پلانەکەی ئۆباما بۆ گرتنەوەی ڕەققە هەڵدەوەشێنێتەوە

# ترەمپ پڕچەککردنی یەپەگە ڕادەگرێ؟

ڕووداو– هەولێر

ڕۆژی 17ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، ڕاوێژکاری کاروباری ئاسایشی نیشتمانیی ڕاسپارد پلانێک ڕادەستی تیمی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی نوێی ئەمریکا بکات کە تێیدا پڕچەککردنی کوردی ڕۆژئاوا یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان بوو. لە بەشێک لەو پلانەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە ئیدارەی ترەمپ دەبێ ئەم مەسەلەیە بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕوون بکەنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی، پلانەکە کە لە بنەڕەتدا بۆ دەرهێنانی ڕەققە بووە لە بندەستی چەکدارانی داعش، لە ئاکامی زیاتر لە حەوت مانگ دانیشتن، گفتوگۆ و دیبەیتی درێژ لە نێوان ئۆباما و تیمەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئامادە کرابوو، بەڵام هەر درێژبوونەوەی ماوەی ئامادەکردنی پلانەکە وایکرد ئیدارەی ئۆباما نەتوانێ پلانەکە وەک ئەوەی هەیە جێبەجێ بکات. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئیدارەی ئۆباما هەستیان نەدەکرد بژارێکی باشیان لەبەردەست مابێت، بەڵام ڕاوێژکارانی سیاسەتی دەرەوەی کۆشکی سپی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان دەتوانێ ڕێگەیەک بێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی سووریا.

سەرۆکی پێشووی ئەمریکا هیواخواز بوو ئەو پلانە بتوانێ ڕێخۆشکەر بێت بۆ ئیدارەکەی دوای خۆی، بۆ ئەوەی بتوانن بە خێرایی بڕیاری هێرش بۆ سەر پایەتەختی داعش بدەن کە بەگوێرەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا شوێنی دانانی پلانی هێرشە بۆ سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام خەونەکەی ئۆباما نەهاتەدی، چونکە تیمی ئاسایشی نیشتیمانیی ترەمپ لە جیاتی ئەوەی جێبەجێی بکەن، پلانەکەیان بەلاوە نا.

ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی پێیانوایە پلانەکەی ئۆباما هەم کاتی زۆری پێویست دەبوو، هەمیش مەترسیی گەورەی بەدواوە دەبوو. یەکێک لە بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی بە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ڕاگەیاندووە "ئەوان (واتە تیمی ئۆباما) زانیارییەکانیان خستە بەردەستمان، بەڵام ئێمە کەلێنی گەورەمان تێدا بەدی کرد. پلانەکە لاوازە".

سفرکردنەوەی پلانی گرتنەوەی ڕەققە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە جیاوازییەکی 180 پلەیی لە نێوان ستافی ئێستا و ستافی پێشتری کۆشکی سپیدا هەیە. ئۆباما لەو جۆرە سیاسەتمەدارانە بوو کە پێیوابوو بەر لە بڕیاردان، دەبوایە وردترین زانیاریی سەربازی و هەواڵگری بەدەست بگات. هەر ئەمەش زۆربەی جاران وای دەکرد ئیدارەی ئۆباما دەست بۆ هیچ کردەوەیەک نەبات، بەڵام ترەمپ هەر لە سەرەتاوە ڕایگەیاند کە هەڵمەتێکی خێرا و بێ بەزەییانە لە دژی داعش دەست پێدەکەن. هەر بۆیە دەستی جیم ماتیس، وەزیری بەرگریی ئەمریکای واڵا کردووە بۆ ئەوەی پلانێکی قورس بۆ لێدان و لەناوبردنی داعش ئامادە بکات.

ئەگەرچی تیمی ئۆباما ماوەی زیاتر لە 210 ڕۆژ کاریان لەسەر پلانی لێدانی داعش کردووە، بەڵام ماتیس و هاوکارەکانی تەنیا 30 ڕۆژیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی پلانێکی نوێ ئامادە بکەن. بەگوێرەی بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی، ترەمپ داوای لە ماتیس کردووە ژمارەیەکی زۆر بژارەی بخاتە بەردەست و گوێش بەو سنوورانە نەدات کە لە پلانەکەی ئۆبامادا لەسەر ژمارەی سەربازانی ئەمریکی و زیانە گیانییەکانی خەڵکی مەدەنی دانراون. بەرپرسەکە بە (پۆست)ی گوتووە "پەیامی سەرۆک بۆ پێنتاگۆن ئەوە بوو کە مەودای هەڵمەتەکە فراوانتر بکەینەوە. هەروەها داواشی کردووە ماتیس هەموو بژارەکانی خۆی بخاتە بەردەستی سەرۆک".

ئەو کێشەیەی ئێستا تووشی واشنتن بووە (واتە یارمەتیدان یان نەدانی هێزە کوردییەکانی سووریا)، یەکەمجار لە ساڵی 2014 و لە کاتێکی هەستیاردا ڕووبەڕووی باراک ئۆباما بووەوە، ئەو کاتەی داعش ناوچەیەکی زۆری لە عێراق و سووریا کۆنترۆڵ کرد و بەرەو ناوچەکانی دیکە پێشڕەویی دەکرد. ئەوکات ئۆباما بڕیاری بەشداریی سەربازیی دەرکرد، ئەویش بە یەک مەرج: هیچ سەربازێکی هێزی پیادەی ئەمریکا لە جەنگەکاندا بەشدار نابێ.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، بێ بەشداریی هێزی پیادەی ئەمریکا، دەبووایە بیر لە هێزێکی خۆجێیی بکرێتەوە. لەم کاتەشدا بوو هێزە کوردییەکان هاتنە پێشەوە. هاوکاریی نێوان ئەمریکا و ئەم هێزانە ئەگەرچی دەستکەوتی گەورەی بۆ هەردوولا هەبووە، بەڵام هاوبەشیکردنی هێزە کوردییەکانی سووریا مەترسیی گەورەشی بۆ ئەمریکا تێدایە، گرنگترینیان پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتنە. بە گوێرەی (پۆست) لە کۆبوونەوەیەکی باڵای نێوان ئەردۆغان و بەرپرسانی ئەمریکیدا، سەرۆکی تورکیا گوتوویەتی "نیگەرانیی ژمارە یەکی تورکیا هێزە کوردییەکانی سووریایە نەک لادان یان مانەوەی ئەسەد".

لە پاییزی 2016 ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتڵ، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشنیازی کردبوو چەک بۆ هێزە کوردییەکانی سووریا ڕەوانە بکەن. ئەو پێشنیازە ئیدارەی ئۆبامای تووشی دووبەرەکی کرد. ئاشتن کارتەر، وەزیری بەرگریی پێشووی ئەمریکا، لەگەڵ پێشنیازەکەدا بووە. بەڵام سوزان ڕایس، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئۆباما، دژی پلانەکە بوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست)، ئەوکات بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا دڵنیا نەبوون ئاخۆ تورکیا بەڕاستی بەنیازە هێز بۆ ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ڕەققە ئامادە بکات یان نا. تورکیا ماوەی دوو ساڵ بوو ئەمجۆرە بەڵێنەی بە کۆشکی سپی دەدا، بەڵام هیچکات بە کردەوە جێبەجێی نەکردبوو. بەڵام لە کۆتایی 2016 بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا، لەوانەش کارتەر، گەیشتنە ئەو بڕوایەی تورکیا هێزی پێویست بۆ گرتنەوەی ڕەققە دابین ناکات، بۆیە سێ هەفتە بەر لە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتی ئۆباما، بڕیاری پڕچەککردنی هێزە کوردییەکانیان دەرکرد.

ڕاپۆرتەکەی (پۆست) ئاشکراشی دەکات ڕۆژی 10ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ڕاوێژکارە سەرەکییەکانی ئۆباما و بەرپرسانی سەربازی لە کۆشکی سپی کۆببوونەوە. لەوێدا کارتەر پشتگیری لە پڕچەککردنی کورد کردبوو، بەڵام سامانسا پاوەر، نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دژی بووە. هەموو ڕاوێژکارەکانیش لەسەر یەک خاڵ کۆک بوون کە دەبێ پرس بە ئیدارەی ترەمپ بکرێت، چونکە ڕەنگە ئەوان هەموو پلانەکەی ئیدارەی پێشتر هەڵوەشێننەوە.

بۆیە دوای کۆبوونەوەکە، ڕایس لەگەڵ مایکڵ فلین، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ، قسەی کردبوو. بەگوێرەی کەسانی ئاگادار لە گفتوگۆکە، ڕاوێژکارەکەی ئێستا بە هاوتا کۆنەکەی خۆی گوتووە "ئەو پلانە پەسەند مەکەن. ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان دەدەین". لە دوایین کۆبوونەوەشدا لەگەڵ ڕاوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانی، باراک ئۆباما بڕیاری ناردن یان نەناردنی چەکی بۆ هێزە کوردییەکانی سووریا بۆ ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا جێهێشت.

ئێستاش ئامادەکردنی پلانی نوێ بۆ سووریا کەوتووەتە سەر شانی ژەنەراڵ جۆزێف ئێف دانفۆرد، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا و جیم ماتیس. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ تیمی ڕاوێژکارە ئەمنییەکانی ئۆباما، دانفۆرد بەردەوام پشتگیری لە پڕچەککردنی کورد کردووە، بۆ ئەوەی پلانێک دابنێن کە بەپێچەوانەی پلانەکەی پێشوو تێیدا بیر لە هاوکاریی ڕووسیا و ئارامکردنەوەی تورکیا بکرێتەوە، خێرا بێت و لە سەرووی هەمووشیانەوە پلانی B تێدا بێت.



## لە پلانەکەی ئۆباما باشتریان دەستناکەوێ

ڕاوێژکارانی ئۆباما دەڵێن پڕچەککردنی هێزە کوردییەکان پلانی B بوو، ئەمەش دوای ئەوەی دەرکەوت تورکیا ناتوانێ لە جێبەجێکردنی پلان Aدا هاوکار بێت کە پێگەیاندنی هێزێکی چەکداری کارامەی سووری بوو. بۆیە پێشبینی دەکەن لە داهاتوویەکی نزیکدا بگەنە ئەو بڕوایەی بۆ پلانێکی خێرا و کاریگەر و لە ڕەوشێکی وەکوو جەنگی نێوخۆیی سووریادا، ئەستەمە بە پلانێکی باشتر لەو پلانە بگەن کە ئیدارەی ئۆباما دایناوە. بە دووریشی نازانن بەشێکی بەرچاو لە خاڵەکانی پلانەکەی ئۆباما جارێکی دیکە بێنەوە نێو پلانەکەی ئیدارەی نوێ.

(فۆتۆ: AFP)

هێزی سەربازی ڕەوانەی یەمەن دەکات

# یەمەن.. یەکەم مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ترەمپ لەگەڵ ئێران

ڕووداو– هەولێر

ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی هەوڵەکانی بۆ "جڵەوکردنی فراوانخوازی"یەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستپێکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش حوسییەکانی یەمەن وەکوو یەکەم ئامانجی ئەم هەڵمەتە دیاریکراون کە لەلایەن تارانەوە پشتگیریی دەکرێن.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، ئەمریکا کەشتییەکی ڕەوانەی کەنارە ئاوەکانی یەمەن کرد، بۆ ئەوەی ڕێگەی هاتوچۆی کەشتییەکان لە هێرش و تۆپبارانی حوسییەکان بپارێزێت، لە پاڵ ئەمەدا کۆشکی سپی پلانی ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ڕاوێژکاری سەربازی بۆ هێزەکانی لایەنگری حکومەتیش هەیە. بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە گۆڤاری فۆرین پۆڵسی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "لە نێو ئیدارەی نوێی ئەمریکادا مەیلێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بەرپەرچی توندی هەموو هەوڵەکانی ئێران لە یەمەن بدرێتەوە". سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش داوە "ڕەنگە ئەمریکا شانبەشانی ئیمارات و سعودیە بەشدارییەکی کارای لە جەنگی دژی حوسییەکانی یەمەن هەبێت".

ڕاوێژکارە ئەمنییەکانی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، پێیانوایە یەمەن مەیدانێکی گرنگە بۆ ئەوەی کێشەکان لەگەڵ ئێران یەکلایی بکرێتەوە، بەو شێوەیەش سیاسەتی ئیدارەی نوێ بەرامبەر قەیرانی یەمەن لە ئیدارەی پێشوو جیا دەبێتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی واشنتن دەکرێ کاریگەری لەسەر ململانێی ئێران و ئەمریکا لە عێراق و سووریاش هەبێت.

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، مایکڵ فلین، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، لە گوتارێکدا ڕەخنەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرت و تۆمەتباری کردن بەوەی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئێران "زۆر نەرمییان نواندووە". هەروەها گوتی "ئیدارەی ترەمپ چیدی لە هەڵسوکەوتە توند و هەڕەشەئامێزەکانی ئێران بەرامبەر بە بەرژەوەندیی ئەمریکا چاو ناپۆشێ".

ڕۆژی دووشەممە بەلەمێکی بۆمبڕێژکراوی حوسییەکان خۆی کێشا بە کەشتییەکی سەربازیی سعودیەدا، لە وەڵامی ئەم هێرشەدا، فەرماندەیی هێزی دەریایی ئەمریکا فەرمانی بە کەشتی تێکشکێنەری کۆڵ (Cole) کرد کەنداوی عەرەبی بەرەو گەرووی باب ئەلمەندب جێبهێڵێت. سەرچاوەیەک لە هێزی دەریایی ئەمریکا بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە "ئەرکی ئەم کەشتییە ئەوە دەبێت پاسەوانیی ئەو کەشتیانە بکات کە لە کەنار ئاوەکانی یەمەنەوە بەرەو دەریای سوور دەجووڵێن".

ڕاوێژکارانی سەربازی و کۆنگرێسمانە کۆمارییەکان ئاشکراشیان کردووە "وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا خەریکی تاوتوێکردنی پلانێکە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حوسییەکان پشت بە هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ببەسترێت، ژمارەی ڕاوێژکارانی سەربازی و ئۆپەراسیۆنی کۆماندۆ تایبەتەکانی ئەمریکاش بەرز بکرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا ڕێگەی گواستنەوەی چەک و تەقەمەنیی ئێران بۆ چەکدارانی حوسی بگیرێ".

هاوپەیمانێتی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە لە مانگی ئاداری 2015ەوە جەنگی حوسییەکان دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی چەکدارانی حوسی بە نزیکبوونەوەیان لە شاری عەدەن، توانییان عەبد ڕەبە مەنسوور هادی، سەرۆکی یەمەن، ناچار بکەن وڵات جێبهێڵێت و ڕوو لە سعودیە بکات. پێش ئەمە لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵدا حوسییەکان توانییان دەست بەسەر بارەگای سەرۆکایەتی کۆماری یەمەن لە سەنعای پایتەخت بگرن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بەهۆی جەنگی نێوخۆی یەمەن زیاتر لە 10 هەزار کەس کوژراون و 40 هەزار کەسیش بریندار بوون.

فلین هیچکات نەیشاردووەتەوە کە دەیەوێ بە توندی وەڵامی هەوڵەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بداتەوە، هەفتەی پێشووش ئاماژەی بەوەدا کە دوای تاقیکردنەوەی سیستەمی مووشەکی و هێرشەکەی سەر کەشتییە جەنگییەکەی سعودیە "ئەمریکا ئێران دەخاتە ژێر چاودێرییەوە". بەڵام دیار نییە کاتی جێبەجێکردنی پلانی کۆشکی سپی لە دژی ئێران و حوسییەکان کەی دەبێت و وردەکارییەکانی پلانەکەش بە وردی نازانرێت.



(فۆتۆ: AFP)

ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، هەر لە سەرەتاوە پشتگیری لە هەوڵەکانی هاوپەیمانێتی عەرەبی بە سەرۆکایەتی سعودیە کردبوو. هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە بریتی بوو لە پڕکردنەوەی تانکیی سووتەمەنی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانێتییەکە و ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە بە مەبەستی سیخوڕی و دیاریکردنی ئامانجەکان بەکاردەهێنرێن، بەڵام ساڵی ڕابردوو، پێنتاگۆن ئاستی هاوکارییەکانی بۆ هێزەکانی لایەنگری مەنسوور هادی و سعودیە کەمکردەوە، دوای ئەوەی حکومەتی سعودیە و هاوپەیمانێتییەکەی بەوە تۆمەتبار کران کە خەڵکێکی مەدەنیی زۆر لە ئاکامی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەواندا کوژراون و ئاوارە بوون. ئیدارەی ئۆباما قەیرانی یەمەن و دەسەڵاتی حوسییەکانی بە هەڕەشەیەکی ستراتیژی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەدەزانی، لە کاتی دەستپێکردنی هەڵمەتی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتیی عەرەبیشدا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە سعودیە بەبێ پرسی ئەمریکا دەستی بۆ ئەو بژارەیە بردووە. ئیدارەی پێشووی کۆشکی سپی جموجۆڵەکانی قاعیدەی لە یەمەن بە مەترسیی سەرەکیی سەر ئاسایشی ئەمریکا دەزانی.

بەڵام وەک لە لێدوانی بۆب کرۆکەر، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیراندا دەردەکەوێت، ئەمریکا هەستی بەوە کردووە کە "پێویستە هەوڵێکی فرەلایەن هەبێت بۆ ئەوەی بەرپەرچی هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە یەمەن و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بدرێتەوە".

لێدوانەکەی کرۆکەر دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ فلین سەبارەت بە ئێران و ڕۆڵی لە ناوچەکەدا بوو.

جەنگی یەمەن بە پێچەوانەی جەنگی سووریا جەنگێکی فەرامۆشکراوە. ئەمەش دەرفەتی ئەوە بە ئەمریکا دەدات لە شوێنێک ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە کە تێیدا بەریەککەوتن لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا ڕوونادات.

سێس جۆنز، لە ناوەندی ڕەند (RAND) پێشبینی دەکات ئەمریکا هێزێکی پیادەی کەم ڕەوانەی یەمەن بکات و بەشی زۆری ئەرکەکان بە هێز و گرووپە خۆجێییەکان بسپێردرێت. بەڵام کاسەرین زیمەرمان لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی پێیوایە بەشداریی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە جەنگی نێوخۆیی یەمەن "لەلایەکەوە ئاگری جەنگەکە خۆشتر دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەوایەتییەکی زیاتر بە حوسییەکان دەدات بۆ ئەوەی پشت بە تاران ببەستن".



سلێمان ئالیخان

# "هۆڵ هۆڵا تاوسیٚ مەلەکە"

ساڵی 1999 پەرتووکی ئاینی ئێزدیاتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە چاپ کرا و خرایە نێو مەنهەجی خوێندنی قوتابخانەکانی ناوچەی ئێزدینشین. منیش وەکو تایپیست بەشداریم کرد لە دروستکردنی ئەو پەرتووکانەدا. بەتایپکردنی هەزارەها پیت، سەدان وشە و دەیان دێڕ و پەندی ئاینی کە لە ئێزدیاتیدا بە (سەبەقە) ناودەبرێن، توانیم قووڵتر ڕۆبچمە نێو هەندێک لایەنی ئەو ئاینەوە. لەبیرمە لە مانگی ڕەمەزاندا سەرقاڵی ئەو پەرتووکانە بووم. ئەوەش بووە هۆی ڕەخنەگرتنی هەندێک لە برادەران کە دەیانگوت "کارکردن و چاپکردنی ئەو پەرتووکانە حەرامە بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا!". پێش چەند ڕۆژێکیش سەردانی پەرستگای لالشمان کرد. لەوێ نزامان بۆ خۆشی و سەرکەوتنی گەلەکەمان کرد. لەسەر ئەوەش هەندێک کەس ڕەخنەیان لێگرتین کە "دوعاکردن لەوێ دروست نییە!".

دیارە ئێمە یەکەم کەس نین و یەکەم جاریشمان نەبوو بچینە لالش. پێشتر سەردانی گەلێک شوێنی پیرۆزی دیکەشمان کردووە وەکو شەرفەدین، مەزارەکانی دێرەبوون، شاریا و باعەدرێ و ... هتد. هەروەک چۆن سەردانی پەرستگە پیرۆزەکانی مەسیحییەکانی کوردستانیشمان کردووە لە ئەلقۆش، پێشابوور، میدیاد، دۆرێ و ...هتد. لەگەڵ مەزارە پیرۆزەکانی کوردی موسوڵمانیش وەکو مەزاری مەلای جزیری، مەزاری زانا و شێخی گەورەی کورد ئەحمەدی خانی و زۆری دی. لە هەموو ئەو سەردانانەشدا هیوای خۆشی و سەرکەوتنمان بۆ گەلەکەمان خواستووە.

هەڵبەت هەموو ئەو پەرستگە و مەزارانە پێکەوە بەشێکن لە مێژوو، کولتوور و ئاینی کۆمەڵگەی کوردستان. هەریەکەیان پیرۆزی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. ئەوجا مادام باوەڕمان وایە کە هەموو پێکهاتەکان بران وەکو هەمیشە باس دەکەین، کەواتە پێویستە شوێنە پیرۆزەکانی هەر پێکهاتەیەکی ئەم وڵاتە تەنانەت ئەگەر ژمارەی پەیڕەوانی یەک کەسیش بێت، لای پێکهاتەکانی دیکە پیرۆز بێت. ئەوەش گوناح نییە و شتێکی ئاساییە کە ئەوەی بۆ برای من پیرۆز بێت، بۆ منیش پیرۆز و جێگەی ڕێز بێت.

پێش دە ساڵ وتارێکمان لە کۆڤاری (سیلاڤ)دا بڵاوکردەوە کە باسی ئەوەمان کردبوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت پێویستە سەرەتا دیواری نێوان پێکهاتەکان بڕووخێنین. بەڵام دیارە دیوارەکان هەر ماون و مەسەلەی برایەتیی پێکهاتەکانی کوردستان لای هەندێک کەس تەنیا قسەیە، بەشێکیش هەر باوەڕیان پێی نییە! ئەوەش بەبۆچوونی من هەڕەشەیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بەربەستێکی گەورەشە لەبەردەم هەر هەنگاوێک بۆ سەربەخۆیی کە دەمێکە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

لێرەدا باسەکەمان لەسەر کۆمەڵگە و شوێنە پیرۆزەکانی ئێزدییەکانە کە ژمارەیان لە کوردستانی گەورە یەک ملیۆن کەس دەبێت. واتە باسی ئاین، کولتوور و مێژووی پیرۆزی خۆمان دەکەین. بۆیە بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو برایانەماندا سەرەتایەکی گرنگ دەبێت بۆ پەیڕەوکردنی تێگەی پێکەوەژیان. جوانترین شێوازی بەشداریکردنی ڕاستەقینەش ئەوەیە (بۆ نموونە) لە بەهاردا لەگەڵ کچ و کوڕی ئێزدی گوڵی سوور بچنین بۆ پێشوازی لە جەژنی سەری ساڵ، لە تەوافەکاندا خواردن دروست بکەین و بەسەماکردن بەرەو لوتکەی چیا و مەزارەکانیان بڕۆین و لە جەژنەکانیشدا سەردانی ماڵەکانیان بکەین بۆ پیرۆزباییکردن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە لە قەیرانەکاندا دەستیان بگرین، دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگیان لەکاتی نزاکردن بۆ خودای گەورە و، بەمتمانەوە بۆ سەرکەوتن و دەربازکردنی قەیرانەکان هاوار بکەین "هۆڵ هۆڵا تاوسیٚ مەلەکە".



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# حەشدی شەعبی بۆ کێیە؟

لەبەر ئەوەی ڕووداوەکان ئەوەندە زۆر و ئاڵۆزن، هەروەها بەهۆی ئەوەی کەسێتی تاکی عێراقی یادەوەریی لاوازە، زیاتر لەوەش بەهۆی ئەوەی تەنیا دیوێکی دیمەنەکان دەبینن و توانای لێکدانەوەی پشتی ڕووداوەکانیان نییە، ڕەنگە ئێستا ئەوەیان لەیاد نەمابێت، یان بیریان بۆ ئەوە نەچێت بۆچی لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنی داعشدا بۆ عێراق، سوپا زەبەلاحەکە بەبێ شەڕ و بێ هیچ بەرگرییەک لە شارە سوننییەکان کشایەوە و چەک و جبەخانە سەربازییەکانی بۆ داعش بەجێهێشت؟ ئەوکات خەڵکانێکی کەم گومانی ئەوەیان هەبوو کە ئەمە تاکتیکی مالیکی بووبێت بۆ ئامانجی پەڕینەوەی تەشەیوع بۆ ناوچە سوننییەکان. بەرپرسە باڵاکانی عێراق کەوتنە بەرگری و وەڵام و پاساویان ئەوەبوو کە لەبەرئەوە بووە نەبێتە (شەڕی تائیفی)، مەبەستیان شەڕی سوننە و شیعە بوو.

بەڵام کاتێ مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان بانگەوازی بۆ پێکهێنانی حەشدی شەعبی کرد، لە ئاستی باڵای ناوەندەکانی دەسەڵاتی شیعی لە عێراق بۆ ڕەوایەتیدان بەم هێزە عەشایەرییە و بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی ئەم میلیشیایە بەشداری شەڕی داعش بکات لە ناوچە سوننییەکان، ئەمجارە کەوتنە لۆمەکردنی سوپا کە نەیتوانیوە بەرگری بکات، بۆیە پێویستە ڕۆڵیان پەراوێز بخرێت و دەبێت بایەخ بە حەشدی شەعبی بدرێت و پڕچەک بکرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی داعش لە عێراق.

لەبەرئەوەی ئامانجەکە لە قۆناغی یەکەمدا بە شیعەکردنی هێزی چەکداری دەوڵەت بوو، هەرچەندە لە هەندێ ئاست و ناوەندی جیاجیا پرسیار کرا و ڕەخنە گیرا لەوەی سوپای عێراق کە لە هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە پێکهاتووە، ڕۆڵیان پەراوێز دەخرێت بە بیانووی ئەوەی نەبێتە شەڕی تائیفی، بەڵام حەشدی شەعبی کە تەنیا شیعەن، ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و وەدەرنانیان لە ناوچە سوننییەکان پێ دەسپێردرێت، ئایا ئەمە ڕاگەیاندنی شەڕی شیعە و سوننە نییە؟ گوێ بەهیچ کاردانەوە و نارەزایەتییەک نەدرا. سوپا فەرامۆش کرا، توانا سەربازی و داراییەکانی عێراق خرانە خزمەتی بەهێزکردنی پێگەی حەشدی شەعبییەوە، بەبێ بوونی هیچ یاسایەک، لە بودجەی گشتیی عێراق مووچە و ئیمتیازاتیان بۆ دابین کرا.

لە دەستپێکی ڕاگەیاندنی قۆناغی دووەمەوە کە ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش بوو، چ لە ئاستی ناوخۆی عێراق و چ لە وڵاتانی سوننەی ناوچەکە، هەروەها لە هەندێ ناوەندی نێودەوڵەتیش، داوای ئەوە کرا کە بۆئەوەی نەبێتە شەڕی سوننە و شیعە لە عێراق و بەهۆیەوە نەبێتە جەنگێکی گەورەی تایفی لە ناوچەکە، نابێت ڕێگە بدرێت حەشدی شەعبی بچێتە ناو شارە سوننییەکان. لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوەی ئامانج لە سیناریۆکانی هاتنی داعش و وەدەرنانیان و، هەروەها ئامانج لە پێکهێنانی حەشدی شەعبی و پەراوێزخستنی سوپا، ئەوە بوو کە قۆناغی تەشەیوع لەمپەرەکانی سوننە تێکبشکێنێ و پێ بنێتە جوگرافیای دووەمەوە، بۆیە گوێ بەهیچ پاسا و نارەزایەتی و بیانوویەک نەدرا، حەشدی شەعبی دەستی بەپلانەکانی کرد و سەرکەوتووش بوو.

بەرەی نەیارانی حەشدی شەعبی، یاخود ئەوانەی بەشێک نەبوون لەم ئامانجە ستراتیجییەی شیعە لە عێراق، کەوتنە بڵاوکردنەوەی وێنە و تۆماری ڤیدیۆیی تاوانەکانی حەشدی شەعبی و ویستیان لەم ڕێگەیەوە سەرنجی هێز و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان رابکێشن کە ئەو تاوانانەی حەشدی شەعبی دەیانکات، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوانەی داعش دەیانکات. تەنانەت لە ئاستی ڕێکخراوە کاریگەرەکانی وەک (هیومان رایتس وۆچ) و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری درا لەوەی کە ئەوەی حەشدی شەعبی دەیکات، کۆمەڵکوژییە. بەڵام ئەوەش ڕێی لە پێشڕەوییەکانی حەشدی شەعبی نەگرت.

دواجار بینیمان کار گەیشتە ئەوەی وڵاتانی وەکو سعودیە و تورکیا کەوتنە دروستکردنی گوشار و هەڕەشەی ئەوەی هیچ نەبێت نەهێڵن ئەوەی لە ناوچەکانی دیالە و ڕومادی و سەلاحەدین ڕوویانداوە، لە مووسڵ دووبارە ببێتەوە. تورکیا هەڕەشەی بەکاربردنی هێزی سەربازیی کرد و بەشێک لە سوپاکەی هێنایە باشیک، گوشاری جۆراوجۆر و مەترسی و هەڕەشەی زۆریان نیشاندا، سەرئەنجام ئێستا ئەو بەشەی موسڵ کە لە داعش پاککراوەتەوە، حەشدی شەعبی بنکە و بارەگای تێدا کردووەتەوە و کەوتووەتە تەسفیەکردنی ئەو گەنج و لاوانەی لە هاتن و ڕۆیشتنی داعش بەسەلامەتی ماونەتەوە. نەک هیچ ڕێگرییەک نییە لەوەی لە باقی بەشەکانی تری موسڵ و ئەو ناوچانەی داعشی تێدا ماون، هەمان ڕۆڵ بگێڕێت، دوور نییە لە قۆناغی سێیەمدا بپەڕنەوە ناو خاکی سووریا و لەوێش شانبەشانی سوپاکەی ئەسەد، لە ناوچە سوننییەکانی سووریا بجەنگن.

تا ئێرە پەیوەندی بە کێشە و ناکۆکی و دوژمنایەتیی نێوان سوننە و شیعەوە هەیە و خۆشبەختانە تا ئێستا کورد خۆی لەوە پاراستووە ببێتە تەرەفی یەکلاکەرەوە بۆ لایەکیان. بەڵام ئەوەی پێویستی بە لەسەروەستان و هەڵوەستەکردنە، ئەو مەترسیانەن کە دوور نییە حەشدی شەعبی لە دوای سوننە، شەڕی کورد بکەن. دیارە هۆکار بۆ شەڕێکی لەوجۆرە زۆرن، هەر لە سەرەتای دروستکردنی حەشدی شەعبییەوە ئەو گومانانەش بە بەردەوامی وتراونەتەوە کە ئەم هێزە لە دوای سوننە، کورد دەکاتە ئامانج.

ڕووداوەکانی یەک دوو ساڵی رابردوو لە خورماتوو، ڕەفتار و لێدوانەکانی حەشدی شەعبی لەو کێشانە، چەندبارەبوونەوەی هەڕەشەی مالیکی لەوەی دەبێت کورد بکشێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی پێش ڕووخانی سەدام لێی بوون. تۆپبارانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی شەنگال، لێدوانی بەردەوامی بەرپرسە جیاجیاکانیان لەوەی دوای داعش دەبێت مەترسی کوردیش نەهێڵین، ئەمانە ڕووە ئاشکرا و دیوە دیارەکانی ئەو مەترسیانەن کە ئەگەری ئەوە بەهێز دەکەن ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ڕووبدات.

دیوە شاراوەکانی مەترسییەکەش خودی ئامانجەکەیە: "تەشەیوع"، کورد بە مانەوەی لە عێراق لەمپەری گەورەی بەردەم بەکۆتا گەیشتنی ئەو پرۆسەیەیە. شیعە خەونی سەتان ساڵەی ناکاتە قوربانی، بۆیە ئەوە شتێکی حەتمیە کە دوای سوننە کورد تاکە ئامانجی شیعەکان دەبێت ئەگەر بیەوێ لە عێراق بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەری ئەوەش بەهێزە کە بتوانرێت بەڕێگەی دوور لەشەڕ ئەم ڕێگرییە لەبەردەم پرۆسەی بەشیعەکردنی عێراق لابدرێت، یەکێک لە ڕێگە گونجاوەکانیش سەربەخۆبوونی کوردستان و جێهێشتنی عێراقە بۆ شیعەکان. ئەوەی عەبادی بە دوو دراوسێی باش ناوی برد.

پرسیار ئەوەیە کورد خۆی چی دەکات و کام ڕێگە هەڵدەبژێرێت، خۆی دەکات بە کەواسووری بەر لەشکری وڵاتانی سوننە، بۆ ڕێگری لەبەردەم پرۆسەی بە شیعەکردنی عێراق دەمێنێتەوە و بۆ سوننە ململانێی شیعەگەرایی دەکات، یاخود لەگەڵ شیعە دەچێتە گفتوگۆوە تا بە ئاشتی لێک جیاببنەوە و هەریەکەمان ڕێگەی ئامانجی خۆمان بگرینەبەر؟



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# ئیسلامی ڕاستەقینە!

ساڵی 1985 بوو. 25ی گەلاوێژ، جەژنی چلەمین ساڵیادی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە گەورەدێی ناوچەی شاربازێڕ. لەوێ، لەو جەژنەدا بۆ یەکەمینجار مام جەلال و بۆ یەکەمین و دوایەمین جار شەهیدی گیانشاد دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملووم بینی. ئەوەی لەو جەژنەدا زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەو دوو کەسایەتییە مێژووییە نەبوون. دوو کەسی تر بوون. یەکەمیان، ژنێکی قژڕووت بە پانتۆڵێکی کاوبۆیی ڕۆژئاواییەوە (ئەگەر باشم لەبیرمابێ)، کە تاوناتاو بە کامێرا گەورەکەی سەرشانی وێنەی لە بۆنەکە و بەشدارانی دەگرت. بە مەزندەی دواتری خۆم، ئەو ژنە، هاوسەرەکەی مام جەلال بوو: هێرۆ خان و کەسی دووەمیش "ئاخوندێک" بوو!

لەڕاستیدا ئەوی زۆر زیاتر سەرنجی منی ڕاکێشا ئەو "ئاخوندە" بوو. ئاخوندێکی بەلەباریکی ریشدرێژ. ئاخوندێک کە لەکاتی هاتن و ڕۆیشتندا، شانبەشانی ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد- بە عەبای شۆڕ و ریشی درێژ و دوودەستی لە پشتەوەڕا لەیەکترقوفڵکراو- متمانەبەخۆیی و دڵنیاییەکی تایبەتی لێ بەدی دەکرا. من بەسەرسوڕمانەوە پرسیارم کرد، ئەو مەلایە کێیە؟! وەڵامی پرسیارەکە هیچی لە سەرسوڕمانەکەم کەم نەکردەوە: مەلایەکی عەباشۆڕ و ریشدرێژ و بە ویقار، لە جەرگەی شاخ و شۆڕشێکدا کە شابەیتی دروشمەکانی ئەو سەردەمەی "خەبات دژی کۆنەپەرستیی ئاخوندی" بوو، کوجا مەرحەبا؟! سەرم سوڕمابوو، ئاخر بۆ ئێمەی منداڵانی ساڵانی هەشتاکانی کوردستانی ئێران - کە ئیسلام و حکومەتی ئیسلامیمان بە بەر سێبەری ریشە درێژەکەی ئیمام خومەینی و هاوڕیشەکانییەوە ئەزموون کردبوو- ، هەموو سمێڵ سوورێک هەمزاغا بوو. ئاخوند هەر ئاخوند بوو!

ساڵان تێپەڕین و من بەسەرهاتی زیاترم لەسەر ئەو مەلا سەیرە بیست. دایکم دەیگێڕایەوە، ئەو کاتەی "مامۆستا" هاتبوو بۆ شاری بانە، خەڵکی گەڕەک تێکرا، بە ژن و منداڵەوە، چووبوون بە بەرەوپیرییەوە. بۆ سەلماندنی بایەخی ڕووداوەکە، دایکم دەیگوت تەنانەت نەنکیشت ئۆقرەی نەگرت و چوو! قسەی ساڵەکانی جەرگەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانە و باس باسی مامۆستا شێخ عیزەدینی حسەینی.

من زۆر دواتر بەوەم زانی کەوا مامۆستا شێخ عیزەدین هەر تەنیا خۆشەویستی ناو کوردەکان نەبووە. وەک دەگێڕنەوە، لە تارانیش پێی سەرسام بوون. ئاخر لەو ڕۆژگارانەی جەرگەی شۆڕشی ئێراندا کە باو باوی ئیسلامی ئیمام خومەینی و مەلاسالاری بوو، ئەو ڕاست دژ بە ئایدیای دامەزرانی "کۆماری ئیسلامی" ڕاوەستابوو. کاتێک لە هەڵوێستێکی مێژووییدا، جیاواز لە هەموو ئێران، کوردستان ڕیفراندۆمی دەنگدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی بایکۆت کرد، شێخ عیزەدین، کۆماری ئیسلامیی بە "قوتوویەکی سەرداخراو" چواندبوو. ڕوو لە لایەنگرانی خومەینی گوتبووی: "ئێوە دەتانەوێ دەنگ بە قوتوویەکی سەرداخراو بدەین بەبێ ئەوەی بزانین قوتووەکە چی تێدایە!". تەنانەت شاعیر و ڕۆشنبیری لائیکی ئێرانی، ئەحمەدی شاملووش کە بۆخۆی دژی بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی بوو، هەڵوێستی "پێشەوای ڕۆحانیی خەڵکی کوردستان"ی کردبووە بەڵگەی هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی خۆی.

شێخ عیزەدین هەر ئەو دەمە، ڕوو لە خوێندکارەکانی "زانکۆی شەریف"ی تاران گوتبووی: "کۆنەپەرستی لە هەر جلوبەرگێکدا و بە هەر ڕەنگێک بێت، مەحکوومە!". ئەوگوتبووی: "«ئەو ئایینەی خەڵک بە گژ یەکدا دەکات، ئایینی ئیلاهی نییە". کاتێک دوای ڕووخانی دەوڵەتی پاشایەتی، "حکومەتی ئایەتوڵڵاکان"ی ئێران پەلاماری کوردستانی دا، شێخ عیزەدین ڕوو بە نوێنەرانی حکومەتی ناوەندی گوتبووی "فەرقی تاج و عەمامە چیە؟!" پێی گوتبوون: "حکومەت نەگۆڕدراوە، تەنیا تاجی پاشایەتی لاچووە و عەمامە هاتووەتە جێگای!".

شێخ عیزەدین ئەگەر پێشەوای ئایینی بوو، ڕێبەرێکی نەتەوەییش بوو. جارێک لە قوم، کاتێک دوای دیداری بێ ئاکامی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد، ئایەتوڵڵا خومەینی لە کاتی ڕۆیشتندا یەخەی عەباکەی دەگرێ و پێی دەڵێ "من ئارامیی کوردستانم لەتۆ دەوێ!". ئەو لەجێدا وەڵامی دەداتەوە: "منیش خودموختاریی کوردستانم لەتۆ دەوێ!".

شێخ عیزەدین بەڵام، لە هەر مافێکی سیاسی زیاتر، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشا، دادپەروەری بە مانا فراوانەکەی. هەر ئەم باوەڕەش وای کردبوو ببێتە باوکێکی مەعنەوی بۆ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان. هێندێک لە دەربڕینەکانی شێخ عیزەدین هێشتاش وێردی سەر زمانانن. جارێک گوتبووی: "دەشێ لە دەستێکمدا قورئان ڕابگرم و لە دەستەکەی ترمدا سەرمایە-ی مارکس"! ئەوانەی سەر بە "حکومەتی ئایەتوڵڵاکان" بوون، ناو و ناتۆرەی وەک "شێخی سوور" و "ئایەتوڵڵای سوور"-یان شوێن خستبوو. لە کوردستان بەڵام خەڵک دەیانگوت "ئیسلامی ڕاستەقینە، ڕێگای شێخ عیزەدینە!".

من لە قوتابیی حوجرەی خۆیم بیستووە کە "ئەو لە ئیسلامی تێپەڕاندووە". شێخ عیزەدین بەڵام لە قووڵایی ئیمانەوە داوای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتی دەکرد. شێخ نموونەی هەرە گەشاوەی مرۆڤێکی سێکولار بوو. ڕوانگەکانی ئەو دژایەتیی ئایین نەبوون. ئەو بە پێچەوانەوە دەیەویست ئایین بۆ مرۆڤی مۆدێرن و تەنانەت دژە-ئایینیش، شتێک بێت سازگار و شیاوی وێکهەڵکردن. بەبڕوای ئەو، ئەرکی ئایین بەپێی ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ ئەم سەردەمە، ئایین دەشێ پرسی مەعنەویی تاکەکەس بێت و بنەمای ئەخلاق ڕێکبخات. بەبڕوای ئەو، پرسە گشتییەکانی سەردەمی ئەمڕۆ دەبێ هەر بە دەستی مرۆڤی پێگەیشتووی ئەم ڕۆژگارە چارەسەر ببن.

دالای لاما، پێشەوای ڕۆحیی تیبێتییەکان گوتەنی: "خودا وا دەخوازێ کە ئەو کێشانەی مرۆڤ بۆ خۆی سازی کردوون، هەر بۆ خۆی چارەسەریشیان بکات". شێخ عیزەدین تەنانەت واوەتر دەچێ و دەڵێ: ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ گەیشتووەتە ڕادەیەک کە چیتر خوا بۆ هیچ بوارێکی ژیان بەپێویستی نازانێ ڕاسپێردراو (پێغەمبەر)یان بۆ بنێرێ. بەبڕوای ئەو "کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەڕادەیەک گەشەی کردووە کە خۆی، خۆی بەڕێوە بەرێت." ئەمەیە ڕاڤەی شێخ عیزەدین بۆ ئەوەی کە بۆچی پێغەمبەری ئیسلام بە دوایەمین پێغەمبەر ناوزەد کراوە! ئەم ڕوانینە "شۆڕشگێڕانە"یەی مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ ئایین، حورمەتی ئاوەزی ئینسان لەبەرچاو دەگرێ، بەبێ ئەوەی لە بایەخی ڕۆحیی ئایین کەم بکاتەوە. هەڵبەت ڕوونە ئایینێک کە کەلێنە ڕۆحییەکانی ئادەمیزاد پڕبکاتەوە، لەوپەڕی ئاسمانیبوونی خۆشیدا هەر ئینسانییە و شیاوی ستایشی ئینسان.

هەڵوێستەکانی شێخ، هەموو جارێ سەرسامییەکەی یەکەمین بینینی لە مندا ژیاندووەتەوە. من قەت لە نزیکەوە بەختی بینینی دووبارەی مامۆستا شێخ عیزەدینم بۆ نەڕەخسایەوە، بەڵام ساڵی 2002 دەنگە نووساو و گیراوەکەیم لە "رادیۆ زایەڵە"ی سوێدەوە، بیست. ئەو ڕۆژانە باسی گەرمی میدیا، باسی فادیمە شاهیندال بوو، کچە کوردێکی باکووری کە بەناهەق (گۆیا لەسەر شەرەف)، لە سوێد بەدەستی باوکی خۆی کوژرا. ڕادیۆ ڕای شێخ عیزەدینی وەردەگرت. ڕای شێخ لەم پێوەندییەشدا، بۆخۆی شۆڕشێک بوو. لەناو وەڵامەکەیدا شێخ عیزەدین ڕستەیەکی ئاوای گوت: "لەسەر هەر موسوڵمانێک واجبە، لە هەر وڵاتێک ژیا، کتومت بەگوێرەی یاسای ئەو وڵاتە ڕەفتار بکات". دەبێ مرۆڤ تۆزێک لە یاساکانی وڵاتانی سکاندیناڤیا شارەزا بێت تا بزانێ جەوهەری ئەو وتەیە بۆ حاڵی مرۆڤێکی گۆشبوو بە دابونەریتی دواکەوتووانە، چی دەگەیەنێت! شێخ بەڵام بۆ خۆی هەوبوو: "موسوڵمانێکی سوێدی" بە تەواوی مانای وشە، کوردێکی تا سەر ئێسقان مۆدێرن و دێمۆکرات، بەهەمان عەبای شۆڕ و ریشی درێژ و ئەخلاقیاتی شۆڕشگێڕە جەربەزەکەی ساڵەکانی شۆڕش و شاخەوە!

شێخ عیزەدین یادگار و میراتگری هزری ئایینی و جیهانبینییەکی ورشەدار بوو، کە پێموابێ لە کوردەواریی خۆماندا، تۆرمەی دەچێتەوە سەر مەلای گەورەی کۆیە. بە دوو ئەستوندەکی پتەو لە مەعاریفی ئیسلامی و، بە دوو کۆڵەکەی ڕۆحیی مەزنی وەک مەلای گەورەی کۆیە و مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسەینی-یەوە، من زۆرجار بە حەسرەتەوە لەخۆم دەپرسم، دەبێ خەتای کەمتەرخەمیی کێ بێ کە ئەم هەموو باوەپیارە نامۆ و نەیارانە لە ئایینی سەدەی بیستویەکی خەڵکی ئێمەدا هەڵتۆقیون؟! دەپرسم: بۆ دەبێ هێز و ڕێکخستنێکی بەرپرسی ئەوتۆمان نەبێ کە لە گۆڕەپانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، لەو میراتە مەزنە بەخاوەن دەربکەوێ و تەرجەمەی ژیانی ڕۆژانەی بکات؟

شێخ عیزەدین ئەوێستا شەش زستانە بەجێی هێشتووین. دەنگە نووساوەکەی ئەو بەڵام هێشتا و بۆ هەمیشە، لەناو شاخەکانی شۆڕش و شەقامەکانی شارستانیەتدا، زایەڵەی "موراعاتی ئینسان" بەگوێی ویژدانماندا دەدات. ئینسان خۆی ئەگەر — ئەحمەدی شاملوو گوتەنی — "شاکاری خودا بووبێت/ یان نەبووبێت"!



حامد محەممەد عەلی

## هەرێمی کوردستان

# کێشەکانی میدیا و دەستێوەردانی حکومەت

پێشتریش لە چەند بەرنامەیەکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا گوتوومە و نووسیومە و لێرەش دەیڵێمەوە: میدیا ـ ڕاگەیاندن ـ لە هەرێمی کوردستان، دوو کێشەی بنەڕەتیی هەیە: یەکەم، بوونی کەلێن یان بۆشایی یاسایی کە تا ئێستاش میدیای بینراو و بیستراو (رادیۆ و تیڤی) هەروەها ڕێکلام و بواری تریش یاسای تایبەت بەخۆیان نییە.. دووەم: بۆشایی مەرجەعیەت..

واتە ئۆرگانێکی باڵای ئیداری پیشەیی یاسایی نییە کە سەرپەرشتی ڕاگەیاندن بکات و کاروبارەکانی ڕێکبخات، ئەمەش وایکردووە هەرکەس بێت و خۆی بکاتە خاوەن و مەرجەع، وەزارەتی ڕۆشنبیری لەلایەک، وەزارەتی ئەوقاف ـ کە زۆرجار هەڕەشەی داخستنی کەناڵەکان دەکات، لەلایەک و هەروەها وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گەیاندن.

ئەمە جۆرێک لە بێسەروبەری و پاشاگەردانی دەخولقێنێ و پێویستە هەرچی زووە چارە بکرێ.

دەوڵەتی ئێراق پاش 2017/4/9 لەیەکەم کابینەدا وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گۆڕی بە (وەزارەتی ڕۆشنبیری) و لە دەستووردا (دەستەی ڕاگەیاندن و گەیاندن mcc)ی چەسپاند و دواتریش بەیاسایەکی تایبەت، ئەو دەستەیە کرایە مەرجەع و بەرپرس لەپێدانی مۆڵەت و ڕێکخستنی کاروباری ڕاگەیاندن، ئیتر نە وەزارەتی ڕۆشنبیری و نە هیچ وەزارەتێکی دیکە دەستوەرناداتە کاروباری میدیا.

بەڵام هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی 10 ساڵ پێش بەغدا، لە 1993 لەکابینەی یەکەمدا ئەو هەنگاوەی ناوەو وەزارەتی ڕۆشنبیریی دامەزراند، بەبێ پاشگری ڕاگەیاندن، بەڵام لەبەر نەبوونی دەستەیەک یاخود ئەنجوومەنێک، کە ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هێشتا دەستی لە یەخەی ڕاگەیاندن نەبووەتەوە و لە دەرەوەی یاسایەکی تایبەت، لەڕێی ڕێنمایی تایبەتەوە، بەناوی ڕێنمایی ژمارە ـ 1ـ ی ساڵی 2014 کە چەند جارێک هەمواركراوەتەوە، مافی ئەوەی بەخۆی داوە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و گواستنەوە و گەیاندن، مۆڵەتی ڕەسمی بداتە ڕادیۆ و تیڤییەکان، بە لۆکاڵی و ئاسمانییەوە، هەروەها وەرگرتنی باج و ڕسومات بۆ مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی کەناڵەکان و سکرینی ڕێکلام .

لەڕاستیدا ئەمە جگە لەوەی بەدەقێکی یاسایی تایبەت، یان لە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، بەماددە، یان بڕگەیەکی ڕوون و ڕاشکاو نەهاتووە کە ئەم دەسەڵاتە بداتە ئەم وەزارەتە، یان ئۆرگانێک لەناو وەزارەتەکەدا، ئەم دەستێوەردانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کاروباری میدیا، خۆی لە خۆیدا لەگەڵ ئەو دید و فەلسەفەیەدا یەکناگرێتەوە کە حکومەتی هەرێمی لەسەر دامەزراوە. چونکە ئاراستەی دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە دیموکراسیانە بوو، بەوشێوەیە بوو کە حکومەت دەستوەرنەداتە کاروباری میدیا و ڕاگەیاندن ئازاد بێت لە چوارچێوەی یاسایەکی هاوچەرخدا.

لەلایەکی دیکەوە، ئەمڕۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەورە بوون و میدیا بووەتە بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای بەرهەمهێنان، واتە ئەرکەکانی میدیا فراوانتر بووە و زەحمەتە ئۆرگانێکی حکومی بتوانێت ئیستیعابی هەموو ئەم کار و چالاکیانە بکات، لە ڕێگەی چەند ڕێنماییەکەوە کە جگە لەوەی پاڵپشتیی یاسایی نییە، قسەی دیکەش هەڵدەگرن.

بۆیە بە تێڕوانینی خۆم، بۆ چارەسەری ئەو دوو کێشە سەرەکییەی کە هەر لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا و بۆ ڕێکخستنەوەی باشتری کاروباری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە کار بۆ دارشتن و دەرچوونی یاسایەکی گشتگیری هاوچەرخ بکەین، یان لانیکەم لەم قۆناغەدا، یاسای تایبەت بۆ رادیۆ و تیڤییە لۆکاڵەکان و ڕێکلام دەربچێت.. هەروەها بەیاسایەکی تایبەت کار بۆ پێکهێنانی دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی حکومەت بکرێت کە سەرپەرشتی تێکڕای بوارەکانی ڕاگەیاندن بکات.

خۆ ئەگەر دەگوترێ لەوانەیە دەستووری عێراقی ڕێگە نەدات چونکە ئەمە لە دەسەڵاتی حەسری دەوڵەتی فیدراڵە، من وا دەزانم ئەوەش ئەڵتەرناتیڤی هەیە و بەتەواوی بەو شێوەیە نییە، بۆیە دەکرێ لەگەڵ بەغدا گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەتایبەت ئاراستەکە وایە کە ئێمە نامانەوێت ئەم کارە جارێکی دیکە بخەینەوە ژێر ڕکێفی ناوەند.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# هەمواركردنەوەی ڕێككەوتنی گۆڕان و یەكێتی

## 1

ڕەوشـــی ڕووداوەكان وا نیشـــان دەدات كـــە سەرەڕای ئەوەی یەكێتی بە هەردوو باڵەكەیەوە، دەیانـــەوێ لە نەخشـــەی سیاســـی و حوكمڕانیی داهاتووی كوردستاندا، حیساب بۆ گۆڕان بكرێت، بـــەڵام ناچنە ژێر ئەو گوشـــارانەی كە گەرەكیانە یەكێتـــی بكەنە حیزبـــی ناوچەیەكی جوگرافیایی دیاریكـــراو و لە قاڵبی بـــدەن. یەكێتی بە رایەڵە ناوخۆیـــی و دەرەكییەكانـــی ناتوانـــێ حیزبـــی ناوچەیـــەك بێـــت و خۆشـــیان بـــاش دەزانن كە دووركەوتنەوەیان لە دەسەڵات مانای بەجێهێشتنی حوكمڕانیی بەشێكی گەورەی كوردستانە بۆ پارتی. كەواتە پاڵەپەستۆكانی گۆڕان بۆ دوورخستنەوەی یەكێتی لە پارتـــی هیچ لۆژیكێكی تێدا نییە، بگـــرە پێچەوانـــەی ئەو دروشـــمەیانە كە دژی پاوانخوازین. ڕاســـتە یەكێتی ناتوانێ وجودی گۆڕان لە ناوچەی نفوزی خۆیدا نادیدە بگرێت، بەڵام حەقیقەتێكیش هەیە كە یەكێتی حاكمی فیعلیـــی زۆنەكەی خۆیەتی و شەریكیشـــە لە حوكمڕانیی سەرتاسەریدا.

پارتی بە هەموو ئەنجامە خراپەكانی خۆی لە هەڵەبجە، ســـلێمانی، گەرمیان و ڕاپەڕین، ئـــەوە 25 ســـاڵە دەســـتبەرداری وجـــودی سیاســـیی لاوازی خۆی نەبووە لەو ناوچانە، تەنانـــەت هەوڵی ئەوە دەدات كە هەرچۆنێك بێت قسەیەكی لە ئیدارەشدا هەبێت. كەواتە چـــۆن دەكرێ چاوەڕوانیی ئـــەوە لە یەكێتی بكرێت كە نەك هەر دهۆك، بگرە هەولێریش بۆ پارتی بەجێبێڵێت؟!

فۆرمولی حوكمی ئیئتیلافیی بنكەفراوان، لە 2005دا، بە نیوەچڵی بۆ یەك خول سەریگرت، بـــەڵام دوای ئەوە فەشـــەلی هێنا و بیناكردنی ئومێد لەســـەر ئەو بابەتە زۆر زەحمەتە. بۆیە تەنیا تەجروبەیەكی ســـەركەوتوو كە هەبێت، ئیئتیلافی سەرەكیی پارتی و یەكێتییە، ئینجا ئەوانەیش كە دەیانەوێ بەشدار بن. بەشداریی سیاسیی گۆڕان لە حوكمڕانیدا ئەگەر ڤیتۆشی لەســـەر بێت، مانای ئەوە ناگەیەنێ كە گۆڕان بـــە تەواوەتـــی پەراوێـــز دەخرێت، بـــەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە كە ڕێككەوتنی ستراتیژییان لەگـــەڵ یەكێتیـــدا نەیتوانی گـــۆڕان بێنێتەوە نـــاو بازنـــەی حوكمڕانی. بۆیە ئـــەو مەوزووعە نـــەك هەر بۆ ئێســـتا بـــۆ دوای هەڵبژاردنیش هـــەر واریـــدە و دەبێ پێـــش هەمواركردنەوەی ڕێككەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەكێتی، ڕێككەوتنی نێوان گـــۆڕان و یەكێتیش هەموار بكرێتەوە، بەو شێوەیە هەم بۆ ئێستا و هەم بۆ دوای هەڵبژاردنیش دەرچەیەكی سیاسی هەبێ.

گـــۆڕان دەتوانـــێ بێ ئـــەوەی كۆتوبەند لەســـەر یەكێتـــی دابنێـــت، لـــە ڕووی سیاســـییەوە كار لـــە بڕیارەكانـــی یەكێتی بـــكات و ببێتـــە ئامـــرازی گوشـــار بـــۆ حوكمڕانییەكی تەندروست. لە غەیری ئەوە ڕاكێشـــانی یەكێتی بۆ زۆنێكـــی دیاریكراو، یەكســـانە بەوەی كـــە یەكێتـــی ببێتە دوو پارچـــە، دووپارچەبوونـــی یەكێتیـــش واتا دووپارچەبوونی كوردستان.

## ڕێككەوتنەكە گشتگیر بكەن

## 2

جەوهـــەری كێشـــەی ڕێككەوتنـــی نێـــوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەكێتی بریتییە لە جیاوازیی ڕوانـــگا و جـــۆری مامەڵە لەگـــەڵ پارتی بە پلەی یەكـــەم، ئینجا حیزبەكانی دیكە. ئەگەر مەســـەلە بەس پارتی بایە، شـــتەكە ئاســـان دەبـــوو، بەڵام بەس پارتی نییە، حیزبەكانی دیكەش موبارەكەی ناكـــەن، تەنانەت بـــۆ بەغداشـــیان ڕوون كردەوە، ئەوانیش نەیانتوانی بڵێن ڕێككەوتنێكی نموونەییە!

كەواتا ڕێككەوتنەكـــە خەلەلێكی تێدایە. مەعقول نییە دوای هەشـــت مانگ لە ڕێككەوتن، هەردوولا، داد و فیغانیان بێت! جەوهەری سیاســـەت ئەوەیە كـــە كە هـــەردوولا دابنیشـــن و لە جیاتـــی ئەوەی بڵێـــن باخێكمان هەبوو لە سرێشـــمە، بزانن چۆن دەتوانن هاوپەیمانییان لەگەڵ واقیعی سیاســـی و كۆمەڵایەتیدا بگونجێنن.

هەردوو باڵەكەی یەكێتی، لارییان لە ڕێككەوتن لەگـــەڵ گـــۆڕان و پارتیـــدا نییـــە، بـــەڵام نابێ ڕێككەوتنـــەكان وا بـــن كـــە یەكێكیـــان ئەوی دیكەیان (لە هەردوو ڕووەوە) لەناوبەرێت. بۆیە ئەگـــەر ڕۆژی یەكـــەم، باڵی ماڵباتی یەكێتی و باڵی ماڵباتی گۆڕان بە قسەی خەڵكە عاقڵ و دنیا دیتەكانـــی دەوروبەری خۆیانیان كردبایە، وەزع ئێســـتا ئـــاوا نەدەبوو. پێشـــتریش باڵی ماڵباتـــی یەكێتـــی و گۆڕان لە زۆنی ســـەوز و نیلی، ڕێككەوتنی فیفتی بە فیفتییان ئیمزا كرد و، كەســـیش لاریی نەبوو، بەڵام لە ڕێككەوتنی 17ی مایسدا، حیسابیان بۆ ئەو دەنگانە نەكرد كە هۆشـــدارییان دا و گوتیان ئەو ڕێككەوتنە نابێتە بەدیلی ڕێككەوتنی ســـتراتیژی لەگەڵ پارتـــی و، لەســـەر ئەو قســـانەیە كە ئێســـتا ئەو كەســـانە تۆمەتبـــار دەكرێن بەوەی گوایە ڕێگرن لە جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە! بۆیە ئـــەوە تەنیا پارتی نەبوو كـــە ڕێككەوتنەكەی قەبوڵ نەكرد، بگرە نزیكترین هاوپەیمانەكانی یەكێتی و گۆڕانیش ئەوجۆرە لە ڕێككەوتنیان بـــە باش نەزانـــی و خۆیان لێ بـــەدوور گرت. ئـــەو بنەمایانـــەی كـــە گـــۆڕان و یەكێتـــی لە سەریان ڕێككەوتوون، هەمان ئەو بنەمایانەن كـــە خەریكـــە پارتـــی و یەكێتـــی لەســـەریان ڕێكدەكـــەون بـــە جیاوازیی ئوســـلوب. كەواتا ئەگەر زەمینەیەك هەبێ بۆ ڕێككەوتنی پارتی و یەكێتـــی، زەمینەیەكیش هەیە نەك هەر بۆ ڕێككەوتنی سێ قۆڵی، بگرە بۆ ڕێككەوتنێكی گشتگیری سیاسیش

## تاكتیكەكانی ماڵبات

## 3

ســـەیرترین بەشـــی وتارەكـــەی هەڵـــۆ برایم ئەحمـــەدی خاڵی قوباد تاڵەبانـــی ئەوەیە كە دەڵـــێ تەنانەت دایكـــی قوبـــاد تاڵەبانیش ئـــاگای لە"سیاســـەتی نەوت" نییە و پرسیار لە خوارزاكـــەی دەكات كە ئاگای لە ڕێككەوتنی 50 ساڵەی نەوت هەیە؟ ئەو پرســـیارە لەكاتێكدایە كە قوباد تاڵەبانـــی لەســـەرەتای 2014دا كە هێشتا تەنیا وەزیرێكی بێ وەزارەتی نـــاو حكومەت بوو، بـــە نوێنەرایەتی ماڵباتەكانـــی تاڵەبانـــی و برایـــم ئەحمەد، بەشداری ئیمزاكردنەكەشی بـــووە، لێگەڕێ لە شـــیرینیی نەوت و بـــە تانكـــەر هەناردەكردنەكان بۆ ئێـــران كـــە دیـــارە ئەوانە بەشـــێكی سیاســـەتی نـــەوت نەبوونـــە! بەڵام پشتی پەردە شتێكی دیكەیە، ڕووی وتارەكـــە پێمان دەڵـــێ باڵی ماڵبات تەققـــەی تێكەوتـــووە، بـــەڵام ڕووە شاراوەكەی دابەشكردنەوەی ڕۆڵە بۆ داهاتووی ڕێككەوتنی نێوان پارتی و یەكێتی و، پاراســـتنی پێگەی قوباد تاڵەبانـــی. دەیانەوێ بە پارتی بڵێن كە بیر لە كەســـی دیكـــە مەكەنەوە (نـــاوی فەرەیـــدوون عەبدولقادر بۆ پۆســـتی جێگری داهاتووی سەرۆكی حكومـــەت دێـــت)، ببینن كـــە قوباد تاڵەبانـــی چەنـــدە مەغـــدوورە لـــە سایەی پشتیوانیكردن لە ئێوە!



ڕابەر تەڵعەت

# لە بەری ڕاست و هەڵەی مێژوودا

لـــە بـــەری هەڵـــەی مێـــژوودا، ئـــەو چەمكە بەشـــێوەیەكی بەرفـــراوان لەلایـــەن بـــاراك ئۆبامـــا، ســـەرۆكی پێشـــووی ئەمریـــكاوە بەكارهـــات. نەك بـــە تەنیا ئۆبامـــا، بەڵكو زۆربـــەی سیاســـەتمەدارە لیبراڵەكانـــی ئەمریـــكا ئـــەم چەمـــك و گوزارشـــتەیان لە گوتـــاری سیاســـیی خۆیانـــدا بەكاردەهێنا. دژایەتی هاوســـەرگیریی هاوڕەگەزخوازەكان دەكـــەی؟ تـــۆ لـــە بـــەری هەڵەی مێـــژوودا لێدەخـــوڕی. لـــە دژی كۆپیكردنـــی مـــرۆڤ دەوەســـتیتەوە؟ تـــۆ لەبـــەری هەڵـــەی مێژوودایـــت. ئەم چەمكە لەلایـــەن ئۆباما و سیاســـییە لیبراڵەكانی ئەمریكاوە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەش بەكاردەهێنرا، وەك ڕەخنەگرتـــن و پۆلێنكردنی ئەو سیاســـی و دەســـەڵاتانەی جیهـــان كە لەڕێـــی گەندەڵی و ســـەركوتكارییەوە دەگەنـــە دەســـەڵات و دەگوترا ئەوانە لەبەری هەڵەی مێژوودان. لە سەرەتای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیدا لە ســـاڵی 2011 و لـــەدوای كەوتنی ڕژێمەكەی حوســـنی موبارەك و پاشـــان تەشەنەكردنی شۆڕشـــەكانی عەرەبـــی بۆ وڵاتانـــی دیكە و كەوتنـــی قەزافـــی، ئۆبامـــا جارێكـــی دیكە ئەوەی دووپات كردەوە كە ئەمریكا لەســـەر ڕێڕەوی ڕاســـتی مێـــژوو دەڕوات و قەزافی و هاوشـــێوەكانی ڕۆنگساید بە پێچەوانەی مێژوو ڕێدەكەن.

بیرۆكـــەی دابەشـــكردنی مێـــژوو بۆ ســـەر بـــەرەی چاكـــە و خراپـــە، بـــەری ڕاســـتی و چەوتی، بابەتێكی تازە نییە، لەوپەڕی چەپەوە بـــۆ ئەوپـــەڕی ڕاســـت، لـــە ماركســـیزمەوە تا لیبراڵیزم، لە سەرمایەدارییەوە تا سۆسیالیزم، لـــە عەلمانییەوە بۆ ئیســـلامی، هەموویان لەو خاڵەوە دەســـتیان پێكردووە كە مێژوو بەلای خۆیاندا بشـــكێننەوە و خۆیان لە بەری ڕاستی و چاكـــە و نەیارەكانیشـــیان لەبـــەری هەڵەی مێـــژوودا پۆلێن بكەن. كاریگەریی ئەم گوتارە لەســـەر ئاســـتی سیاســـەتی نێودەوڵەتیدا بە درێژایـــی مێـــژووی مۆدێرن بە دوو ئاراســـتەدا كاری كـــردووە: یەكەم، بوەســـتە تۆ لە بەری هەڵـــەی مێژوودایـــت، ئەگەر ناوەســـتی من بە زۆر دەتوەســـتێنم، هێز لە دژت بەكاردەهێنم. لـــە چارەكـــە ســـەدەی ڕابـــردوودا ئەمریـــكا و لیبراڵیزمی ئەمریكی بەشـــێوەیەكی كردارەكی ڕووبـــەڕووی هەموو ئەو هێزانـــە بوونەتەوە كە لە بـــەری هەڵەی مێژوودا پۆلێـــن كراون، هەر لە یەكێتی سۆڤیەتی جارانەوە بگرە تا دەگاتە تاڵیبان و سەدام و هەموو ئەو لایەن و دەستە و گرووپانەی لێرە و لەوێ بە ڕۆنگسـایـد لەناو مێژووی جیهاندا سەرهەڵدەدەن و لێدەخوڕن. دووەم، تۆ لە بەرەی هەڵەی مێژوودایت، ئەگەر منیش نەتوانم بتوەســـتێنم یـــان هێزی ئەوەم نەبێت بتخەمەوە سەر ئاراستەی ڕاستی مێژوو، ئـــەوا ڕۆژێك دێت خۆت باجی ئەوە دەدەیت و ڕۆژگار ناچـــارت دەكات یان بە لەناوچوون یان گەڕانەوەت بۆ ئاراستە ڕاستەكەی مێژوو.

مێژوو هێشتا لەنێوان بەری چاكە و خراپەدا بۆ كەس یەكلایی نەبووەتەوە، كەچی جیهان لە سەردەمی ترامپ و تیرۆریزمی ئیسلامیدا خۆی ئامـــادە دەكات بـــۆ قۆناغـــی دوای گلۆباڵیزم، لەوە دەچێ ترامپ وەك لیبراڵیستەكان بەتەنیا بەوەندە نەوەســـتێت كە بـــە نەیارەكانی بڵێت ئێـــوە لەبـــەری هەڵـــەی مێـــژوودان و ئەمریكا لەبەری ڕاستی مێژوودایە، گوزارشتی "ئەمریكا مەزنترینە" بەلای ترامپەوە گرنگترە لەوەی كە پێمان بڵێت كێ لەلای ڕاستییە و كێ هەڵەیە. دیموكراســـی و لیبراڵیـــزم، بـــازاڕی ئـــازاد و كرانەوەی ئابووری و كاڵكردنەوەی سنوورەكانی بازرگانی و هاتوچۆ لەنێوان وڵاتاندا، كۆمەڵێك دەستكەوت بوون كە لیبراڵیزمی خۆرئاوا وەك بەرهەمی گلۆباڵیزم و یەكێك لە شانازییەكانی خـــۆی تەماشـــایان دەكات، بـــەڵام لەگـــەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بەرەنگاری ئەو پۆپۆلیزمە ڕاســـتڕەوە ببێتەوە كە دیوەكەی دیكەی ئەو جیهانگیرییـــە نیشـــان دەدات و بەخەڵكـــی دەڵێـــت: تیرۆریزمـــی ئیســـلامی و كۆچـــی جیهادییـــەكان و شـــاڵاوی پەنابەران بۆ نێو ماڵ و وڵاتەكانتان لەبیر مەكەن.

شەڕی تیرۆریزم هەتا زیاتر تەشەنە بكات، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دە ئەوەندەی تر باجی شەڕی تۆتالیتاریـــزم و جیهـــاد و بەگژداچوونـــەوەی تیرۆریزم بدەین، دوو ئەوەندەی پێشوو بەهاری عەرەبی و كوردی و ئێرانی و ... هتد ڕوودبدات، دیموكراســـی بۆمان ببێت بە نـــان و ئاو، هێز نییە ئێمە لەو دابڕانە مێژووییە ڕزگار بكات كە جیهانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی لەیەكتری دابڕیوە، نـــە ترامپـــی ئەمریكی و نە هاوشـــێوەكانی لە ئەوروپـــا، نـــەك هـــەر ناتوانن ئێمە لە شـــانی مێـــژووی خۆیانـــدا ببینـــن، بەڵكـــو دەرگا و دیواریـــش بەڕووماندا قایمتـــر دەكەن، جیهانی ترامپ جیاوازییەكەی لەگەڵ سەردەمی ئۆباما ئەوەیە كە نەك بە تەنیا باوەڕی وایە ئەمریكا لە بەرە ڕاســـتەكەی مێژووە، بەڵكو بەكردەوە دەیەوێـــت پێمـــان بســـەلمێنێت كـــە ئەمریكا مەزنترینە، لە جیهانی ترامپدا، ئەمریكاییبوون جێـــگای جیهانگیری دەگرێتەوە و مێژوو خۆی لە تەپوتۆزی ڕۆژهەڵات دادەتەكێنێ و براوە ئەو كەسەیە كە دەتوانێت زیاتر دیوار و دەروازەی سنوورەكانی قایمتر بكات.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# لێدوانەكانی "كاكە حەمە" و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

ڕاســـت بێت یـــان ناڕاســـت، لێدوانەكانی ئەمدواییـــەی "محەممـــەدی حاجی مەحمود" لەســـەر مەلەفی نەوت گۆمەكەی شـــڵەقاند. دەبـــێ دادگا و لایەنـــەكان ئـــەوە یەكلایـــی بكەنـــەوە كـــە داخـــۆ "بابەتـــی شـــەراكەتی حیزبـــەكان لـــە دۆســـیەی نـــەوت" بوختانە یان قســـەی هـــەق! بـــەڵام دیـــوی دووەمی لێدوانەكان، ئاماژە بـــە واقیعێك دەكات كە تەگەرە بۆ چاكســـازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دروســـت دەكات: ئـــەوەش ئەوەیە كـــە بابەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی فاكتەرێكـــە بـــۆ ڕاكێشـــانی جەمـــاوەر و ڕكابەریـــی سیاســـیی بەكاردێـــت. تـــا ئـــەم واقیعـــەش نەگۆڕێـــت، بابەتی چاكســـازی و دژایەتیی گەندەڵی وەك خۆی دەمێنێتەوە.

"كابرایـــەك هەموو ڕۆژێك دەڵێ ســـبەی وەرزش دەكەم، كاتێ ســـبەی دێت بۆ ڕۆژی دواتـــر دوای دەخـــات و بەوجـــۆرش ســـاڵ تـــەواو دەكات و هێشـــتا هیچـــی نەكردووە. ڕاســـتییەكەی ئەوەیە، ئـــەو مرۆڤە زیاتر لە وەرزش حـــەزی لە خەیاڵی وەرزشـــكردن و باسكردنی وەرزشـــە"، ئەگەر لێكچواندنێكی ڕاســـت بێت، لـــە كوردســـتانیش حیزبەكان زیاتـــر لـــە بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی حەزیـــان لـــە خەیـــاڵ و باســـی داژیەتیـــی گەندەڵـــی هەیـــە. بۆیـــە زیاتـــر ڕوویەكـــی میدیایی- پڕوپاگەندەییان بە بابەتەكە داوە.

گەندەڵی دیاردەیەكی كۆنی كۆمەڵگاكانی مرۆڤە و جوگرافیایەكی سنووورداری نییە. واتا ناكرێت تەنیا بە بەختی دەوڵەت و ناوچەیەك ســـەیر بكرێـــت. كەم و زۆر لە سەرتاســـەری جیهانـــدا هەیە و ئێســـتا دەردی كوشـــندەی زۆرێـــك لە وڵاتانـــە. ئەمە پشـــتی ئابووریی وڵاتان دەشـــكێنێ و پرۆسەی گەشەسەندنی وڵات تێكدەدات. دواجار، سیستەمی ئیداریی وڵات دەلەوتێنێ و بنەمای ســـەروەریی یاسا پێشێل دەكات و وەك هەڕەشە لەسەر ئەمنی قەومی قوت دەبێتەوە.

بەشـــێوەیەكی گشـــتی دەكرێـــت بـــاس لـــە بوونـــی دوو تێڕوانینـــی خۆرئاوایـــی و ئاســـیایی لەبـــارەی بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی بكرێت. لە دیـــدگای خۆرئاوادا زیاتـــر فاكتەری شـــەفافییەت بەرجەســـتە دەبێـــت و لە مۆدێلی ئاســـیاییدا فاكتەری ترس كە هەمان ســـزادانە، لە پێشەوەیە. شـــەفافییەت زیاتـــر لـــەو دەوڵـــەت و كۆمەڵگایانەدا سەردەگرێت كە بنەماكانی حوكمڕانیـــی دیموكراتییان چەســـپاندووە. جیاوازیی دەسەڵات و دەستاودەستكردنی، كۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا لە سەرگرتنی پرۆســـەی بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی لەسەر بنەمای شـــەفافییەت ڕۆڵی یەكجار گەورەیان هەیە.

لـــە جیهانـــی لە حاڵـــی گەشـــەكردندا، دنیایەكـــی تر هەیە. بنەماكانی دیموكراتی تـــەواو نەچەســـپاون، بەشـــێكی زۆر لـــە دەوڵـــەت و حكومەتـــەكان سروشـــتێكی دەســـەڵاتگەرایان هەیـــە و میدیـــا و كۆمەڵگـــەی مەدەنـــی زۆر بەهێـــز نیـــن. بـــەڵام ئەمانـــەش نەبوونەتـــە ڕێگر لەوەی كـــە لێرەشـــدا دیدگایەكـــی بەهێـــز بـــۆ بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵی دەركەوێت. لەوەشـــدا نموونـــەی ســـەنگافوورە و چین لـــە بەرچاون كـــە دەتوانن بـــۆ ئەزموونی هەرێمی كوردستانیش بەسوود بن.

سەنگافوور لە جەنگی جیهانیی یەكەمدا لەلایـــەن ژاپۆنـــەوە داگیركرا و تا ســـاڵی 1959 بە ژێردەســـتەیی بەریتانیا مایەوە. لە دوای ئەوەش گیـــرۆدەی گەندەڵییەكی فرەلایـــەن بـــوو. دوای شەســـت ســـاڵ، ئێســـتا ئەو وڵاتە لە ڕیزی دەســـتپاكترین دەوڵەتەكانـــی جیهاندایـــە. ئیرادەیەكـــی سیاســـیی بەهێـــز، یاســـای دژە گەندەڵی و دەســـتەی دەســـپاكی و دادگا لەگـــەڵ حكومەتێكی بەهێز، وایان كرد سەنگافوور بەم مەنزڵەی ئێستای بگات.

ساڵی 2012 سەركۆماری چین كەسێكی بەنـــاوی وان چـــی شـــان كردە بەرپرســـی گەورەترین پرۆگرامـــی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی كە بە وتەی خۆی لە سێ قۆناغی گرنگ پێكدێ: یەكەم دروســـتكردنی ترس لە گەندەڵی، دووەم، بەهێزكردنی پرۆسەی جێبەجێكردنی یاساكان و سێیەم، گۆڕینی كولتووری سیاسی.

بێشـــك، دیموكراســـیی خۆرئاوایـــی لـــە كوردســـتان جێبەجـــێ ناكـــرێ و زەمینەیەكـــی واقیعی نییـــە. بۆ نموونە، ســـەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردســـتان پێكهاتەیەكـــی دیموكراتیی تەواویان نییە و كوردســـتانیش ناتوانێت لـــە دۆزەخی نادیموكراتیـــی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســـتدا بەهەشـــتێكی ئارام بێـــت. بۆیـــە بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی و چاكسازی لەســـەر بنەمای شەفافییەت، ئەگـــەر ناموومكینیـــش نەبێـــت، كارێكی ئاسان نابێت.

ڕانـــت، بەرتیلخـــۆری و نیپۆتیـــزم لـــە دیارتریـــن شـــێوازەكانی گەندەڵیـــی نـــاو هەرێمـــی كوردســـتانن. دەشـــێ بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەیـــان ســـوود لە ئەزموونی ســـەنگافوورە یـــان چیـــن وەربگیرێـــت. بـــۆ نموونـــە لەبـــارەی نیپۆتیزمـــەوە كـــە دامەزراندن و ئاسانكاری بۆ خزم و دۆست و ئاشـــناكان دەگرێتـــەوە، یاســـا هەیە كە نابێ تا خزمی پلەی سێی هیچ بەرپرسێك، لە شوێنی كاری ئەو بەرپرسە ئیش بكات.

لـــە هەرێمـــی كوردســـتان بابەتـــی بەرەنگاربوونـــەوەی گەندەڵـــی زیاتـــر لەوەی كە ســـتراتیژێكی نیشـــتمانی بێت، ڕەهەندێكـــی پروپاگەنـــدەی هەڵبـــژاردن و ڕكابەریی سیاســـی هەیە. بەو واتایەی كە حیزبەكان یەكتـــری بە گەندەڵی تۆمەتبار دەكـــەن تـــا دەنـــگ بهێنـــن، یـــان پێگەی جەماوەریی خۆیـــان بەهێزتر بكەن. بەرلە هەمـــوو شـــتێك پێویســـتە ئـــەم ڕەهەندە لاببرێت. خاڵـــی دووەم ئەوەیە كە خودی سیســـتەمی سیاســـی حكومەت و ئەحزاب لە كوردستان سروشتێكی دەسەڵاتگەرایان هەیـــە، بۆیـــە باشـــتر وایـــە مودێلێكـــی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵـــی بەكارببرێت كـــە ئاراســـتەكراو بێـــت. واتـــا هەتـــا ئەو ئەحـــزاب و سیســـتەمە سیاســـییەی كـــە هەیە بەشدار نەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵـــی، زەحمەتـــە هیـــچ پڕۆژەیـــەك لەوبارەیـــەوە ســـەربگرێت. بـــۆ نموونـــە فاكتەری مووچەخۆری- هـــەواداری حیزب، بەربەســـتێكی جیدییە و حیزبەكان ترسی ئەوەیـــان هەیە كـــە لەوانەیە دەســـتبردن بـــۆ ئـــەو بابەتـــە پێگـــەی جەماوەرییـــان كەمبكاتەوە. دەبێ ڕێكارێك هەبێت تا ئەو نیگەرانییانـــە نەهێڵێت. بۆیـــە ئەم بابەتە پێویستی بە ڕێككەوتنێكی نیشتمانی هەیە و دەبـــێ دوور لە بەكارهێنانی میدیایی لە دژی یەكتر، كاری لەسەر بكرێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# تاران بەسەر كورددا دەڕووخێ

چەندە ترەمپ و ئیدارەكەی لە تاران و كۆماری ئیسلامیی توند بكەن، هێندە كـــوردی ڕۆژهەڵات لێویـــان بەخەندەتر دەبێت. هەندێكیان لەئێســـتاوە خۆیان بۆ قۆناغی پۆســـت جمهوریی ئیسلامی سازكردووە، هەندێكیشیان بڕوا ناكەن ئەمجـــارەش شانســـیان هەبێ و دەڵێن "ئەو ترەمپە پێش ئەوەی كارێك لەگەڵ ئێران بـــكات، دەیكوژن"! ئومێدەواریی كوردی ڕۆژهـــەڵات بە ترەمپ چیرۆكی ڕەجەبـــم بیردەهێنێتـــەوە كـــە لەژێـــر دارهەنجیرەكـــە دانیشـــتبوو و هیـــوای بـــەوە بـــوو هەنجیرێك لوتـــف بكات و بەرببێتەوە نێو دەمی.

ڕاستە لەوەتەی دەســـتبەكار بووە، هیـــچ بەیانییەكی ترەمـــپ تێنەپەڕیوە كە لە خەونی ســـنووردانان بۆ كۆماری ئیسلامی هەڵنەســـتابێ و هەندێكیانی نەكردبێتـــە تویـــت، بـــەڵام هـــەرواش ئـــەوە ناكاتـــە ئەوەی كە خۆشـــخەیاڵ بیـــن و بڵێیـــن ئەمریكا بڕیاریـــداوە كۆمـــاری ئیســـلامی دەڕووخێنێـــت. چونكـــە ئەگـــەر ئـــەوە هێندە ئاســـان بووایـــە ســـەرۆكەكانی پێش ترەمـــپ كردبوویان و نەیاندەهێشت شانازییەكە بۆ ئەو بمێنێتـــەوە. بەڵام جیاوازییەك بەڕوونـــی هەســـتی پێدەكرێت، ئەویش ئەوەیـــە كـــە سیاســـەتی ئۆبامـــا لـــە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆرتر لە دەوری زۆر ســـوودمەندبوون و كـــەم زیانـــدان لـــە ئەمریكا دەخولایـــەوە، ئەمـــەش سیاسەتێكی كلاسیكیی دیموكراتەكان بـــووە لـــە ناوچەكەی ئێمـــەدا. ترەمپ بەپێچەوانـــەوە و شـــێلگیرانەتر لـــە ســـەرۆكە كۆماریخوازەكانـــی پێـــش خۆیشـــی دەیەوێـــت بەڕوونی دۆســـت و دوژمنـــی لـــە ناوچەكەدا دیـــار بن و هەموو كەس بزانێ كەوشـــی سعودی و ئیسرائیلی بەلایەوە گرنگترە لە سەری وڵاتە بچكۆلە و لە ئێران ترســـاوەكانی دیكـــەی ناوچەكـــە. كاتێـــك ترەمـــپ دەیگـــوت نەدەبووایـــە نەوتـــی عێـــراق ڕادەســـتی عێراقییـــەكان بكەینـــەوە، دروست ئەوەی دەگوت كە ڕاوێژكارێكی ســـتراتیژیی ئەمریكـــی دوور لە زوومی كامێـــرا و ریكۆردەرەكان بەڕاشـــكاوی ســـەبارەت بە بەرژەوەندیی ئەمریكا لە ناوچەكـــەدا دەیڵێت. یـــان ئەو مانۆڕە ســـەربازییەی لەمڕۆژانـــەدا هەریەكە لە ئەمریـــكا و بەریتانیـــا و ئوســـترالیا و فەرەنسا بەهاوبەشـــی لەنێو ئاوەكانی كەنـــداودا دەیكـــەن و مەبەســـت لێـــی چاوســـووركردنەوەیە لە تاران، خۆ لە ســـەردەمی ئۆبامادا پلانی بۆ دانرابوو، بەڵام ترەمپ بەئەنقەست كەشتییەكی جەنگیـــی زیادەشـــی لەگـــەڵ دەنێرێتە ناوچەكە و بـــە ئێرانیش دەڵێت "یاری بە ئاگر مەكە"!

جا گریمان ئەو فۆكوسەی ئەمڕۆژانە ئەمریكا لەسەر یەمەن دروستیكردووە بـــۆ ڕازیكردنـــی ســـعودیە و لێـــدان لە ئێـــران بێت. هەروەهـــا گریمان ترەمپ سەرشـــێتییەكی كرد و هێرشـــی كردە ســـەر تاران، ئەوكات چی لە ڕەوشـــی كوردی ڕۆژهەڵات دەگۆڕێت؟

ئـــەم پرســـیارەم لـــە هاوڕێیەكـــی ڕۆژهەڵاتیی زۆر ئـــاگادار كرد. وەڵامی دامـــەوە: وەك زەمانـــی شـــا، ئـــەم نیزامەش بەســـەر كـــوردی ڕۆژهەڵاتدا دەڕووخـــێ و هیچـــی دەســـتناكەوێت. قسەكەشی جوان بوو، چونكە وەكچۆن كاتێك شا ڕووخا، حیـــزب و خەڵكی ڕۆژهـــەڵات ئامادە نەبـــوون هەلەكـــە بقۆزنـــەوە، ئاواش ئێســـتا لـــە هەموو كاتێك نائامادەترن بۆ قۆناخی پۆست كۆمـــاری ئیســـلامی. دەزانـــم هـــاوڕێ ڕۆژهەڵاتییەكانم بەم قسەیەم نیگەران دەبن و خەندە لەسەر لێویان دەتۆرێ، بەڵام خۆ دەمێكە گوتوویانە: دۆســـت ئەوەیە دەتگرییێنێ.

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دارین عاشقی بەڕێوەبەرەکەیەتی

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

Good food
abc
Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت
رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی
ئێستا کراوەیە

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality | SHISHA LOUNGE | MIDDLE EAST RESTAURANT | Diner FAST FOOD | Pancakes & WAFFLES | STEAK HOUSE | Soup & BREADS ALWAYS GOOD | The Best CHINESE FOOD | FARM FRESH Salad bar | SUSHI BAR | AUTHENTIC ITALIAN CUISINE | The BAKERY



